# زمان/بوون/شیعر

عەبدولموتەڵلیب عەبدوڵڵا

# زمان/بوون/شیعر

## لێکۆڵینەوە

(خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندیی شیعری هاشم سەراج)

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر 2010

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

● **زمان/بوون/شیعر**

● بابەت: لێکۆڵینەوە

● نووسینی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

نەخشەسازی ناوەوە: ن تەها حسین

● پیتچنین:

● بەرگ:

● ژمارەی سپاردن: (     )

● نرخ: (  ) دینار

● چاپی یەکەم : 2010

● تیراژ: دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی ( دهۆك)

زنجیرەی کتێب (537)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## ناوەرۆك

پێشەکی.......................................................................11
لەبری دەروازە.........................................................17
بەندی یەکەم...............................................................38

سةرةتا.......................................................................40

بةشى يةكةم.......................................................................44

ئةزموونى شيعرى.......................................................................44

باسى يةكةم: قؤناغى دروستبوون.......................................46

باسى دووةم: قؤناغى دةركةوتن.......................................54

باسى سيَيةم: ئةزموون وةك تاوطيرييةكانى ناوةوة.....................64

بةشى دووةم.......................................................................72

باسى يةكةم: (ئةزموون) ء (دلَةرِاوكيَ) لة نيَوان ضةمكى جريوةء رةشبردنةوةدا.......................................................................72

باسى دووةم: فةزاى شيعرى لة نيَوان خةيالأء ثيَشبينيكردن..........82

باسى سيَيةم: فةزاى شيعرى لة نيَوان يارى زمانةوانى ء مةستكردنى وشة.......................................................................90

(بةندى دووةم).......................................................................96

بةشى يةكةم.......................................................................98

ثراكتيزةكردنى دواليزميةتى جيَطيربوون و جيَطيرنةبوون..........98

باسى يةكةم: شيعرييةتى دةستثيَك.......................................110

باسى دووةم: درةوشانةوةى دةستثيَك لة جةستةى دةقدا..............116

تةوةرةى يةكةم: رةنطدانةوةى دةستثيَك لةسةر ئاستى دةلالةت..117

تةوةرةى دووةم: رةنطدانةوةى دةستثيَك لةسةر ئاستى ئيقاع......124

دةرئةنجام.......................................................................130

سةرضاوة و ثةراويَزةكان.......................................................................134

**ئەی ئاگرینترین خەفەت**

**خەریکە کات بەسەر دەچێ و منی هەمیشە ئاوێنەش**

**دەستێکم لە لوتکەی سێو و**

**پلم نوقمی شیلەی بەهێ**

"هاشم سەڕاج"

**پێشکەشە بە:**

رۆحی شیعر

کەس بیر لە گوڵەکان ناکاتەوە

کەس بیر لە ماسییەکان ناکاتەوە

کەس نایەوێ

بڕوا بکا باخچە خەریکە ئەمرێ

**

**فروغ فەروخزاد**

**و: مەریوان هەڵەبجەیی**

# پێشەکی

بەکورتی قسەکردن لە نەوەی هەشتاکانی شیعری کوردی قسەکردنە لەو شێوە نووسینەی شیعر، کە دەکەوێتە دەرەوەی روانگەوە، لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە کە ئەو شێوە نووسینە بخەمە دووتوێی چوارچێوەو ناونانەوە وەك لەمەوپێش هەندێ لێرەو لەوێ پێی هەڵساون، وەك چۆن ئەوەش نییە قسە لە روانگە کردن کاڵ بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێت بیرکردنەوەو دنیابینیەکی دیکەی نێو شیعری کوردی دەستنیشان بکەم، کە نەك هەر نەدەگەڕایەوە ئەو رەمزو مەیلە شێوە سیاسی و ماناگەرییەی پەیڕەوانی روانگەی بەخۆوە خەریك کردبوو، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەی ئەوانەوە خەریکی جۆرێکی دیکە لە هونەر نواندن بوون کە جوانگووتنی لێدەتکا، جۆرێکی دیکە لە هونەر نواندن کە لەسەر چێژی شیعری و نیگای جیاواز وەستابوو. بێگومان لەپشت مەیلی روانگەوە هەر شاعیری کاراو شیعری بەرکار ئامادە نەبوو، بەڵکو ئەو مەیلە ماناگەرییە خوێنەر بەرکارو خوێندنەوەی بەرکاریشی دروست کردبوو، بەڵام لەپشت ئەو شەپۆلە شیعرییەی دوای ئەوان میتۆدی زمانەوانی و بونیادگەری و دوای بونیادگەری دواتر هیرمینۆتیك بە ئاشکرا دەبینرا، هەر لەوێشەوە پێناسەیەکی دیکەیان بۆ شیعر و شاعیرو خوێنەرو خوێندنەوە هێنایە ناوەوەو ئاستی هوشیاری خوێنەریان لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بە هەند هەڵگرت، بەو مانایەش خوێنەر نەك هەر تەنها دەبێتە پردێك بۆ گەیشتن و گەیاندنی داهێنان، بەڵکو دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی داهێنان، بەو مانایەش بەبێ خوێنەرو خوێندنەوەی کارا داهێنان بوونی نییە.

لێرە لەو کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە جەخت لەو جۆرە لێکدانەوەیە بکرێتەوە، بەدیوەکەی دیکە ئەو کتێبە پێکهاتووە لە دەروازەیەك کە بە ئاراستەی پەیوەندی (زمان) و (ئەزموون) و (من/خود)دا دەڕوات لەوێشەوە لە لایەك خودگەرایی

وەك ئیشكالیەتێك بۆ شیعر دەخاتە روو، لە لایەكی دیكە گوتوومە شیعر لادانێكی كراوەو ئالۆزە.. هەر لەوێشەوە قسە لە دوو ئیشكالییەتی سەرەكی دەكەم ئیشكالیەتی فۆرمو ناوەڕۆك و ئیشكالییەتی زمانو رووتكردنەوەی زمان، ئیشكالییەتی یەكەم لە دەمەتەقێیەكی عادیلانەی فۆرمو ناوەڕۆك بە كۆتا دەگات، بەڵام ئیشكالییەتی دووەم لە رستەیەكی (مالارمێ)وە درێژ دەكەمەوە كە دەڵێت: زمان قسان دەكات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی كە زمان دێتەگۆ نەك من.

لە دوای ئەوە ئەو كتێبە كراوەتە دوو بەندی سەرەكی، بەندی یەكەم لەژێر ناونیشانی ئەزموونو تایبەتمەندی شیعری هاشم سەڕاج دایەو لەوێ لەسەرەتادا تێڕوانینی خۆم لەبارەی شیعرو شاعیر خستۆتە روو، ئینجا ئەو بەندە كراوەتە دوو بەش، بەشی یەكەم باسی ئەزموونی شیعریم كردووە، دواتر ئەو بەشە كراوە بە سێ باس، لە باسی یەكەمدا قسەم لە قۆناغی دروستبوونی شیعری شاعیر كردووەو قۆناغی (دروستبوون) ساڵی (1975–1995) دەگرێتەوە، لە دیاریترین قەسیدەكانی ئەو قۆناغە (دوكەڵ، گۆڕستانی ئەپیكۆرس، مۆنادە جوانەكان، تاوسی سپی)یە. لە باسی دووەمدا كە لەژێر ناونیشانی قۆناغی دەركەوتنە لەوێ لە قۆناغی دەركەوتنی شیعری (هاشم سەڕاج) دەدوێم و بە لای من ئەو قۆناغە لە قەسیدەی (ورچ)ەوە دەست پێدەكات و قەسیدەی (ورچ) شێوەیەكی ئاوێتەئامێزی لەخۆدا هەڵگرتووەو ئەو قۆناغە درێژ دەبێتەوە تا بە كۆمەڵەی (لالە بەدەستان) دەگات، لەرێگەی دوو هێلكارییەوە ئەو قۆناغەم زێتر روونكردۆتەوە، لە باسی سێیەم ئەزموونی شاعیرم لەرێگەی تاوگیرییەكانی ناوەوە لێكداوەتەوەو (هاشم سەڕاج)م وەك شاعیرێكی بیركەرەوەو تاوگیرو هەستیارو خەیاڵئامێز وەسفكردووەو لێرەدا دەڵێم شاعیر لەرێگەی ناهاوسەنگیو ململانێی دەرەوەو ناوەوە، ناوەوەو ناوەوە دەبێتە هەڵگری سرووشتێكی تاوگیرو نامۆ، ئەو سرووشتەشم بەشێوەیەكی چڕوپڕ خسۆتە نێوان (توندی)و (نەرمی) لە تەعبیركردندا، خودی ئەو توندیو نەرمییەشم بە حاڵەتە هەستییەكانەوە بەند كردووە، نەك بە ناوەڕۆكی گەیاندنەوە،

بۆیە لەنێوان (توندی)و (نەرمی) حاڵەتی شیعرییدا ماناکان وەك پێویست تێر نابن، تێر نەبوونی ماناکانیشم بە کرانەوەی فەزای ماناوە بەستۆتەوە کە لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخدا ئەویش دەگۆڕێت.

بەشی دووەم پێکهاتووە لە سێ باس، لە باسی یەکەم کە دەکەوێتە ژێر ناونیشانی ئەزموون و دڵەڕاوکێ، لەوێ هەوڵمداوە (قۆناغی دەرکەوتن) لەرووی دابەزینی ستوونیو دابەزینی ئاسۆییەوە بە ماناکانی وشەی (رەشبردنەوە)و (جریوە) بلکێنم، هەروەها جریوەم بە زیندەگیو رەشبردنەوەم بە گێڕانەوە پەیوەست کردووەو بنەمای ماناکانی رەشبردنەوەشم بۆ دەیەی دووەمی (قۆناغی دروستبوون) قۆناغی یەکەمی شاعیر گەڕاندۆتەوەو بە زمانی تەمومژئامێزم بەند کردووە، کە بە ئاگایی هەستیو نەستیو رۆشنبیریی شاعیرەوە بەندە. لەوێ گوتوومە بۆ ئەوەی بە چەمکی جریوە بگەین دەبێت ئاگایی لە هەموو واقیعێك ئازاد بکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی دەست بۆ چەمکی رەشبردنەوە بەرین دەبێت بە شێوەیەکی بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ مێژووی مانا داپۆشراوەکانو زمانە دژەکانو حەقیقەتە زەمەنییەکان بکەین.

باسی دووەم فەزای شیعری لە نێوان خەیاڵو پێشبینیکردن لەوێدا دەڵێم لە نێوان خەیاڵ (وەك یادەوەریو نووسینەوەی جیاوازی) و پێشبینیکردن (وەك ئاگاییو درککردنی مانا) دەشێ فەزای شیعری گەمەی گونجانو نەگونجانی دەلالەتەکان بێت، یان ئەو ئازادییە بێت کە (شاعیر/وەرگر) لەرێگەی مامەڵەکردن لە نێوان ماناو گوماندا نەخشی دەکەن. هەوڵمداوە دووبارە ئەوە بەبیر خوێنەر بهێنمەوە کە فەزای شیعری لای (هاشم سەڕاج) فەزایەکی سیحرئامێزە، ئەگەر بەشێك لە نواندنەکانی ئەو فەزایە لەرێگەی رەگەزەکانی تاوگێرییەوە بە (فرۆید)و چەپاندنو غەریزەی سێکسییەوە بەندمان بکات، یان لەرێگەی (یۆنگ)ەوە بە نەستی کۆو پارادیمی ترانسندنتالییەوە بلکێت، ئەوە بەشێکی لەرێگەی رەگەزەکانی ئەزموونەوە بە هەستو نەستی ئایینیو عەقڵی باتینییەوە پەیوەستمان دەکاتەوە. باسی سێیەم کە بەناوی فەزای شیعری لە نێوان یاری زمانەوانیو مەستکردنی وشەیە دەڵێم: جیاوازی نێوان یاری زمانەوانیو

مەستکردنی وشە ئەوەیە کە ئەگەر یەکەمیان بە جۆرێك لە جۆرەکان بڕوای بە وجود هەبێت، ئەوە دووەمیان جگە لەو سووکە هاوارە زێتر وجود نابینێ. یەکەمیان بەرامبەر چەپاندن، پەرچەکردارو نکۆڵیکردن دەنوێنێ. دووەمیان خۆکوژییە (لێرە خۆکوژی (من/خود) لە پیادەکردنی چێژ بەرجەستە دەبێت). یەکەمیان لە بەرامبەر مانای بێ جولەو لەکارخراوەکانی سیستەمو دەسەڵاتی ڕەها هەست بە بێزاریو دڵتەنگی دەکات، چونکە درککردنو هەستی ئەو لەگەڵ ئەو نۆرمو ڕەهاییە یەك ناگرێتەوە، بۆیە بەردەوام لە دەرەوەی ماناکان لەگەڵ یارییەکانی خۆی درێژە بە خزینی ماناو نێودژی چەپێنراوەکانو سەیرورەتی بێ مانایی دەدات، بەڵام دووەمیان لەسەر نێودژی دەروونیو جوانی ڕاست دەبێتەوە، هەر لە میانی نێودژییەوە بە نەشوە دەگات، یەکەمیان ئەو هاوار/ئیقاعە زاڵەیە کە (من/خود) بە دژی نکۆڵیکردنی چەپان بەرزی دەکاتەوە، دووەمیان ئەو هەڵوەشانەوەیە یان ڕووتکردنەوەیە کە (من/خود) بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی سێکسی پێی هەڵدەسێت.

بەڵام بەندی دووەم، تایبەتە بە پراکتیزەکردنی بەندی یەکەم بەسەر شیعری شاعیرو لە یەك بەش و دەرئەنجام و سەرچاوەو پەراوێزەکان پێکهاتووە، ئەو بەشە،کە بەناونیشانی پراکتیزەکردنی دوالیزمیەتی جێگیربوون و جێگیرنەبوونە لەوێ هەوڵمداوە (قۆناغی دەرکەوتن) لەرێگەی خەیاڵ و پێشبینیکردن دووبارە بە بیر خوێنەر بهێنمەوەو دواتر لە دوو باسدا لەسەر قەسیدەی "یەشمەکانی چۆمسکی" جێبەجێکردووە. لە باسی یەکەم قسەم لە شیعرییەتی دەستپێك لە قەسیدەی "یەشمەکانی چۆمسکی" کردووە، پاشان لە باسی دووەمدا لەسەر هەردوو بنەمای دەستەواژەو دەلالەتەکانی و خێرایی ئیقاعی تاوگیر لە جەستەی دەقدا قسەم کردووە، لەقسەکردن لە دەستەواژەی دەستپێك ئاماژەم بە بەهای ڕەوانبێژی داوە، بەڵام لە قسەکردن لەبارەی خێرایی ئیقاع و تاوگیری ئیقاعەوە خەیاڵ و پێشبینیکردن و دڵەڕاوکێی (من/خود)ی شاعیری خستۆتە ڕوو ئەویش لەرێگەی دوو تەوەرە کە لە یەکەمیان قسەم لە ڕەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر

ئاستی دەلالەت لە جەستەی دەقدا  کردووە و لە دووەم بە رەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر ئاستی ئیقاع کۆتاییم بەوباسە هێناوە.

لە دەرئەنجامیشدا دەڵێم لەو لێکۆڵینەوەیەدا ویستوومە پرۆسەی نووسین لە پرۆسەی خوێندنەوە نزیك بکەمەوە بەوەی کە هەردووکیان کردەی دووەم بە ئەنجام دەگەیەنن، لەوێشەوە دنیای خوێنەرو دنیای نووسەرم لەرێگەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە بەرز کردۆتەوە، بەو مانایەش دەڵێم چەمکی نێودژیم لە گونجان‌و نەگونجانی رەگەزەکانی ئەزموونی شیعری‌و دڵەڕاوکێی شیعری وەك یەکەیەکی جێبەجێ نەکراوی نێو واقیع بەرجەستەیە. ئینجا لیستی کۆی سەرچاوەو پەراوێزەکانم بەشێوەیەك لە شێوەکان رێکخستووە کە بشێ خوێنەر بە ئاسانی بۆیان بگەڕێتەوە.

**عەبدولموتەڵیب**

**عەبدوڵڵا**

**هەولێر** 11 / 12 **ئۆکتۆبەری** 2008

له کێڵگه گوڵ به چاوی بەخێرهاتن سەیرتدەکا

له گوڵدان

به چاوی خواحافیزی

*   *

**"ئەدۆنیس"**

# لەبری دەروازە

## زمان/ بوون/ شیعر

## هەڵوەشانەوەی دوالیزمیەتی خودو ئەزموون

دەشێ تێگەیشتنی ئەو وتارە راستەوخۆ پەیوەندی بە سێ کوچکەی ناونیشانی سەرەکییەوە هەبێت، یان بە مانایەکی دیکە (**زمان/بوون/شیعر**) لەو رستەیەوە خۆی دەگوازێتەوە کە پێمان دەڵێت: سەرەتا وشە هەبوو. لە لایەکی دیکە حەز دەکەم وەك ناونیشان و وەك قسەکردن لەسەر بوون ئاماژە بە لێکنزیکبوونەوەی ئەو وتارەی بەردەستتان و وتارێکی (نەسر حامد ئەبوزێد) بکەم، کە لە گۆڤاری (الکرمل، ژمارە 26ی ساڵی 1999) بە ناوی (اللغە/الوجود/القرأن) بڵاوی کردۆتەوە، ئەگەرچی (ئەبوزێد) ئاماژەی بە رستەی، سەرەتا وشە هەبوو نەداوە، بەڵام بە بڕوای من لەو دراسەیە، کە قسەکردنە لە بارەی فیکری سۆفییەوە، ئەو رستەیە وەك باگکراوەند نەخش کراوە، یان بە مانایەکی دیکە ناراستەوخۆ هەوڵی وەدەستهێنانی رستەی ناوبراو دەدات، لە پشت ئەو تێگەیشتنەی (ئەبوزێد) فیکری (هایدگەر) وەستاوە بەوەی کە جیهان لە میانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، لە بەر ئەوەیش کە زمان بواری تێگەیشتن و تەفسیرە، کەواتە جیهان لە میانی پرۆسەگەلی

بەردەوامی تێگەیشتن و تەفسیرەوە خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ لە زمان تێدەگات، بەڵکو مرۆڤ لە میانی زمانەوە تێدەگات، زمان ناوەندکاری بەینی جیهان و مرۆڤ نییە، زمان دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی جیهانە پاش شاردنەوەی، زمان دەرکەوتنێکی وجودییانەی جیهانە.[1] لەسەر ئەو بنەمایەش پێیوایە زمان پەیوەندی بە وجودەوە هەیە، لەرێگەی ئەو بەدواداچوونەشەوە دێ لای (ئیبن عەرەبی) هاوسەنگییەك لە نێوان پیت و هەبووەکان دادەمەزرێنێت، تا دەگاتە ئەوەی کە پیت لەگەڵ بوون دێتەوە، بەمجۆرەش (بوون) لەگەڵ قورئان هاوسەنگ دەکات. لای ئەبوزێد ئەو هاوسەنگییە لەسەر ئەو بنەڕەتە درووست بووە کە بوون بە هەموو پایەو ئاستە جیاوازەکانییەوە لەرێگەی زمانەوە لە قورئان دەردەکەوێت، بە مانایەکی دیکە لەرێگەی ئەو وتارەوە دەیەوێت تەئویلێکی وجودیانە بۆ ئایەتەکانی قورئان و پیتەکانی دامەزرێنێت...

هەڵبەتە وتارەکەی ئەبو زێد بە ئاراستەیەکی تەئویلیدا دەڕوات، لەوێشەوە دەیەوێت بڵێت قورئان بوونێکی کۆکراوەی بچووکە، بەڵام ئەو وتارەی ژێر دەستتان بە ئاراستەی پەیوەندی (زمان) و (ئەزموون) و (من/خود)دا دەڕوات لەوێشەوە لە لایەك خودگەرایی وەك ئیشکالیەتێك بۆ شیعر دەخاتە روو، لە لایەکی دیکە لەرێگەی جولەی خەیاڵ و جوانی و پێشبینکردنی شاعیرانەوە لە ئەزموونی ئامادە دووری دەخاتەوە، دەمەوێت بڵێم شیعر لادانێکی کراوەو ئاڵۆزە.. کەواتە پێناسەمان بۆ شیعر دەکەوێتە کوێوە؟

زۆر لە شاعیران بە دوای پێناسەکردنی شیعردا دەڕۆن، ئەو کاتەی کە پێیانوایە هیچ پێناسەیەك دەروەستی شیعر نایەت، ئیتر دەڵێن: شیعر ژیانە. تێگەیشتنی ئەو دەستەواژەیە لەوێوە دێت کە شیعر جموجولی ژیانی هەڵگرتووە، بە مانایەکی دیکە شیعر زیندووە لەگەڵ ژیان دەجولێ و هەناسە دەداو گەشە دەکات، وەك چۆن بە

[1]– نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء- المغرب، بيروت- ل 25 .

دیوەکەی دیکەش گوزارشت لە شاراوەکانی ژیان و رێکەوتی ژیان دەکاتو دەمانخاتە نێو تانوپۆکانی ژیانەوە. بەو مانایەش ئەگەر ژیان لە دوالیزمییەتی دیارو نادیار، جەستەو دەروون، دەرەکیو ناوەکی... بەرجەستە بێت، ئەوە شیعریش هەر تەنها ئەوە نییە کە دەجولێو هەناسە دەداو گەشە دەکات، بەڵکو کۆی وسبەلێکراوو ئاماژەو رەمزەکانو نهێنییەکانی ژیانیش لەخۆ دەگرێت، کۆی ئەوانەش بە شێوازی جیاواز لەرێگەی کردەی نوسینەوە بەرجەستە بێت. بەڵام ئەگەر رووی یەکەمیان لەرێگەی بابەتە تایبەتو دیارەکەیەوە بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە بەمانابوونی ژیان بکات و لەسەر ئەو بنەمایە حەقیقەتی ژیان و ژانوژوارەکانی بنوێنێو تێگەیشتنمان بۆ ژیان ئاسان بکاتەوە، ئەوە رووی دووەمی لەرێگەی دەروون یان خودی شاعیرەوە ناراستەوخۆ بە رێکەوتی ژیانەوە دەلکێت، هەر لەوێشەوە نەخش و بە مانابوونی خودو دەروون دەکێشێت و وەك چۆن لە هەمان کاتیشدا دەکەوێتە دەرەوەی ئەزموونی خودەوە.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەگەر رووی یەکەمی بە مانابوونی ژیان گوزارشت لە حەقیقەتێکی دیاریکراو بکات، ئەوە رووی دووەمی بە مانابوونی ژیان بەو دیوو حەقیقەتی ناوبراوەوە بەندە، نەك بەو مانایەی کە حەقیقەتی ناوبراو رەت بکەینەوە بەڵکو بەو مانایەی کە لەرێگەی وسبەلێکراوو نەبینراوەکانی ژیانەوە دەشێ کەشفی چەندان رووی دیکەو حەقیقەت و چەندان نهێنی دیکەی ژیان بکەین.

بە گشتی قسە کردن لەو دوالیزمییەتانە چ لە رووی ئەدەبییەوە، چ لە بوارەکانی دیکەوە قسە کردنە لە پەیوەندییەکی دوورودرێژی رووبەروونەوە، رووبەرووبوونەوەیەك کە لە دنیابینی دوالیزمیانەی نێوان مرۆڤ و سرووشت، عەقڵ و ماددە... لە دایك بووە، بە مانایەکی دیکە هەر لە رەوانبێژی (ئەرستۆ)وە بگرە تا دەگاتە (مەسیح)، هەر لە (ئەفلاتوون)ەوە بگرە تا دەگاتە (باسکال)و...[1] تەماشاکردنی ئەو دوالیزمە

[1]- بۆ نموونە (ئەفلاتوون) دەنگ وەك وێنەیەكی بنەڕەتی و بەرایی سەیر دەكات، ئەو سەیركردنە لەوێوەیە كە مەبەست و بیركردنەوەی قسەكەر بە شێوەیەكی ئامادە لە كاتی ئاخافتندا دەگەیەنێت.

سەرەڕای گۆڕینی زاراوەکان بەڵام درێژەی هەیە... بۆ نموونە لای (سوسێر) ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بۆ (زمان/گووتن) تەرجەمە دەکرێت، پاشان دەکەوێتە نێو (پێوانەو لادان)ەوە، هەروەها لای سۆفیگەرەکان دەکەوێتە دووتوێی (دیارو نادیار) لەسەر هەردوو ئاستی (تێگەیشتن و ڕاقە کردن)ەوە ڕاست دەبێتەوەو لەوێشەوە بە زاراوەی (ئاماژەو دەستەواژە)وە دەلکێت، هەڵبەتە ئاماژە سەر بە ئیحایەو دیاری ناکرێت، هەمیشە مانا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام دەستەواژە مانا دیاری دەکات و هەر لەو ڕێگەیەشەوە دایدەخات[1] .

دواجار ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان پێوانەو لادان لە دیدێکی ئەخلاقییەوە خۆی دەدۆزێتەوە ئەو دیدە ئەخلاقییە وەك (ڕۆلان بارت) دەڵێت: سەر بە شوکرانە کردنی زمانە، چونکە زمان ناوەڕۆکێکی بیرکارییانەی هەیەو زۆرترین بەکارهێنەر بۆخۆی فەراهەم دەکات.[2]

دەشێ لە نێوان دیدی دیاردەگەرییانەو دیدی ئەخلاقیانەوە بکەوێنە نێو دوو ئیشکالییەتی سەرەکییەوە، ئیشکالیەتی یەکەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شەڕی فۆرمو ناوەڕۆکەوەیە، ئیشکالییەتی دووەم لە زمانو ڕووتکردنەوەی زمانەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەگەر ئیشکالییەتی یەکەم لە دەمەتەقێیەکی عادیلانەی فۆرمو

---

هەروەها (ڕۆسۆ) نووسین بە پاشبەندی ئاخافتن دادەنێت، یەکەمیان پێیوایە نووسین دەرچوونە لە سیستەمی دایکایەتی و دووەمیان بە دەرچوون لە سیستەمی باوکایەتی حیسابی دەکات، بەڵام (دریدا) نووسین بە کردارێك دادەنێت کە بە دژی دەنگ دەکەوێتەوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو نائامادەیی دەنگیشی لەخۆدا هەڵگرتووە..

[1] ابوزيد، نصر، اللغة/الوجود/القرآن: دراسة في الفكر الصوفي، مجلة الكرمل، عدد، 62، لسنة، 1999، ل 156-157

[2] رولان بارت، هسهسة اللغة، ترجمة، منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري- حلب، ط 1 1999، ص 176-177 .

ناوەڕۆك بە کۆتا بگات و لە شێوازدا کورت بکرێتەوە، بەو مانایەی کە هەموو مرۆڤێك شێوازی تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێت، ئەوە ئیشکالییەتی دووەم لە رستەیەکی (مالارمێ)وە درێژ دەکەینەوە کە دەڵێت: زمان قسان دەکات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەك من. لەو رستەیەی (مالارمێ)وە تەواو لە ئیشکالییەتی یەکەم جیا دەبینەوە، دواجار قسەکردن لە ئیشکالییەتی دووەم بەرەو قسەکردن لە تێگەیشتنی (زمان و من)، (زمان و ئەزموون)مان دەکاتەوە. بەمجۆرە ئایا دەشێ لەرێگەی گوتەزای سەرەتا وشە هەبوو، یان بە مانایەکی دیکە لەرێگەی زمانەوە دنیا ناس بکەین؟ پاشان زمان چییە؟

لای (هایدگەر) زمان گوزارشت لەو (ماناگەرییە) دەکات کە بە کردەوە دەکەوێتە نێو شتەکانەوە، مرۆڤ زمان بەکار ناهێنێت بەڵکو ئەوە زمانە لە میانی مرۆڤەوە قسە دەکات.[1] (ئیبن عەرەبی) پێیوایە زمان هەر لەسەرەتاوە ناو بووە، ناو پێکهاتەی بوونی زمانی لەخۆدا هەڵگرتووە، زمان لەرێگەی ناوەوە لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە، ناو نیشانەی ناونراوە، و لە رێگەی دەست بۆ بردنی مانای ناونراوەوە بە وجودی ناونراو دەگەین، بەڵام ناو هەر تەنها دەلالەت لە ناونراو ناکات، بەڵکو دەلالەت لەو سیفەتە تایبەتەش دەکات کە ناونراو لەخۆیدا هەڵیگرتووە.[2] بەو مانایەش ئەو سیفەتەی کە بوونی پێ وەسف

---

[1]– نصر حامد ابوزید، اشكاليات القراءة و اليات التأويل .

[2]– بۆ نموونە (شەو) دەستەواژەیەکە دەلالەت لە ناوی خودی شەو دەکات، واتە ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان ونبوونی خۆر تا دەرکەوتنی، بەڵام (ئیبن عەرەبی) ئەو ناوە لە خودی شەو دەکاتەوە دەیکاتە ناو بۆ سیفەتی شەو، بەمجۆرە ئیبن عەرەبی ناوی خود دەگۆڕێت بۆ سیفەتی تایبەتی ئەو خودە، بەو مانایەش شەو ئەگەرچی دەلالەت لە کاتێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام ئیبن عەرەبی وەك سیفەتی نادیاری و نهێنی بەکاری دێنێت، ئەو گۆڕانکارییە لە ناو لە دەلالەتی خودەوە بۆ دەلالەت لە حەقیقەتێك کە ناونراو پێی هەڵدەسێت ناچێتە نێو دنیای رەمزو ئاماژەوە وەك توێژەرانی ئیبن عەرەبی تێیگەیشتوون، چونکە ئیبن عەرەبی دنیای رەمز نابینێت، بەڵکو دنیای وەسف دەبینێت، بەو مانایەش ناو دەلالەت لە

دەکرێت خودی بوون (یان ناو) نییە، بەڵکو ئەو سیفەتە زیاد کراوەیە کە خراوەتە سەر (ناو-بوون) کەواتە لە بری ئەوەی تاك بە تەنها بمێنێتەوەو دەلالەت لە تاکە خودێك بکات بە پێی ژمارەی حەقیقەتەکانی یان سیفەتەکانی بەرفرەوان و لە نێو کۆمەڵێك خودی جۆراوجۆر راست دەبێتەوە.[1] هەر لەوێشەوە زمان وەك فەزایەکی کراوە بۆ قسەکردن لە دنیادا خۆی دەکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێم نووسین هێزی کرانەوەی زمانە بە سەر ماناکانی ناوەوەو دەرەوەی دنیادا، لە بەر ئەوەی زمان بوونە، کەواتە نووسین کرانەوەی بوونە بە سەر ماناکانی ناوەوەو دەرەوەی دنیادا.

تەرجەمەکردنی ژیان وەك بوون بۆ زمان وەك بوون و لەوێشەوە هەڵنانی شیعر گوزارشت لە گوازتنەوەیەکی خەیاڵی و مەعریفی قووڵ دەکات، بێگومان مێژووی فیکر مرۆڤایەتیش مێژووی گواستنەوەکانە، هەموو گواستنەوەیەکیش ئاسۆیەکی دیکەی نوێ دەخاتەوە، کەواتە گواستنەوە لە حەقیقەتی ژیان وەك بوون، بۆ زمان وەك بوون هەر تەنها لە دەستەواژەی ژیان و زماندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو راستەوخۆ دەکەوێتە سەر راڤەکردنەکان و لەوێشەوە بە سیفەتەکانەوە پەیوەست دەبێت، بەو مانایەش ژیان ناتوانێت لە دەرەوەی لادان و سیفەتەکان و بۆزیادکراوەکانەوە بڵێت هەم، چونکە لە دەرەوەی بۆزیادکراوەکان هیچ شتێك نییە پارێزگاری لێ بکات. هەروەك زمان ناتوانێت بە ئازادی واز لە سیفەتەکان و بۆزیادکراوەکان بهێنێت، چونکە جولەو زیندوویێتی زمان بە لادان و بۆزیادکراوەکانەوە بەندە، لەسەر ئەو بنەمایە ئیبن عەرەبی (بوون) تەرجەمەی وشە دەکات و دەڵێت: بوون لە پیت پێکهاتووەو پیتەکانیش حەقیقەتگەلی

---

ناونراو ناکات بەڵکو دەلالەت لەو سیفەتە تایبەتییە دەکات کە ناونراو هەیەتی، دەشێ ئەو سیفەتە پایە بێت، یان پەیوەندی......بڕوانە: الحکیم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت-الحمراء، ط 1، 1991، ل 74 .

– الحکیم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، ل 75 .

[1]– الحکیم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، ل 75 .

تاکین، هەر لەوێشەوە وشەکان، شیعر لە ئاستی نادیاری خەیاڵی بەرەو ئاستی ئامادەگی مەعریفی دەگوازنەوەو ئێمەش لەرێگەی تەقاندنەوەی زمانەوە بە لادانەکانی زمان و وجودی ناونراو دەگەین.[1]

بەو مانایە لەرێگەی جولەی (شیعر)ەوە بەردەوام هاوسەنگی (بوون) دەپارێزین، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بوون بە پایەو ئاستە جیاوازەکانیەوە لە زمان و زمانیش لە شیعردا هەڵگرینەوە، کەواتە شیعر تەقینەوەی زمانە لەرێگەی لادان و بۆزیادکراوەکانی زمانەوە بەرجەستە دەبێت.

لێرەدا دەشێ پرسیار ئەوە بێت ئایا شیعر لە نێوان ئەزموونکردنی ژیان و ئەزموونکردنی زمان چۆن خۆی دەدۆزێتەوە؟

## شیعر لە نێوان ئەزموون و زمان

شیعر گەمەکردن نییە بە زمان، بەڵکو گەمەکردنە لەگەڵ زمان، جیاوازی نێوان لۆژیکی گەمەکردن بە زمان و گەمەکردن لەگەڵ زمان ئەوەیە: یەکەمیان زمان هەر تەنها وەك وەسیلەیەك بۆ گەمەکردن بەکار دێنێت، بەڵام دووەم زمان ئەزموون دەکات، ئەزموونی زمان دروستکردنی پەیوەندی نوێیە لەنێوان وشەو وشە، وشەو بۆزیادکراوو لادانەکان لەو پنتەوە گفتوگۆی زمان و نووسەر کۆی ئەو گەمەکردنە لەخۆ دەگرێت کە

---

[1] 1- ئاستی نادیاری خەیاڵی لە سەر داهێنان راست دەبێتەوە بەو مانایەی کە بەشێك لە داهێنان راستەوخۆ بە خەیاڵەوە دەلکێت، بە دیوەکەی دیکەش بەشێکی لە رێگەی هەڵکۆڵینی زمانەوە دێتە بەرهەم، یەکەمیان بە داهێنراوێکەوە بەندە کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، دووەمیان لەوێوە دێت کە مانای نوێ بە زاراوەی کۆن دەبەخشرێت، یان مانای تایبەت بە زاراوەی گشتی .. بەڵام تەقینەوەی زمان لای ئەدۆنیس واتە دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو وشە وشەو شتەکان، هەروەها وشەو خوێنەر. تەقینەوەی زمان واتە نەخشەکێشان لەلایەك و دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەلایەکی دیکەوە..

دواجار دەق بە هەموو رەهەندەکانی دەهێنێتە بەرهەم. بە مانایەکی دیکە لەرێگەی گفتوگۆوە زمان و نووسەر چێژ لە یەکتر وەردەگرن و سوود بە یەکتر دەگەیەنن و یەکتر تەواو دەکەن، لەوێشەوە بەخششەکانی (بوون) بە شێوەیەکی دیکە لەرێگەی بۆ زیادکراوەکان و گواستنەوە تایبەتیەکان خۆی دادەمەزرێنێتەوە. کەواتە دەتوانین بە گشتی بڵێین ئەوەی سیاسەتی (بەکارهێنان)و (یاریکردن لەگەڵ زمان) تێکەڵ بە یەکتر دەکات کەمخوێنی رۆشنبیرییەو گوزارشت لەو ئاگاییە درۆیینە دەکات کە پێیوایە تازەگەری شیعری جگە لە بەکارهێنانی تێکدەرانەی زمان شتێکی دیکە نییە.

بەمجۆرە ئەگەر زمان هەڵگری بوون بێت، ئەوە لەلایەك رێگە بۆ گەیشتن و کردەی تێگەیشتن ئاسان دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە گوزارشت لە کۆی ئەو تەقینەوەو لادانانەش دەکات کە لەرێگەی یاریکردن لەگەڵ زمان دێتە نێو زمانەوە، رەنگە لەو نێوانەدا پرسیاری جیدی ئەوە بێت ئایا ئەدەب ئامرازێکە بۆ گەیشتن، یان کۆی رەهەندە مەعریفی و ستاتیکیەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە؟ بە بڕوای من ئەدەب هۆیەك نییە بۆ گەیاندن، بەو مانایەش کەوتنی ئەدەب وەك داهێنان راستەوخۆ لەوێوە دێت کە دەبێتە وەسیلەیەك بۆ گەیاندن، یان ئەرکی خۆی لەوە کورت دەکاتەوە کە کردەی تێگەیشتنی زمان ئاسان بکەوێتەوە، چونکە لە پرۆسەیەکی وادا ئەدەب جگە لە دووبارەکردنەوەی (پێدراوەکان) شتێکی دیکەی بەدەستەوە نییە. بەڵام وەك دەزانین ئەگەر ئەدەب وەك داهێنان تەماشا بکەین، نەك هەر هەندێك لە پێدراوەکان هەموارو دەسکاری دەکات بەڵکو لەرێگەی خەیاڵی داهێنەرانەوە لەگەڵ (دیتراوەکان--بە مانا سۆفییەکەی) دەژیت و هەر لەوێشەوە وشەو دەستەواژەو چێژو ئیقاع و نەخشی جیاواز دەوەشێنێت.

لێرەدا دەکەوینە نێوان دوو لایەنەوە: لایەنی **بابەتی،** کە ئاماژە بە زمان دەکات، واتە ئەو هاوبەشیکردنەی کە وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بکەوێتەوە. لایەنی **خودی،** کە ئاماژە بە فیکرو مەعریفەو خەیاڵ و بەکارهێنانە تایبەتییەکانی دانەر دەکات. لە کۆی هەر دوو لایەنیشەوە بە ئەزموون دەگەین، هەڵبەتە لایەنی یەکەم دەکەوێتە نێو مێژوو، بەڵام لایەنی دووەم بە هوشیارییەوە دەلکێت، هوشیاریش

بەشێكی سەرەكی داهێنانی لەخۆ گرتووە، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتە ئەزموون وەك بنەمایەكی شیاو بۆ درككردنی بابەتەكانی دەرەوەی خود سەیر دەكرێت. بەڵام لە كۆی ئەو وتارە دەمەوێت بڵێم: داهێنان نە راستەوخۆ دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی بابەتەوە، نە بە شێوەیەكی گشتی (من/خود) و (من/خود) لێی بەرپرسیارە، بە مانایەكی دیكە داهێنان كۆی دەسەڵاتەكان دەخاتە ژێر ئیقاع و پرسیاری سەردەمی خۆیەوە، كەواتە ئەدەب و هونەر لەرێگەی هاوژیانی و گفتوگۆوە، لەرێگەی دنیابینییەوە وێناكردنی دیكەی جیاواز بەرهەم دێنێت، وێناكردنێك كە پێشبینیكردن و جوانی و خەیاڵی ئازادانەی داهێنەر رۆڵی تێدا دەبینێت.

ئەگەر خوێنەر بپرسێت خود چییە، ئایا داهێنان (من/خود) لێی بەر پرسیارە یان (من/خود)؟[1] دەشێ بە كورتی بڵێین لە رووی جەستەو تێگەیشتن لە جەستە خود نوێنەرایەتی جەستە دەكات، وەك تێگەیشتن لە بونیادی عەقڵی نوێنەرایەتی مەعریفە دەكات، لە باری رەفتاری كۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی خودی كۆمەڵایەتی دەكات.. بەجۆرە دەروونناسان پێیانوایە خود لەرێگەی شارەزاییەوە بونیاد دەنرێت، شارەزاییەك كە لە كارلێكردنی مرۆڤ و دەوروبەری كۆمەڵایەتی دێتە بەرهەم، كەواتە

[1]– زاراوەی (الانا) لە زمانی عەرەبی لە وشەی (Lememe)ی فەرەنسی و (Ego)ی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگیراوە، وشەی (Ego)ی تەعبیر لە وشەی (ژات) دەكات، واتە ئەو كەسەی كە قسە دەكات، هەر لەوێشەوە كۆمەڵێك زاراوەی دیكەی وەك (Egocentrisme) كە بە عەرەبی بە (التمركز حول الذات) دێت، هەروەها (Egoisme) كە بە شێوەیەكی گشتی لە زمانی عەرەبی بە (الانانیە) دێـت بەڵام لە رووی فەلسەفییەوە گومان لە كۆی ئەو بوونەوەرانە دەكات كە دەكەونە دەرەوەی (الانا)ەوە....بە كورتی دەمەوێـت بڵێم لە بەر ئەوەی ئێمە زێتر سوودمان لە زمانی عەرەبی بینیووە بۆیە ئەو تێكەڵ كردنانە لای ئێمەی كوردیش لە نێوان ماناكانی (من) و (خود) روویانداوە، هەڵبەتە بەشێكی زۆری ئەو گرفتە لەوێوەیە كە كۆی زاراوەو چەمكەكان لە رۆشنبیریی عەرەبی و كوردی هیچ بنەمایەكیان نییەو ئێمە لە زمانانی دیكەمان وەرگرتووە...

لە هەموو بارەکانی کەسێتیدا بونیادی مەعریفی و فیکری مرۆڤی لەسەر هەڵدەچنرێت، بەو مانایە خود بە زەمەنەوە دەلکێت، وەك دەزانین بە شێوەیەکی گشتی زەمەنی خود زەمەنێکی ئاسۆییە، بەڵام زەمەنی داهێنان زەمەنی قوڵاییە، لە دەرەوەی زەمەنەکانەوە بە ستوونی دادەبەزێت، وەك (ئەدۆنیس) دەڵێت: داهێنان هاوپەیوەستبوونێکی خەڵقکەرانەی نێوان ئێستاو ئایندەیە، دیارو نادیار، زەمەن و جاویدانی، واقیع و میتا واقیع...[1]

بەڵام شارەزایی خود سرووشتێکی بازنەیی هەیە و تەواو سەر بە مانایە، کەچی داهێنان سەر بە کەشفکردن و خەون و دنیابینییە... خود لەرێگەی مێژووی گەیشتنەکانەوە ئەکتیڤبوونی خۆی رادەگەیەنێت، بەڵام داهێنان حەقیقەتەکانی لە نادیارییەوە بەرجەستە دەکات...

کەچی وشەی (من-خود/الانا) وەك لە رۆشنبیری عەرەبی و کوردی باوە پێشتر (فرۆید) بەکاری هێناوە، پاشان کەوتۆتە زیاد لە بوارێکەوە. من ریشەگەلێکە لەسەرنجی ئاساییەوە وەبەر دێت کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی درێژ دەبێتەوە. لای فرۆید من بە کۆی فیکرە باوەکانەوە بەندە، وەك ئامرازێکی جیبەجێکردن پێناسە دەکرێت.[2] بەڵام لای (رۆناڵد فیربیرۆن) کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی زانستی دەروونناسی من و هەوڵێداوە کەموکورتیەکانی تیۆری فرۆید پڕبکاتەوە لەگەڵ قوتابییەکەی (جانترب) لەرێگەی تیۆرەکەیانەوە دەیسەلمێنن کە من هەر لە کاتی

---

[1]– ادونیس، زمن الشعر بیروت، ط 1،1972، ل 59 .

[2]– فرۆید (من-Ego) بە ئامرازی جێبەجێکردن لە کەسێتیدا وەسف دەکات، لە ئەرکەکانی ئەو (من)ە ئەوەیە کە دەبێت ئارەزووەکانی (ئەو-Id) تێر بکات و مامەڵە لەگەڵ واقیعی دەرەوە بکات و هەوڵبدات بگاتە پێوانەکان (واتە بەها)ی باڵا کە لە (منی باڵا-(Super Ego) دەردەچێت، لە هەموو ئەوانەشدا پەنا بۆ میکانیزمی بەرگریکردن دەبات. بڕوانە: گۆڤاری: الانسان و التطور، العدد 28، لسنة 1986، علم النفس الانا-دراسة، د.رفعت محفوظ .

لەدایکبوونەوە ئامادەیەو هەڵگری پێکهاتەیەکی دینامیکی سەربەخۆیە، بە پێی ئەو تیۆرە جگە لە من شتێك بە ناوی (ئەو-هو) لەئارادا نییە، وەك چۆن درووستکەری ململانێکانیشە، لە دەرئەنجامی ئەو ململانێیانەوە رۆنالد دەیکات بە سێ بەشەوە: منی لبیدۆی منداڵی، منی منداڵی دژ بە لبیدۆ، منی سێنتراڵ. هەروەها (ئەریك ئەریکسۆن) کە یەکێکە لە بەشداربووانی تیۆری نوێی من قسە لە منی ئیبداعی دەکات، پێیوایە منی ئیبداعی هەڵگری هێزێکی شاراوەیەو توانای دیتنی هەیە، وەك چۆن لەوێشەوە لە (فرۆید) جیا دەبێتەوە کە لە بری ئەوەی وەك بەندەی (ئەو و منی باڵا و واقیعی دەرەوە) سەیری بکات، ئەو منەی ئەریکسۆن وەك فەرمانڕەوا هەڵسوکەوت دەکات.[1] ئەو منە لە هەر قۆناغێك بێت دەتوانێت چارەسەری ئیبداعی بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوە، هەروەها یەکێك لە وەزیفە بنەڕەتیەکانی ئەو منەی ئەریکسۆن وردبینی و تەرجەمەکردنی واقیعی ناوەوەیە، یان ئەوەی کە پێی دەڵێن پێشبینیکردن.

هەڵبەتە منی ئەریکسۆنی تەواو پێچەوانەی منی فرۆیدییە، یەکەمیان منێکی داهێنەرە، بەڵام دووەمیان هەڵگری فیکرە باوەکانە.

دەشێ بڵێین دوا پلەی من لە گوتەزای (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم)ی دێکارتییەوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر هەڵوەشانەوەی (من/خود)و (من/خود) لەرێگەی فیکری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەوە هەر تەنها دەلالەت لە هەڵوەشانەوەی سێنترالیزمی خۆرئاوایی ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە بڕوابوون بە ئەویدیکەو قبوڵکردنی جیاوازییەوە هەڵقوڵاوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (فۆکۆ) منی رەتکردەوە بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەویدیکەوە دەق بەرهەم بهێنێت، لە لایەکی دیکە رووخاندنی (منی دەقی) بە گەورەترین بەرهەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، ئیتر ئینفۆرماتیك و فەزای مەعریفی و زانستی مەعریفی منی بیرکەرەوەی دێکارتی و خودی سایکۆلۆژی بەتاڵ

---

[1]- (منی ئیبداعی) لە لایەن (ڤان هۆل ولیندزی-1978) لە رێگەی ئەو لۆژیکەوە ناونراوە، بڕوانە: گۆڤاری- الانسان و التطور، العدد،28، لسنة 1986، علم النفس الانا-دراسة، د.رفعت محفوظ.

کردەوە لە شوێنی ئەویش سەرچاوەگەلێکی لە دەرەوەی مرۆڤ دانا، ئیتر چیدی حەقیقەت بە پێی فەلسەفەی یۆنان ناژمێردرێت، هەروەك ناکەوێتە نێو عەقڵی مرۆڤ ، یان بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بەڵکو لە دووتوێی منی بیرکەرەوەی دەستکردگەرادایە کە لەگەڵ بونیادی فیکری دەستکردو تەکنۆلۆژیا و ئامێرە زانستییە وردەکان و ئامێرەکانی بیرکردنەوە درێژ دەبێتەوە.[1]

بە کورتی لەو بەدواداچوونە دەمەوێت بڵێم ناونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە رووی ئەنتۆلۆژییەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئیشکالیەتی (من/خود) دەدات، بەڵام لە رووی مەعریفییەوە بەدوای ئیشکالیەتی (من/خود)دا دەچێت، هەر دووکیشیان لە دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیاو زانستی مەعریفییەوە وەك بەرئەنجامی هێزێکی دەستکرد سەیر دەکات، لەوێشەوە بەرەو بابەتگەرایی دەستکرد دەچن، بەو مانایە هەڵوەشاندنەوەی دوالیزمیەتی من و خود، داهێنان وەك بەرئەنجامی ئەو هێزە دەستکردە دەبینێت کە بە سەر ماناکانی زماندا دەکرێتەوە (ئەو هێزە دەستکردی کە پێشتر لە ژێر ناونیشانی "من- خود" بەند کرابوو). کەواتە ناونیشانی دووەمی ئەو بابەتە لەوێوە دەکەوێت کە لە دەرەوەی من و خود قسە لە بابەتگەرایی دەستکرد دەکەین، قسە لە من و خودێك دەکەین کە بۆتە بەرئەنجامی هێزێکی دەستکرد هەر لەوێشەوە بەرەو بابەتگەرایی دەرەکی دەبینەوە، بەجۆرە حەقیقەتی خود لە مندا ناژمێردرێت بەڵکو درووست دەکرێت لە بری ئەوەی بەدوایدا بگەڕێین.

بە کورتی دەبێ نووسەر زنجیرەی وشەکان لە یەك بترازێنێت، وەك چۆن لە من و خود تێدەپەڕێت، بە هەمان شێوە بە خاوەنبوون بەتاڵ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئیبداع لە دەقدا بمێنێتەوە، دەبێ منی گێڕەرەوە رەتبکرێتەوە، دەق لە منی لبیدۆی بێگەرد پاك بکرێتەوە، چونکە دەق ئاوێنەی من نییە تاکو خودی خۆی تێدا ببینێت، وەك چۆن

---

[1] – د.ادهم سامي، العدمية النهلستية، بحث في انطولوجيا الخير و الشر و الجمال، دار الانوار-بيروت،ط 2003، ل 17 .

دەقی ئیبداعی نەزۆك نییە تا بیر لە یادەوەریەکان بکاتەوە...[1] بەڵام بەر لەوەی بچینە نێو ئەو باسەوە لەرێگەی هەر یەك لە (شلیرماخر-1843) و (ویلهلم دیلیسی 1833-1911) ئەزموون و زمان دووبارە وەبیر خوێنەر دەهێنینەوە، لەوێشەوە جۆرێك لە گفتوگۆ لەگەڵ وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج)ی (موراد فەرهاد پور) دادەمەزرێنین.

لای (دیلسی) ئەزموون دەکەوێتە نێو ژیانکردنەوە، ئەزموونی ژینکراو کردەی درککردنی هەستییە، نەك شارەزایی کە دەبێتە بابەتێك بۆ تێڕوانینی عەقڵی، واتە دەکەوێتە سەر ئەزموونی پێشتر کە لەسەر دوالیزمیەتی خود و بابەت وەستاوە. ئەزموونی خود لای دیلسی بنەڕەتی مەعریفەیەو ناشێت بۆ هیچ مەعریفەیەك تەجاوز بکرێت، بەو مانایەش ئەزموونی داهێنەر حاڵەتێکە لە گوزارشتکردنی بابەتیەوە خەڵق دەکرێت و لەوێشەوە تەجاوزی چوارچێوە خودییەکان دەکات، ئامرازی بابەتیش لە داهێناندا خودی زمانە.[2]

---

[1]– بەیاد هێنانەوە دەیەوێت دەق لە شوێن خۆی پێبکوتێت، هەروەك منی سادی، نێرگزی، مازۆخی... سادییەت دەق دەکوژێت و رۆشنبیریی لەنێو دەبات و هیچ رێزێك بۆ تایبەتمەندییەکان ناهێڵێتەوە، زۆر لە شاعیران لە رێگەی قەسیدە نەتەوایەتی و سیاسیەکانیەوە پرۆسیسەی سادییەتی نەخۆش دەکەن، سادییەت کەبتی سێکسی لە رێگەی سادیەتی دەمامکدارەوە نیشان دەدات. هەروەها نێرگزییەت بە دوای ناسنامەی رۆشنبیری ونبوودا دەگەڕێت... بە گشتی دەبێت دەق لە بە شتبوون رزگار بێت، بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ادهم سامي، العدمية النهلستية، بحث في انطولوجيا الخير و الشر و الجمال، دار الانوار- بيروت،ط 2003، ل 25

[2]– نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء- المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005، ل 25

کەواتە زمان دەبێتە ئەو ناوەندیارە کە ئەزموونی خودی و بابەتی بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە، کۆی ئەو بەیەکەوە لکانەش دواجار گوزارشت لە ئەزموونی ژیان دەکات و هەر لەوێوە بە دەستەواژەی شیعر ژیانە دەگەینەوە، یان دەبێتە بەرئەنجامی ئەو هێزە دەستکردەی کە لادانەکانی (بوون-زمان) دەنوێنێت.

بەڵام (شلیرماخر) زمان هەر تەنها وەك ناوەندیارێك نابینێت، بەڵکو سیفەتی بوونێکی جیاکاری پێدەبەخشێت، پێیوایە هەر لەرێگەی ئەو بوونە بابەتخوازە جیاکارەشەوە کردەی تێگەیشتن بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە راڤەکردن بە تێگەیشتنەوە پەیوەست دەکات. بەڵام وەك گوتمان زمان هەر تەنها ئەوە نییە کردەی تێگەیشتن ئاسان بکات!! هەروەها لای (شلیرماخر) دانەر دەشێ دەسکاری پێدراوەکانی زمان بکات بە جۆرێك هەمواری بکات ئەگەرچی لە بەر گرفتی تێنەگەیشتن ناتوانێت بە تەواوی بیانگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت هەندێك لە پێدراوەکانی هەموار بکات و هەندێکی دەسکاری بکات و هەندێکیشی دووبارە وەك خۆی بگوازێتەوە.

بە گشتی کۆی قسەکانی (شلیرماخر) راستەوخۆ لە پەیوەندی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن کورت دەکرێتەوە، بەمجۆرە دەکەوینە نێو دوو لایەنەوە لایەنێك ئاماژە بە زمان وەك بابەت دەکات، واتە زمان وەك بابەت ئەو هاوبەشیکردنەیە کە وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بکەوێتەوە. لایەنی دووەم لایەنی خودییە و ئاماژە بە فیکری دانەرو بەکارهێنانە تایبەتییەکان دەکات، بەکۆی هەردوو لایەنیشەوە (شلیرماخر) دەکەوێتە سەر قسەکردن لە ئەزموونی دانەر، لە لایەکی دیکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە دەشێ خوێنەر لەرێگەی هەوڵە جیاوازەکانییەوە لە دەرەوەی تێگەیشتنی دانەر بەرەو تێگەیشتنێکی دیکەمان بگوازێتەوە.[1]

---

[1]- نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005، ل 21 .

بێگومان له پشت ئەو بیرکردنەوەیە فیکرەی جیاوازی وەستاوە، وەك چۆن حاڵەتی سایکۆلۆژی خوێنەر و ئامادەباشییە کەلتوری و مەعریفیەکانی رۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام ئەو تێگەیشتنە لەگەڵ قبوڵکردنی زمان وەك بابەت دژ دەکەوێتەوە، ئەو دژ کەوتنەوەیە لەوێوە دێــت کە دەقی ئیبداعی وەك چۆن ناچێتە نێو سیستمەوە لە هەمان کاتیش بڕوای بە شتبوون نییە، بەڵام کاتێك زمان وەك بابەتی سەرەکی دەق سەیر دەکرێت ئیتر دەق وەك ئیبداع دووچاری لەنگبوون دێت، بە مانایەکی دیکە دەقی ئیبداعی لەرێگەی بەشتبوونی زمانەوە خۆی بەرجەستە ناکات، بەڵکو کردەیەکی لەخۆوەیەو لەرێگەی جولەو پێشبینیکردن و جوانی و خەیاڵی ئازادانەوە بەرجەستە دەبێت، دەمەوێت بڵێم دەقی ئیبداعی مەرج نییە چەند وشەیەك بێت، بەڵکو نەخش و نیگار و هارمۆنییەتێکی ئیستێتیکییە، یان دەشێ مانایەکی بێ مەکان و زەمان بێت.

## ئەزموونی دەرەکی و ئەزموونی ناوەکی

(دیلسی) دەستەواژەی ئەزموونی ژیان بە بەرزترین شێوە لە شێوەکانی هونەر بە گشتی و ئەدەب بە تایبەتی دادەنێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەدەب و هونەر لای ئەو گوزارشت لە ئەزموونی ژینکراوی ژیان دەکات، بەڵام فیکر یان کردە تەنها گوزارشت لە ئەزموونی ژیان دەکات، یەکەمیان گوزارشتە سەربەخۆکانی ناوەوە دەگەیەنێت، بەڵام فیکر یان کردە زێتر دیاریکراوە و پێویستی بە وردبینی هەیە و پشت بە گەیاندنی ئاسان دەبەستێت.[1]

پێناسەکردنی (دیلسی) بۆ ئەزموونی ژینکراوی ژیان و ئەزموونی ژیان (فەرهاد پور)مان بیر دەخاتەوە، فەرهاد پور لەرێگەی دیاردەناسەکانەوە قسە لە دوو جۆر

---

[1]– نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة واليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005، ل 25

ئەزموون دەکات، یەکێکیان بە ئەزموونی ژینکراو یان ناوەکی وەسف دەکات، ئەویدیکەیان بە ئەزموونی ئاسایی یان دەرەکی دادەنێت، هەروەها پێیوایە ئەزموونی ژینکراو گوزارشت لەو شتانە دەکات کە بە قووڵی هەستیان دەکەین، ژیانیان دەکەین، بەڵام ئەزموونی ئاسایی سرووشتی مێژووی ئەزموونی مرۆیی لەخۆدا هەڵگرتووە.[1]

ئەزموونی ناوەکی (ژینکراو) لای فەرهاد پور سەر بە کات و بیرەوەری و بابەت و ئاگایی ناوەکییە، بکەر و بابەت لە ئەزموونی ناوەکیدا دەبن بە یەك، بە مانایەکی دیکە ئەزموونی ناوەکی خودییە، بەڵام ئەزموونی دەرەکی سەر بە کات و شوێنە، وەك چۆن زەمەن تێیدا زەمەنی دەرەکییە، بە هەمان شێوە بە ئاگایی دەرەکییەوە بەندە و ماوەی نێوان (بکەر) و (بابەت) پارێزراوە. لەسەر ئەو راڤەکردنەی دیلسی و پور شیعر زێتر بە لای ئەزموونی (ژینکراو-ناوەکی) دایە، بەوەی کە هەڵگری یەکێتی بابەت و بیرەوەری و جوانکارییە، بۆ جەختکردن لەو مەسەلەیەش فەرهاد پور (هیگل) دەهێنێتەوە، کە پێیوایە ئەگەر فیکرە دیار نەبێت جوانیش کەموکوڕو ناشیرین دێتە بەرچاو، بەو مانایەش ناتەواوی ئەزموون بە حەتمی کورتبڕی لێدەکەوێــتەوە.[2]

ئەو دیدەی پور لەوێوە بە هەر یەك لە شلیرماخر و دیلسی گرێمان دەداتەوە کە بابەت وەك فیکر سەیر دەکەن، بەڵام لەوێوە لە (دیلسی) جیا دەبێتەوە کە بە ئیشکالییەتی هەست و شارەزاییەوە دەلکێت. ئەگەر ئیشکالییەتی هەست و شارەزایی پەیوەندی بە خەیاڵی داهێنەرانەوە بکات، ئەوە ئیشکالییەتی یەکبوونی بکەر و بابەتی فەرهاد پور دەکەوێتە هەردوو ئاستی ئەنتۆلۆژی و مەعریفییەوە، دەمەوێت بڵێم ئەگەر مەعریفەی خود لە کۆی وێناکردن و نوێنەراتیکردن و

---

[1]– موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج) ل 88.

[2]– موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج) ل 76.

پێشبینیەکان پێکهاتبێت، ئەوە ئاستی ئەنتۆلۆژی ناوەڕۆکەکەیەتی. دواتر لە نێوان لیکجیانەکردنەوەی ئاستی ئەنتۆلۆژی و ئاستی مەعریفی لەو یەکبوونە ناوبراوەدا دەگەینە ئەو (من/خود)ە داهێنەرەی کە (ئەریکسۆن) باسی لێوە دەکات، لەوێشەوە دەگەینە بەرئەنجامی ئەو هێزە دەستکردەی کە لە خود درووست دەکرێت. بە گشتی دەمەوێت بلێیم وەك چۆن ئەو منە دەستکردە- داهێنەرە ناکەوێتە ژێر گوتەزای من بیر دەکەمەوەی دێکارت و منی سایکۆلۆژی و ئیرۆتیکی و ویژدانی و هەلچوونئامێزەوە... بە هەمان شێوە ناشکەوێتە چواچێوەی منی ترانسندنتالی و ئاگایی ترانسندنتالییەوە. ئەو خودە دەستکردە بەرئەنجامی ئەو هێزە مەعریفی و ئەنتۆلۆژیەیە کە گوتەکانی زەمان و شوێن و چەمکە ئایدیالیستیەکانی فیکر تێدەپەڕێنێت، وەك چۆن ناکەوێتە نێو گوتەزا ئێستێتیکییەکانی خۆرئاواوە، بەڵکو لەرێگەی پێشبینیکردنی شاعیرانەو خەیاڵی داهێنەرانەوە بە ئازادی پرۆسیسەی داهێنان دەکات.

لێرەوە دەگەینە داهێنەرێك کە نە بڕوای بە بێدەنگی (هایدگەر)یانە هەیە، نە لە فەوزای سبیرنتیکا و مەعریفە بالاکانی زانستی ون دەبێت، بەڵکو بەردەوام لە داهێنان خۆی بەرجەستە دەکاتەوە.

کەواتە داهێنان ناکەوێتە نێوان خراپ ئەزموونکردن و باش ئەزموونکردنەوە، بەڵکو لە داهێناندا زمان قسان دەکات، ئەگەر بەشێکی زۆری قسەکردنی زمان لە نێوان ئەزموونی ژینکراوو ئەزموونی ئاساییەوە خۆی بدۆزێتەوە، ئەوە وەك ئاماژەمان بۆ کرد داهێنان وەك جەوهەری قسەکردنی زمان بەشێکی زۆری لە میانی ئەزموونی ژینکراودا دەردەکەوێـت، بەلام نەك بەو مانایەی کە ئەزموونی ئاسایی و ئەزموونی ژینکراو (بوون-وجود) بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان بوونە و داهێنانی شیعریش لادانەکانی ئەو بوونەمان بۆ بەرجەستە دەکات.

بەمجۆرە ئەوە داهێنانە لە عادەتی ژیانی رۆژانەمان دادەبڕێت، بەلام نەك بەو مانایەی کە بە ئەزموونی تایبەتی و ئاساییمان ببەستێتەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە بە

سەر ماناکانی ناوەوەو دەرەوەی دنیادا خۆی دەکاتەوە، هەر لەرێگەی ئەو کرانەوەشەوە جولەو زیندوویێتی زمان دەردەکەوێت.

لە وتاری شیعرو ئەزموونی رەنجدا فەرهاد پور دەڵێت: واتا شاراوەکانی بەرهەمی هونەری بەر لەوەی ئاماژە بۆ بابەتێکی تایبەتی بکات، بە گشتی گوزارشت لە بەمانابوونی ژیان دەکات.[1]

بێگومان لە نێوان هەر دوو رستەی (داهێنان بە سەر ماناکانی ناوەوەو دەرەوەی دنیادا خۆی دەکاتەوە) و (گوزارشت لە بەمانابوونی ژیان دەکات) ئەگەرچی چەندان جیاوازی بەرچاو هەن، بەڵام من قسە لە دوو تێگەیشتن دەکەم، تێگەیشتنێك کە پێیوایە شیعر وەڵامێکە بۆ مەتەڵی ئەزموونی ژینکراو، گوزارشت لە بە مانابوونی ژیان دەکات و جەوهەری ئەزموونی ژیان دەردەبڕێت، هەر لەوێشەوە توانای شیعری دەکەوێتە سەر ئاشکراکردنی واتاو بونیادە بنچینەییەکانی ئەزموون و ژیان، لەو حاڵەتەشدا (تێگەیشتن) و (دەربڕین) لە یەکتردا دەتوێنەوە، ئەوەش لە ناخەوە جۆرێك لە پێکەوە بەسترانی مێژووی نێوان (کردەی هونەری) و (ئەزموونی رەنج-موعانات) نیشان دەدات، بەو مانایەش کردەی هونەری مەتەڵی رەنج وەك پرس یان گرفتێکی ناوەکی ئەزموون دەکات، هەر لەوێشەوە پێیوایە لە بەر ئەوەی موعانات گوزارشت لە شکستی ئەزموونی تایبەتی دەکات ئیتر بۆیە کردەی شیعری بە حەتمی بە شکست دەگات.[2]

بەڵام تێگەیشتنی دووەم لەرێگەی کۆبوونەوەی توخمە جیاوازو ناهاوچەشنەکانەوە بێ ئەوەی هیچ کام لەو توخمانە شوناسی تایبەتی خۆیان لە دەست بدەن دەکەونە جولەو

---

[1]- موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج) ل 84

[2]- موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج) ل 84-88-104

گفتوگۆوە، بەو مانایەش داهێنان توانەوەی توخمەکان نییە لە نێو یەکتری بەڵکو بەرجەستەکردنی جولە ناتەبایەکانە لە هاوگونجانێکی وەهمیدا، لە بەر هەندێ مەرج نییە بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە موعانات بکات، دەشێ لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیەکان لەخۆ بگرێت، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە شیعر هەر تەنها بەرجەستەکردنی هاوچەشنەکان نییە، بەڵکو شوێنی دژەکانیشی تێدا دەبێتەوە. کەواتە شیعر مەرج نییە گشتیەکی مانادار بێت، یان دەربڕینێکی تەواو یەککگرتوو بێت، بەڵکو فەزایەکی کراوەیە، جولەیەکی بەردەوامە، هەر لەوێشەوە شیعر نە سەر بە خودە نە ئەزموونی ژینکراو، بەڵکو شیعری زیندوو کلیلی ناسینی شتەکانەو لە خەیاڵ و جوانی و پێشبینیکردن و چێژەوە دێتەوە، یان وەك (هایدگەر) دەڵێت: **بەشداریکردنە لە ژیان و ئەزموونێکی وجودییە، چوارچێوەی خود و بابەت تێدەپەڕێنێت.**[1] داهێنان بەردەوام کار لەسەر هەڵوەشانەوەو دووبارە بونیادنانەوە دەکات، کار لەسەر پرسیارو لادان و ئیقاعە نوێیەکانی سەردەم دەکات، هەر لەوێشەوە دژی پەرگیری و جێگیر بوون رادەوەستێت، وەك چۆن نە بڕوای بە سێنتەر هەیە نە بە پەراوێز، نە لەرێگەی شتە مەزنەکانەوە راست دەبێتەوە، نە بە هۆی شتە بچووکەکانەوە سۆزی ئەویدیکە بۆخۆی رادەکێشێت. شیعر پەیوەندی بە شتەکانەوە نییە، چ پەراوێزی بن یان سێنتەر، بێ مانا بن یان مانادار. شیعر لە خودی شتەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە فەزای پەیوەندی لادانەکان و چێژو پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش هیچ شتێ شیعری نییە، هیچ شتێ خاوەنی شیعرییەت نییە، ئەوەی شیعرییە ئەو فەزایەیە کە ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات. شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لەرێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت، هەر ئەوەشە وا دەکات پێناسەکردنی شیعر مەحاڵ بکەوێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە شیعری ئیبداعی تەواوی دەسەڵاتەکان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە دەکاتەوە،

---

[1]- نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، ه.س.ث، ل 33 .

دەقی ئیبداعی ئەو چێژەیە کە لە نێوان دڵنیایی و گومان یاری لەگەڵ لادانەکانی زمان دەکات.

*     *     *

# بەندی یەکەم

## ئەزموونو تایبەتمەندی شیعری هاشم سەڕاج

## (خوێندنەوەیەکی رەخنەئامێز بۆ گەمەی جریوەو رەشبردنەوە)

# سەرەتا

(1)

(شیعر گەڕانە) ئەوە هەرگیز ناکەوێتە نێو وەڵامی ئەوەی شیعر چییە، چونکە (ئۆگستین)ی مەزن لە پرسیاری زەمەن چییەدا دەڵێت ئەگەر نەپرسن دەشێ وەڵامم هەبێت، بەڵام کاتێك ئەو پرسیارە ئاشنایە دەکرێت، راستەوخۆ تووشی دڵەڕاوکێو نیگەرانیو ترسێکی گەورە دەبمەوە.

کەواتە ئەگەرچی ئەو رستەیە مەرجی پێناسەکردنی هەڵنەگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەموو بەدواگەڕانێك خۆبینینێکی دیکەی شیعر بێت، یان بەرجەستەکردنی جۆرێکی دیکەی ژیان بێت، بەو مانایە شیعر دەبێتە دەستلێدانێکی دیکەی ژیان.

(2)

(شیعر وردبوونەوەیە) ئەوەی لە پشت ئەو رستەیەوە خۆی دەنوێنێت هەر تەنها بیرکردنەوەیەکی سیستماتیزەکراو نییە، بەڵکو شتێك لە هەڕەمەکییەتی تێدایە، بەو مانایەش شیعر لەنێو وردبوونەوەدا هێلە وەهمییەکانی خۆی دادەمەزرێنێت، بەڵام ئەگەر بتوانین وردبوونەوە بە خەزینە رۆشنبیرییەکەی شاعیر ببەستینەوە، ئەوە وردبوونەوە تەعبیر لە هەڵچوونو تاوگیرییەك دەکات، کە شیعرییەتی لێوە هەڵدەقوڵێت.

(3)

(شیعر کەشفکردنە) بێگومان سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی کەشفکردن دەمانخاتە حاڵەتی سەرسامییەوە، لە هەمان کاتدا دەکەوینە نێو چێژەوە، واتە ئەگەر بەشێك لەو سەرسامییە پەیوەندی بە توانای وێناکردنەوە هەبێت، ئەوە بەشەکەی دیکەی بۆ چێژ دەگەڕێتەوە، ئەو چێژەی کە لە بەرهەمی کەشفکراودا تامی دەکەین، چێژێکی

سەرسامکەرە، بەو مانایە چەمکی کەشفکردن لە شیعردا دەبێتە ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە دواجار لە چێژ ئارام دەبێتەوە.

(4)

(شیعر دەستلێدانی زمانە بەڵام بە رووتی) خودی ئەو دەستلێدانە هەرگیز خۆی بە مانا پیرۆزەکانی زمان بە مانا تەقلیدییەکە خەریك ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات زمان لە هەموو پیرۆزییەکان رووت بکاتەوە، بەو مانایە شیعر هەمیشە هەوڵەکانی نووسین پوچ دەکاتەوە تاکو بتوانێت لە دەرەوەی نووسین جارێکی دیکە خۆی دابمەزرێنێتەوە، بە مانایەکی دیکە شیعر وڕوژانی نووسینە لە دژی خۆی، ئەوەش دەلالەت لە داڕووتانو خاڵیکردنی زمان دەکات، یان چەسپاندنی ناشتی دەگەیەنێت.

(5)

(شیعر هێرشکردنە لە مەیدانی خەیاڵ) تێگەیشتنی وشەی هێرش لە مەیدانی جەنگو لە مەیدانی خەیاڵ، دوو تێگەیشتنن کە دەشێ یەکەمییان بە وزە بەربەستکراوەکانی زمان پەیوەست بکەین، بەڵام دووەمیان بۆ ئەو وزە خەفەکراوو متبووانە دەگەڕێتەوە کە لە مەیدانی خەیاڵ (مەیدانی ئازادی) جولە دەکات.

(6)

(سەرەتا شیعر بوو) ئەوە هەرگیز بەرپەچدانەوەی (سەرەتا وشە بوو) ناگەیەنێت، بەڵکو لەو بڕوایەوە دێت کە مرۆڤ لە درێژبوونەوەی ژیانی شیعردا زیندوێتی خۆی فەراهەم دەکات، یان بە مانایەکی دیکە شیعر رۆحی مرۆڤە، کەواتە ئەگەر پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ یەکێتی وشە رۆڵی تێدا ببینێت، ئەوە رۆحی مرۆڤ لە شیعرییەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

(7)

لە نێوان شیعر شاعیردا دوو جۆر بیرکردنەوەو دوو جۆر خەیاڵو دوو جۆر زمان هەیە، یەکێکیان بە شیعرەوە دەلکێت، ئەویدیکەیان بە شاعیرەوە، بێ ئەو دوو جۆرە، بێ ئەو دوو بۆشاییە، بێ ئەو دوو دەرفەتە خوێنەری جیاواز لە دایك نابێت.

ئەگەر ئەو دوو جۆرە لە بیرکردنەوەو خەیاڵو زمانە بکەونە هاوئاهەنگییەوە، واتە پەیوەندییەکەیان ئاسۆیی بکەوێتەوە دەقێکی جیاواز دەخولقێنێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکەیان ئاڵوگۆڕی بێتو ستوونی بکەوێتەوە، جیهانبینییەکی دیکە دێتە بەرهەم. ئەگەر دەقی جیاواز مانایەکی دیکە بە سیستەم ببەخشێت، ئەوە جیهانبینی جیاواز جۆرێکی دیکە لە سیستەم دێنێتە بەرهەم.

(8)

کەواتە شیعر لە نێوان پەیوەندییە دیارو نادیارەکانیدا، لە نێوان مێژووی وشەو وزە شاراوەکانی وشەدا، لە نێوان خەیاڵی نووسەرو خەیاڵی زماندا، لە نێوان شێوازی جیاوازو جیهانبینی جیاوازدا، لە نێوان چێژو وێناکردندا، لە نێوان هەڵوەشانەوەو بونیادناندا......... پڕشنگە تاوگیرو جوانەکانی خۆی دەوەشێنێت، بەو مانایە شیعر لە چرکەی درەوشانەوە نزیکمان دەکاتەوە.

(9)

(کورد هەمووی شاعیرن) ئەگەرچی ئەو وشەیە لە فۆلکلۆر هەڵنەهێنجراوە، بەڵام دڵنیام بیرکردنەوەی پشت ئەو رستەیە بیرکردنەوەیەکە بە هەڵە لە فۆلکلۆر گەیشتووە، لەو هاوپەیوەستبوونەدا فۆلکلۆر دەکەوێتە نێو تینەگەیشتنی کوردییەوە، ئەوەش لەو خاڵەوە دێت کە فۆلکلۆر لە دیدیی کوردی دەخرێتە دەرەوەی عەقڵو مەعریفەوە، بەو مانایەش لە پشت رستەی ناوبراو دەیانەوێت بڵێن بونیادی شیعری کوردی بە هەستەوە بەندە، نەك بە بیرکردنەوەو ئاگایی رۆشنبیرییەوە. کەواتە مانا قوڵەکەی ئەو رستەیە بە یەکسانکردنی شیعرو فۆلکلۆر دێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش واتە فۆلکلۆرو شیعر ئەوەندەی هەستە خەفەکراوو کەبتکراوەکان دەستیان لە وروژاندنی هەیە، ئەوەندەش ئاگایی رۆشنبیریو مەعریفەی تێدا ونە.

# بەشی یەکەم

من خەونم دیووە
من خەونی ئەستێرەیەکی سوورم دیووەو
کوێر بم ئەگەر درۆ بکەم

**فروغ**

**فەروخزاد**

**و: مەریوان هەڵەبجەیی**

## ئەزموونی شیعری

لە پانتایی شیعری کوردی (هاشم سەڕاج) هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی، وەك چۆن بە پێی تەمەنی شیعری وەك خاوەن ئەزموونیش شیاوی قسە لێکردنە، بەڵام نەك بەو مانایەی کە ئەزموون وەك تاکە سەرچاوەی نووسین سەیر بکرێت، چونکە داهێنانی شیعری وەك لە دەروازە ئاماژەمان بۆ کرد مەرج نییە لە چوارچێوەی ئەزموونو تێڕوانین زیندانی بکرێت، ئەوەش لەوێوە دێت کە نووسین وەك (جۆناسان کولەر) دەڵێت: زمان وەك زنجیرەیەك ئاماژەی بینراو دەخاتە روو[1]. بەو مانایە نووسین لەرێگەی زمانەوە تێگەیشتنمان بۆ دنیا لا دروست دەکات، بەڵام (دریدا)

---

[1]– عبدالله، ابراهیم، وسعید الغانمی و عواد علي، معرفة الاخر (مدخل الى المناهج النقدية الحديثة)، المركز الثقافي العربي/بيروت، ط 1، 1990، ل 132 .

پێیوایە زمانی ئەدەبی لەو پێوانەیە دەردەچێت، چونکە گوزارە لە واقیع ناکات، بەڵکو هەڵچوون دەورووژێنێت[1] .

دەشێ ئەزموون کارلێکردن بێت لەگەڵ بابەت (مادەی نوسین)، مادەی نووسینیش تۆڕێکی ئاڵۆزە لە ئامازە، کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی کتێبو دیتنو بیستنو خەیاڵکردنو بیرکردنەوە هەڵدەقوڵێ، بەو مانایە ئەزموونی شیعری ئەو ئاگاییو شارەزاییە هەستیو مەعریفیو دەروونیەیە کە شاعیر لەرێگەی جیاوازەوە بە دەستی دێنێت، لە پرۆسەی نووسینو لێوردبوونەوەدا وێڕای هەڵچوونو تاوگیرییە دەروونییەکان وەك سەرچاوەیەکی دیار و نادیار سوودیان لێوەردەگرێت. دەشێ ئەزموونی شیعری خودی بێت، وەك چۆن دەشێ بەرەو گشتیش بچێت، بە کورتی ئەزموونی شیعری درککردنە بەو ئیشکالیەتانەی کە دەکەوێتە نێوان باگکراوەندە رۆشنبیرییەکانو وەرگرو شاعیرەوە، بە مانایەکی دیکە (لەگەڵ ژیان)و (هەڵچوون)و (تەعبیرکردن)و (دنیابینی)ە.

[1]- عبدالله، ابراهيم، وسعيد الغانمي و عواد علي، معرفة الاخر (مدخل الى المناهج النقدية الحديثة)، المركز الثقافي العربي/بيروت، ط 1.ل 138-139 .

# باسی یەکەم: قۆناغی دروستبوون

بە لای ئێمەوە لەسەر بنەمای ئەو پێناسەکردنە ئەزموونی شیعری (هاشم سەڕاج) بە سەر دوو قۆناغ دابەش دەکرێت، یەکەمیان قۆناغی (دروستبوون)ە کە ساڵی (1975-1995) دەگرێتەوە، لە دیاریترین قەسیدەکانی ئەو قۆناغە (دوکەڵ، گۆڕستانی ئەپیکۆرس، مۆنادە جوانەکان، تاوسی سپی)[1] پاشان لە دوای ساڵی (1994)ەوە دنیابینیو شێوازی تەعبیرکردنی دەگۆڕێت، ئەوەش لە قەسیدەی (ورچ)[2] ەوە دەست پێدەکات چونکە لە قسیدەی (ورچ)دا وێرای بەرفرەوانکردنی کایەکانی وشەو سیاقی رستەو خرۆشانی پیتو دەنگ، هەوڵی هەڵگەڕانەوەی دالەکان دەداتو مەستانە دەیانخوێنێتەوە، هەروەها وێنەکان تێکدەشکێنیو بە ناخی خۆی بارگاوییان دەکات، بەو مانایەش لە دوای ساڵی (1995) قۆناغێکی دیکە لە ئەزموونی شیعری دەبینرێت، دەشێ ئەو قۆناغە بە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری (هاشم سەڕاج) وەسف بکەین، قۆناغی دەرکەوتن ئەو قۆناغەیە کە گەمەکانی نێوان رەشبردنەوەو جریوە پەرەپێدەدات (لە بەشەکانی دیکەدا ئەو مەسەلەیە زێتر روون دەکەینەوە).

ئەگەر بتوانین قۆناغی دروستبوون بە دەیەوە بەند بکەین، دەبینین دوو دەیەی لەخۆ گرتووە، دەیەی یەکەم کە دەشێ بە قۆناغی سەرەتا وەسفی بکەین، دەیەیەکە لەرووی بەرهەمەوە کەم بەرهەم دەردەکەوێت، یان بە مانایەکی دیکە رەنگە ئەو سەرەتایە

---

[1]- سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005 .

[2]- سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 100

شیعرییەی شاعیر نەکەوێتە دووتوێی پێناسەکردنی دەیەوە، ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە لە دابەشکردنی ئەزموونی شیعری شاعیر بە سەر سێ قۆناغدا دووچاری گرفتی دەکردین، وەك چۆن بەدیووەکەی دیکەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە (هاشم سەڕاج) بە دەیەی هەشتاکان دەبەستێتەوە.

لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین بۆ روونکردنەوەی زێتری قۆناغی دروستبوون، ئەو (دوو دەیە)یە لە دوو ئاستدا بخەینە بەر خوێندنەوە، ئاستی یەکەم: ئاستێکی سەرەتاییانەیەو شاعیر لەوێدا هەوڵدەدا پەیوەندی بابەت بە شتەکانەوە بە شێوەیەکی تەقلیدی بخاتە روو، ئەو دەیەیە، یان ئەو سەرەتایە خۆی لە ئەزموونی رۆژانەو جێگیربوونی وەسفیدا هەڵدەگرێتەوە، دەکەوێتە میانی هەڵچوونو رۆمانسیەتێکی رووکەشانەوە، ئەوەش زۆر بە جوانی لە قەسیدەکانی (سوتان لە ناو گڕی عەشق، تۆ کۆچەری، دوو پارچە شیعر، کاتو شوێن، گوشبەندە شوورە)[1] بەرجەستە دەبێت، ئینجا بەرە بەرە هەست دەکەین ئەو هەوڵە لە قەسیدەکانی (ڤان) لە رووی رازانەوەو هەڵچوونو وەسفکردنەوە باڵا دەکات، بەو مانایەش ئەگەر بشێ دەیەی یەکەم، بە ساڵانی (1975–1985) پەیوەست بکەین، دەشێ دوا دەرئەنجامی ئەو دەیەیە بە ئاستی پێگەیینی وەسفیو جۆرێك لە رەوانی لە قەڵەم بدەین، بەڵام بەر لەوەی قسە لە دەیەی دووەم بکەین دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە بەشێکی زۆری تەعبیرکردن لە هەندێ لە بڕگەکانی (دوکەڵ/ 1982) [2] سەرەڕای سەروائامێزی بەڵام دەکەوێتە دەرەوەی ئەو خەملاندنەوە، بە بڕوای ئێمە لە هەندێ لە بڕگەکانی ئەو قەسیدەیە جۆرێك لە شۆڕبوونەوە بەرەو خودو جۆرێك لە زمانی تەعبیرکردن بەرچاو دەکەوێت، یان هەوڵی گوتنی شتێك دەدات، دەیەوێت

---

[1]– سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 56

[2]– سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005،ل 16

فەزایەکی تایبەت بەخۆی بەرهەم بهێنێتو لە دووبارە کردنەوە خۆی رزگار بکات، ئەوەش (هاشم سەڕاج) لە فەزای ئەوسای شیعری کوردی جیا دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو دەیەیە کە وەك سەرەتای ئەزموونی شیعری پێناسەمان کرد، لە بری ئەوەی وزەی جوانگووتن رۆڵی سەرەکی ببینێت، سۆزو هەڵچوونی رووکەشانە شوێنی دەگرێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە وشە لە پێناو دیاریکردنی شتەکان رۆڵی سەرەکی وازی دەکات، نەك فەزایەك بەخۆی دروست بکات. بەمجۆرە لە بری مەجاز، وەسف دەبێتە بابەت، دەشێ ئامانجی سەرەکی وەسفکردن وەك ئەدۆنیس دەڵێت: دەرخستنو کەشفکردن بێت، یان روونکردنەوەی تەمومژی بێت، بەڵام ئامانجی مەجاز چڕکردنەوەی دەلالەت دەگەیەنێت، چونکە یەقین بەرەو گومانو شیمانەیی دەکاتەوە، بەو مانایەش ئەگەر وەسف حاڵەتی هەستی گەلاڵە بکات، ئەوە مەجاز حاڵەتی شیمانەیی لە زماندا دەخولقێنێت، هەروەها ئەدۆنیس دەڵێت: وەسف زمان دادەخات، بەڵام مەجاز دەیکاتەوە.[1] بە گشتی لە مەجازدا دیار قسە ناکات، بەڵکو نادیار قسە دەکات. لە دەسنیشانکردنی ئەو خاڵەوە بەشێکی دەیەی یەکەمی ئەزموونی شاعیر پەیوەندی بە رۆمانسیەتی شیعری کوردییەوە هەیە.

ئەگەرچی قەسیدەی (دوکەڵ) قەسیدەیەکی شێواوە لە رووی دنیابینیو فەزای چیگووتنو جوانگووتنەوە، بەڵام وەك قەسیدەیەك کە دەیەوێت شتێك لە بارەی خۆیەوە بڵێت، وەك هەناسەیەکی درێژ دەشێ بە سەرەتایەکی ناتەواوی دەیەی دووەم بێتە ژماردن، کەواتە دەستپێکردنی دەیەی دووەم وەك هەناسە بەشێکی بۆ (دوکەڵ/1982)و وەك زمانی تەعبیرکردن بەشێکی بۆ (تەزوو/1985) دەگەڕێتەوە، لێرەوە دەیەی دووەم دەکەوێتە نێوان ساڵانی (1985–1995) بە چڕو پڕی قەسیدەی (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس/1989) تەعبیری لێدەکات.

---

[1]– ادونيس، الثابت و المتحول- بحث في الاتباع و الابداع عند العرب، بيروت- 1974، ل 107

گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس بابەتێکی پەلوپۆداره، پەلوپۆکانی لە نێوان شاعیرو خوێنەر، پەیوەندی شاعیر بە خودی خۆیو لە هەمان کاتدا بە کەلەپوری مرۆییەوە دەخاتە روو، وەك چۆن لەرێگەی ئاماژەوە هەولّی گرتنی چرکە تاوگیرەکان بە ئیقاعێکی خێرا دەدات. هەڵگری گومانی ئەنتۆلۆژیشە، دواجار ئەو گومانە ئەنتۆلۆژییە بە مانا (دریدا)ییەکەی (جێکەوتە)ی خۆی هەیە، واتە هەم پەیوەستبوونێکە بە پێشووەوە، وەك چۆن لە هەمان کاتیشدا ئەوەیە کە ون دەبێت، ئێمە لە درێژەی ئەو باسەدا ئەو جێکەوتەیە بە شێوەی جیاواز دەخەینە رستەوەو لە چەمکی رەشبردنەوە درێژی دەکەینەوە. [1] هەروەها ئاستی نووسینی شیعری لەو دەیەدا لە رووی دەستەواژەو زمانی تەعبیرکردنەوە دەکەوێتە فەزای ئاگایی رۆشنبیری بەربلاّوی کۆتایی هەشتاکانو سەرەتایی نەوەدەکانەوە. بەو مانایە شاعیر هەولّدەدا لەو دەیەدا بە تەواوی خۆی لە گوتاری تووندی ماناگەریی و ناسیونالیزمی داخراوو گێڕانەوەئامێز رزگار بکاتو شتێك بلّێتو لەرێگەی ئەو گووتنەش فەزایەکی ئاماژەکاری تایبەت بە خۆی بەرهەم بهێنێت. وەك دەزانین ئەو فەزایە لە پانتایی ئەدەبو رۆشنبیریی هەشتاکانی کوردیدا بەشێکی پەیوەندی بە دیالۆگی نێوان کەلەپورو مۆدێرنە دەکات، وەك چۆن بەشێکی بە گەلاّلەکردنی ئاگایی عەقلّی مەعریفی دەرەوەی پانتایی ناوبراوو گۆڕینی چەمکەکانەوە هەبوو.

ئەگەر بە شێوەیەکی ئەدەبیو دوور لە هەستی ناسیونالیستیو تەقلیدی، دوور لە باوەڕی تووندی مەسەلە گەرمەکانی ئەوسای سیاسییەوە دیالۆگی کەلەپورو مۆدێرنە کاری لەسەر چەمکی دابڕان کردبێت، ئەوە لە نێوان جێگیربوونی عەقلّیەتی سێنتەرئامێزو بیرکردنەوەی پەراوێزئامێزدا چەمکی قبولّکردنی جیاوازییەکانی ئەویدیکە دەردەکەوێت، لەرێگەی ئەو دەرکەوتنەشەوە داهێنانو ئاگایی فیکری زالّ دەبێت.

---

[1]– دریدا، ج، الکتابة و الاختلاف ل 27 .

بەو مانایەش ئەو فەزایە لە رووی رۆشنبیرییەوە دەکەوێتە نێوان گفتوگۆکردنو دیالۆگی جیاوازی کەلتورەکانەوە، بەڵام ئەگەر بەشێك لە دەرئەنجامەکانی ئەو فەزایە لە رووی ئەدەبییەوە وزەی تەعبیرکردنو زمانی تەعبیرکردنی بە ئاگاییو لێوردبوونەوەو شۆڕبوونەوەی قوڵاییەوە خەریك کردبێـت، بەشێك لە سلبیاتی ئەو فەزایە لە تەمومژی رەمزیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بە مانایەك لە ماناکان ئەو تەمومژییە لەوێوە دێت، کە لە پشت هێزی زمانی تەعبیرکردن بە جۆرێك لە جۆرەکان وزە بەربڵاوەکانی سیمیۆلۆژیا وەستاوە، سیمیۆلۆژیا مۆدیلی شیعری تەمومژئامێز لە تەوزیفکردنی زمانی ئەفسانەو ئاماژەو رەمزەوە ئاراستە دەکات، وەك چۆن بە دیووەکەی دیکەش لە میانی ئاگاییو دیالۆگی فیکری و کەلتوورەوە دنیابینی فیکری مۆدیلی گومانکارانە لە شیعر دەسەپێنێت، بەشێکی زۆری ئەو جۆرە مۆدیلە بۆ گومانە فیکرییەکانی (دیکارت)و رەخنەی لێگرتنی بیریارانی پۆست مۆدێرنە دەگەڕێتەوە لە بارەی هەڵوەشانەوەی سێنترالیزمیەتی ئەو (من/خود)ە دیکارتییە.

لەو باسەدا دەمانەوێت بیسەلمێنین کە گۆڕینی چێژی شیعری لای (هاشم سەڕاج) دەکەوێتە نێوان مۆدیلی تەمومژئامێزو مۆدیلی گومانکارانەوە، دەشێ ئەوەی ئێمە ناوی بە گەمەی شیعری دەبەین، پەیوەندی بە بەریەککەوتنی ئەو دوو مۆدیلەوە هەبێت، دواجار قسەکردنمان دەکەوێتە سەر ئەو گەمەکردنە شیعرییەو هەوڵدەدەین لەرێگەی تاوگێرییەوە بە جولەی (ئارتۆ)یی بیبەستینەوە، وەك چۆن بەشێك لە تێنەگەیشتنی خوێنەریش دەخەینە نێوان گوتاری (کلینیك) و گوتاری (ئەدەبی)یەوە، یان بە مانایەکی دیکە حاڵەتی شیعریو قسەکردنی دەقەوە، واتە ئەگەر حاڵەتی شیعری پەیوەندی بە تاوگێرییە دەروونیەکانەوە هەبێت، ئەوە قسەکردنی دەق پشت بە ئاستە بەرزەکانی رۆشنبیریی شیعری دەبەستێت. لە نێوان ئەو دوو ئاراستەیە شاعیر زێتر بەرەو حاڵەتی شیعری دەبێتەوەو گوتاری ئەدەبی کەمتر قسەکانی خۆی دەخاتە روو (لە بەشەکانی داهاتوو ئەو مەسەلەیە روون دەکەینەوە)

لێرەدا دەبینین گرفتی سەرەکی ململانێی کەلەپورو مۆدێرنە لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا دەچێتە خانەی ململانێی خۆماڵیو بیانی، نووسەرو خوێنەر، تێگەیشتنو تێنەگەیشتنەوە.... بە مانایەکی دیکە ئەگەر شاعیر لە دووتوێی (حاڵەتی شیعری) بە وزەی تەعبیرکردنی شیعری گەیشتبێت، لە بەرامبەردا خوێنەر (هەڵبەتە بە پێی ئاستی رۆشنبیریی جیاواز) لە میانی (گوتاری ئەدەبی)ییەوە[1] دووچاری تەمومژی دەبێتەوە، بە کورتی لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین دەشێ ئەو دەیەیە لای شاعیر جۆرێك بێت لە بونیادنان و رووخاندن، ئەوەش لە دوورکەوتنەوە لە وەسفکردنی رووکەشانەو خۆلادان لە رۆشنبیریی ئایدیۆلۆژیستیو شۆڕبوونەوە بەرەو قوڵاییو دۆزینەوەی خود دەردەکەوێت.

وەك گوتمان ئەو قسەیە لەوێوە دێت کە راستە ئەو دەیەیە لە شیعری کوردی سەرەڕای تەمومژی لە زمانی تەعبیرکردندا جۆرێك لە رۆشنبیری بەربڵاوو مەعریفەی شیعری سەرچاوەداری پێیە، بەڵام بە دیووەکەی دیکە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بەشێکی تەمومژی بخەینە دەرەوەی زەمەنی واقیعیەوە، واتە ئەگەر بە گشتی سەرچاوە شیعرییە هەرە دیارەکانی ئەو دەیەیە لای شاعیر لە (ئیلیوتو مالارمێو ریلکە، هیلدرین دواجار پێرسو رامبۆ...) بەرجەستە بێت، هەروەها زەمەنی واقیعی شاعیر پەیوەندی بە دەنگە دیارەکانی شیعری هەشتاکانەوە هەبێت، ئەوە بە دیووەکەی دیکە بەشێکی تەمومژی پەیوەندی بە پاشماوەکانی شکستی شۆڕشی 1974ی کوردی و جەنگی هەشت ساڵەی عیراقو ئێرانیشەوە هەیە.

---

[1]— ئێمە زۆرترین هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین کە حاڵەتی شیعری لە گوتاری کلینیکی دریداییەوە نزیك بکەینەوە، بەو مانایەش لە حاڵەتی شیعریی یان گوتاری کلینیکی دریدا پێیوایە ئەوە شێتی دانەرە قسە دەکات، بەڵام لە گوتاری ئەدەبی ئەوە دەقە کە قسە دەکات، لێرەوە پرسیاری ئێمە لە جاڵەتی شیعری بە جێکەوتەو لە گوتاری ئەدەبی بە جوانگوتنەوە بەند دەبێتو شوێنی پەیامی نووسەری دەگرێتەوە، بەو مانایە جوانگوتن دەبێتە پەیامی نووسەر.

بەڵام کاتێك قسە لە قۆناغی هەشتاکان دەکەین، ئەو شاعیرانە دەگرێتە کە دەقی جیاوازییان خستە نێو رۆشنبیریی شیعرییەوە، بە دروستکردنی فۆرمی تایبەتیو وێنەی شیعریو کردەی گۆڕانکاری لەنێو زمانو بونیادی شیعرییەوە، واتە هەوڵێك بوون بۆ لەناوبردنی یادەوەری شیعری حەفتاکانو سڕینەوەی بەپیرۆز راگرتنی ماناو روخاندنی دەسەڵاتی باوی زمان لە نێو شیعردا، هەڵبەتە نیازی ئەو هەوڵەش ئەوە بوو کە واقیعی کۆمەڵایەتی بە دنیابینیەکی ئیستێتکی هاوچەرخ بارگاوی بکات.

دەشێ بڵێین لە پشت بیرکردنەوەی جیدییانەی ئەو دەیەیە بە پلەی یەکەم تەجاوزکردنی دوالیزمەکان وەستاوە، کە بەگشتی بە فیکری (نیچە)وە بەندە، وەك چۆن لە رووی زمانەوە بۆچوونەکانی (بارت)و لە پشت لێوردبوونەوەو شۆڕبوونەوە بەرەو ناوەوەش فیکری (فرۆید) لەرێگەی نەستەوە خۆی زاڵ دەکات.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شیعری کوردی لەو دەیەیەدا بەر لەوەی بیر لە شیعرییەتو ئەو فەزا کراوانە بکاتەوە کە چێژ رابەرایەتیان دەکات، بیر لە ئاگایی رۆشنبیرییو فیکری مەعریفی دەکردەوە کە مۆدیلێکی رەشئامێزی شکستی سیاسی دەخستە روو، وەك چۆن لە بری ئەوەی خەونبینی ئاراستەکان دیاری بکات، تەوزیفکردنی رەمزو ئاگایی رۆشنبیریی رۆڵی سەرەکی دەگێڕا.

# باسی دووەم: قۆناغی دەرکەوتن

قۆناغی دووەم، کە بە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری (هاشم سەڕاج) دەژمێردرێت بە لای ئێمە لە قەسیدەی (ورچ/1994)ەوە دەست پێدەکات، ئەو قۆناغە شێوەیەکی ئاوێتەئامێزی لەخۆدا هەڵگرتووەو درێژ دەبێتەوە تا بە کۆمەڵەی (لالە بەدەستان/2000) دەگات. لەو قۆناغەدا شاعیر هەوڵدەدات (زمانی تەعبیرکردنی تەمومژئامێز) بەرەو (گەمەکردنی زمانەوانی)و (مەستکردنی وشە) بگوازێتەوە هەروەها تەوزیفکردنی ئاگایی رۆشنبیریش لە بری ئەوەی بە ئاماژەو رەمزەوە بلکێنێت، بە خەیاڵو پێشبینیکردن پەیوەست دەکات. ئەو گواستنەوەیە لە کۆی ئەزموونو ساتەوەختی پرۆسەی نووسیندا درێژە بە گەمە شیعرییەکانی دەدات، ئەو گەمە شیعرییانەش بە دیالۆگی هەردوو رەگەزی دەروونو ئەزموونەوە بەندە.

لە ئەزموونەوە زمانێکی فەردانی دروست دەکاتو لەوێشەوە بەرەو خەیاڵو پێشبینیکردن دەچێ، وەك چۆن لەرێگەی ترسو دڵەڕاوکێی دەروونییەوە مامەڵە لە تەك گومانو بێهودەییە شیعرئامێزەکەدا دەکات بە جریوەو جوانی دەسپێرێت. یان دەشێ بڵێین لەرێگەی باگکراوەندە رۆشنبیرییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ گومانو مانادا دەکات، لەوێشەوە ئاگاییەکان بە گێڕانەوەو رەشبردنەوە درێژ دەکاتەوە. بە دیوەکەی دیکە لە ساتەوەختی دڵەڕاوکێی پرۆسەی نووسینی شیعرییەوە، یان لە تەقینەوەی شیعرییەوە درەوشانەوە دەگرێو بە شیعرییەتەوە پەیوەستی دەکات. بە گشتی دەمەوێت بڵێم هارمۆنیەتێك لەنێوان حاڵەتی گوتاری ئەدەبیو حاڵەتی گوتاری دەروونی دادەمەزرێنێت. هەر لەوێشەوە سۆزی رووکەشو لیریکیەتی

شیعری کوردی جێدەهێڵێ و بەرەو تەقینەوەی شیعریو پرۆسەی نووسینی خەیاڵو پێشبینیکردن دەچێ[1] .

کەواتە ئەگەر گواستنەوەی یەکەم لە (قۆناغی دەرکەوتن) لە پەیوەندی (ئاگایی رۆشنبیریی)یەوە بەرەو دەرئەنجامەکانی تەجاوزکردنی (دوالیزمییەت)ەوە هەنگاو بنێتو رەگەزی سەرەکی ئەو تەجاوزکردنە جیاوازییەکانی فیکری سەردەم بێت، بەو مانایەی کە فیکری سەردەم لە رەنگاورەنگیدا خۆی دەنوێنێت. گواستنەوەی دووەم لە (قۆناغی دەرکەوتن) لە (هەستی دەروونی)یەوە بەرەو شیعرییەت دەچێتو خودی شیعرییەتیش لە میانی پرشنگەکانی فیکری سەردەمەوە، یان ئەوەتا بێ مانایی رەنگەکانی دادەرێژێت یان بێهوودەیی پەردەپۆشی دەکات. لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێین لای (هاشم سەراج) لە پشت دەرئەنجامی گواستنەوەی یەکەم (ئەزموون) وەستاوە، بەڵام لە پشت دەرئەنجامی گواستنەوەی دووەم (دڵەراوکێ) کار دەکات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی قۆناغی شیعری دەرکەوتنێکە لە نێوان بزاڤی دیالۆگئامێزی (ئەزموونی شیعری)[2] و (دڵەراوکێی شیعری)یەوە هەر لەو بزاڤە دیالۆگئامێزەشەوە شیعرییەت دێتە بەرهەم. لەرێگە ئەو دۆزینەوەیە دەشێ دوو روو لە پرۆسەی نووسینی شیعری  لای (هاشم سەراج) دەسنیشان بکەین: رووی یەکەمیان پەیوەندی بە ئاگایی رۆشنبیرییەوە هەیە، ئەو ئاگاییەش لای ئەو هەڵوێستێکە، بە قەد ئەوەی بە ئاگایی فیکری سەردەمەوە بەندە، ئەوەندەش سەیرورەیەکی باتنیەو لە

---

[1]– هەڵبەتە وەك دەردەکەوێت (حاڵەتی لە ناکاو) تەعبیرکردنی تاوگیریو هەڵچوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، تاوگیریو هەڵچوون دوو تەعبیرن بۆ حاڵەتی دەروونی، بەڵام دەمەوێت بە کورتی لەو نووسنەدا هەڵچوون بە حاڵەتی رووکەشو کەفوکوڵی گەنجانەو تاوگیری بە حاڵەتی قووڵو دەمارگیریو ئەزموونەوە پەیوەست بکەم.

[2]– ئەزموونی شیعری جگە لە چەپێنراوی غەریزی کۆی ئەو هوشیاریو ئاگاییە رۆشنبیرییە دەگرێتەوە کە لە هەستو نەستی منی شاعیردا ئەمبار کراوە.

(ناوەوە) بە هێڵێکی نادیار بە فیکری باتنییەوە دەلکێت، بە پێی ئەزموونی شیعری شاعیریش دەبینین ئەو ئاگاییە ئەگەرچی هۆیەکانی (دەرەوە)ی جۆراوجۆر دەکەوێتەوە، بەڵام جەوهەرەکەی لە جێگیربووندا بەرجەستە دەبێت. دەمەوێت بڵێم لای شاعیر لەپشت ئاگایی رۆشنبیرییانەی سەردەم کرۆکی رەهابوون (یان هەر ناوێکی دیکەی لەخۆدا هەڵگرتبێت) لە (ناخ)ی شاعیردا وەك جێکەوتەیەك خۆی متداوە، کە کەمتر قابیلی رەتکردنەوەو نکۆڵیکردنە، با وێنەو هۆیەکانیشی لەرێگەی پێشبینیکردن قابیلی رەتکردنەوەو نکۆڵیکردنی بەردەوام بێ، ئەوەش راستەوخۆ (هیگل)مان بیر دەخاتەوە. بەڵام لە پشت هۆیەکانی (دەرەوە) خەیاڵ کار دەکات.

رووی دووەمیان پەیوەندی بە حاڵەتی دەروونیەوە هەیە، ئەو حاڵەتەش ساتەوەختیو نادیارەو زێتر بە پڕۆسەی نووسینی شیعرەوە بەندە، بە هێڵێکی دیار لەرێگەی بێ مانایی بە دڵەڕاوکێو لەرێگەی مەستکردنی وشە بە جوانکارییەوە پەیوەست دەبێت. دیالۆگی نێوان رەگەزەکانیش بە هەر دوو دیووەوە  توانای هێنانە بەرهەمی شیعریەتی لەخۆدا هەڵگرتووە.

**بۆ زێتر شارەزایی لە دیالۆگی نێوان رەگەزەکانو هارمۆنیەتی نێوان ئەزموونو دڵەڕاوکێ بڕوانە ئەو هێکارییانەی خوارەوە:**




**(هێلکاری ئەزموونی شیعری لە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری هاشم سەڕاج)**

*        *        *




(هێلکاری دڵەڕاوکێی شیعری لە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری هاشم سەڕاج)

* * *

بە گشتی لەو بارەیەوە شاعیر لە نێوان خودگەرای سایکۆلۆژیو (من/خود)ی بیرکەرەوەدا دەخولێتەوە. ئەگەر (من/خود)ی بیرکەرەوە لە پێشینە رووتەکان پێکهاتبێو بە ئاگاییە جێگیرەکانەوە بەند بێتو لەرێگەی زمانی فەردانییەوە تەعبیر لە ئەزموونی شیعری بکات، ئەوە خودگەرای سایکۆلۆژی ناجێگیرەو بە تاوگیریو ویژدانو ئیرۆتیکەوە بەندەو لەرێگەی تەقینەوەی شیعری تەعبیر لە دڵەڕاوکێ دەکات. بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئەزموونی شیعری دەلالەت لە ململانێی حەزەکانی ناوەوەو دەرەوە بکاتو لەوێوە (من/خود)ێکی بیرکەرەوە بخاتەوە کە لەرووی پەیوەندییەکانەوە هەڵگری باگکراوەندە رۆشنبیرییەکان بێتو بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابێت دەریچەیەك بۆ دیالۆگ، یان مەسافەیەك بۆ تەعبیرکردنو هەڵنانی ماناو زمانی فەردانی بکاتەوە، ((بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو مەسافەیە لە هەڵوێستی (من/خود)ی بیرکەرەوە لە دایك دەبێت، گومانی تێدا نییە کە زۆر جار دەکەوێتە بەرامبەر هەستی ئایینی، یان بیروباوەڕ یان هەندێجار عەقڵی باتینی لەوێوە بە ئەزموونەوە دەلکێت)) بە دیوەکەی دیکە دڵەڕاوکێی شیعری تەعبیر لەو تەقینەوە کورتخایەنە دەکات کە دەکەوێتە نێوان هەستی تاوگیریو حاڵەتی درەوشانەوەی زمانەوە.

بەڵام ئەگەر یەکەمیان لە کۆی ماناو گومانەکانەوە سێبەرێك بۆ دەق بسازێنێت، یان هێڵی پەیوەندی بێت لە نێوان (من/خود)و (بیرکردنەوە)، (من/خود)و (ئەوان)، ئەوە دووەمیان پڕشنگەکانی دەقی لەخۆ گرتووەو دەکەوێتە سەر هێڵی پەیوەندی (من/خود)و (تاوگێری). بە گشتی دەتوانین بڵێین لە کۆی پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی سێبەرو درەوشانەوە شیعرییەت بەرجەستە دەبێت، وەك چۆن لە دیالۆگی نێوان رەگەزەکانی هەر یەك لە چەمکی ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعری ئاگایی و بیرکردنەوەی (من/خود) بە (من/خود)ی تاوگێر دەگات.

لێرەدا دەشێ خوێنەری وریا پرسیارێکی لۆژیکی لە دیالۆگی نێوان ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعری لا دروست بێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك شاعیر لە پرۆسەی نووسینی شیعردا (من/خود)ی تاوگێر رابەرایەتی دەکات چۆن بە ئاگاییەوە دەلکێتو کاتێك (من/خود)ی بیرکەرەوە رابەرایەتی دەکات چۆن بە دەروونەوە پەیوەست دەبێت؟!

هەڵبەتە ئەو پرسیارە راستەوخۆ پەیوەندی بە (ناونیشانی دووەم)ی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە هەیەو بە لای ئێمەوە چارەسەری ئەو گەمەیە خۆی لە چەمکی خەیاڵو گەمەی زمانەوانیدا دەدۆزێتەوەو بە ئازادییەوە بەند دەبێت. بەو مانایەش بۆ ئەوانەی لە بنەڕەتەوە لەسەر دیالۆگی (ناونیشانی دووەم) ناکۆکن، دەشێ خەیاڵی کانتی[1]و گەمەی زمانەوانی ئەو پەیوەندییەیان بۆ رێکبخاتەوە.

**کەواتە دەتوانین دیالۆگی ناونیشانی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو دوو خاڵەدا کورت بکەینەوە:**

1- کاتێك جریوە لەرێگەی رەگەزی خەیاڵو پێشبینیکردن بە باگکراوەندەکان دەگات، گومانو مانای لێدێتە بەرهەم، گومانو مانا سەر بە ئەزموونی گێڕانەوە و فیکرن.

---

[1]– خەیاڵ چەمکێکە لە پێکهاتەی زەین بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە کتێبی (العدمیة النهلستیة) د.سامی ادهم، دار الانوار- بیروت،ط 1، 2003، ل 56-59 .

2- کاتێك ڕەشبردنەوە لە ڕێگەی ڕەگەزی گەمەی زمانەوانیو مەستکردنی وشە بە جریوە دەگات، بێ هوودەییو بێ مانایی لێدێتە بەرهەم، بێ هوودەییو بێ مانایی سەر بە ساتەوەختی تاوگیریو جوانکارین.

دەمەوێت بڵێم **شاعیر لە گەمەی نێوان (من/خود)ی سایکۆلۆژیو (من/خود)ی بیرکەرەوە شیعر بەرهەم دێنێت، بەو مانایەش هەندێجار لە خودگەرایی داخراوەوە بەرەو بابەتگەرای دەرەوە دەچێت، وەك چۆن هەندێجار لەرێگەی منی بیرکرەوەو منی گێرەرەوە منی لبیدۆی بێگەرد ڕەتدەکاتەوە.** کەواتە دەکرێ لەرێگەی گەمەی زمانەوانیو مەستکردنی وشە، ئاگاییو لەوێشەوە ڕەشبردنەوە کەشف بکرێت، هەروەها دەکرێ لەرێگەی خەیاڵو پێشبینیکردن، تاوگیریو لەوێشەوە جریوە بخرێتە روو. لێرە دەگەینە ئەوەی کە **(هاشم سەڕاج) جولەیەکی دیالۆگئامێزی نێوان ئەزموونو دڵەڕاوکێیە، هەر لەو جولە دیالۆگئامێزەشەوە دەشێ شیعرییەت بخاتەوە.** دواجار لەو گفتوگۆو ئاڵوگۆڕییەدا دەتوانین قۆناغی دەرکەوتن بە سیحری شیعرییەتەوە پەیوەست بکەین، سیحری شیعرییەت ئەو هارمۆنیەتەیە کە شەهوەتی تەواوکردن لای خوێنەران دەبزوێنێ، یان گەمەیەك بەجێدەهێڵێ، سیحری شیعرییەت تەقینەوەی پرسیارو وروژانی چێژی کەشفکردنی لەخۆدا هەڵگرتووە...بەو مانایە سیحری شیعرییەت هونەری نووسینەو بەردەوام منی بیرکەرەوەو خودی سایکۆلۆژی بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەگەر چەمکی شیعرییەت لە نێوان پەیوەندی داپۆشراوی تاوگیریو جوانکاری بێتە بەرهەمو سیحری نووسین بنوێنێت. ئەوە گێڕانەوە لە پەیوەندی داپۆشراوی نێوان گومانو ماناوە دێتە بەرهەمو لەرێگەی زمانی فەردانیەوە ئەزموونە هەستیو نەستییەکانی لەخۆ گرتووە. بەو مانایەش **سیحری شیعرییەت وجودێکی جریوەئامێزی ئەزموونداره، نە بەیاد هێنانەوەیە، نە حەقیقەتی خود.** ئەگەر ڕەتکردنەوەی حەقیقەتی خود نکۆڵیکردنی ترانسندنتالیەتی عەقڵ بێت، ئەوە نکۆڵیکردنی بەیادهێنانەوە لەوێوە دێت کە مرۆڤ نەزۆك نییە تا لەسەر یادەوەری بژیت. دواجار دەتوانین بڵێین (هاشم سەڕاج) لە سیحری شیعرییەتدا زۆر بە جوانی بە شێوەیەك لە شێوەکان دیالیکتیکی نە

ئەمیانو نە ئەویان پرۆسیسە دەکات، واتە لە رووە دیارەکەیدا لەرێگەی رەگەزەکانی زمانو مەستکردنی وشەو گەمەکردنی زمانەوانییەوە تەعبیر لە شیعرییەت دەکات، وەك چۆن لە رووە نادیارەکەیەوە هەڵچوونی حاڵەتێکی دەروونی یان عەقڵی باتینی لەرێگەی زمانی فەردانیەوە تا جوانی بەرز دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر لە پشت جێگیربووندا میکانیزمی گومانو مانا رەش بچێتەوە، لە پشت جێگیرنەبوون میکانیزمی بێ ماناییو بێ هوودەیی دەدرەوشێتەوە، ئەوەش گەمەیەکە لە وێنەکردنو بەرجەستەبوونی پرۆسەی نووسینی شیعری شاعیردا، ئەو گەمەیە لە لایەك لەرێگەی لادانو خزینی ماناوە بەرەو گومانمان دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە لەرێگەی جەختکردنەوەی دەنگو پیتو وشەوە یان دووبارەکردنەوەوە، بیرکردنەوەمان بەرەو جۆرێك لە چوارچێوەگیری یان حاڵەتێکی نائاسایی دەروونی دەبات. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەو جۆرەی دواییان لە مامەڵە کردن ئەگەرچی بە دیوێك (واتە لەرێگەی لادانو خزینی ماناوە) شیعرییەتی لێدەڕژێ، بەڵام بە دیوێکی دیکە (واتە لەرێگەی جەختکردنی پیتو وشەوو دووبارەکردنەوەیان) حاڵەتە شیعرییەکە بە تۆتۆلۆژییەتەوە دەلکێنێتو سێبەری دەق لە تاریکی نزیك دەکاتەوە، وەك دەزانین لە پشت هەموو حاڵەتێکی تۆتۆلۆژیئامێزیش دەسەڵاتی باوکسالاری ئامادەگی هەیە.

کەواتە ئەگەرچی (هاشم سەڕاج) لە پڕۆسەی نووسینی شیعریدا سوود لە زۆربەی دەسەڵاتەکان دەبینێت یان دیالیکتیکی نە ئەمیانو نە ئەویان پرۆسیسە دەکات، بەڵام کاتێك ئەو سوودخوازییە لە رووی دەقی شیعرییەوە تەرجەمەی سەر دنیابینی دەکەین، دەبینین زێتر بەرەو رەهاخوازی دەبێتەوە. ئەو قسەیەمان ئەگەر بە کوشتنی شیعرییەتیش نەکەوێتەوە، بەشێکی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتو وزەی شیعرییەوە بوەستێ، بەو مانایەی کە هێزی شیعرییەت لەوەدایە بتوانێ رووە جیاوازەکانی فیکرو زمان بنەخشێنێتو ئیستێتیکاو چێژی لێبهێنێتە بەرهەم، بەڵام بە دیوەکەی دیکە گومانی تێدا نییە کە بەشێکی زۆر لە سیحری شیعرییەت لەکەدار دەکات.

لێرە دەگەینە ئەوەی کە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری لای (هاشم سەڕاج) لەسەر دوو بازنەی بە نێو یەکداچوودا یەکتر تەواو دەکەن: **میکانیزمی بازنەی یەکەم** لە زمانەوە هەڵدەقولێت‌و بە دڵەڕاوکێدا دێتەوە. **میکانیزمی بازنەی دووەم** لە گێڕانەوەی ئاگایی رۆشنبیرییەوە دەستپێدەکات‌و بە ئەزموونی شیعری دەگەڕێتەوە. لەنێوان ئەو دوو بازنەیە ماوەیەك هەیە کە دەتوانین بە ماوەی نووسینی شیعری بچوێنین، زمان تیایدا بارگاوییە بەوەی رووناداتن، بەوەی گەمەی روونەدان ئەنجام دەدات، (کەمال ئەبودیب)[1] ئەو ماوەیە بە ماوە گرژبووەکان ناو دەبات، بۆیە ئەگەر سەیری میکانیزمی یەکەم بکەین دەبینین هەندێجار لە باڵاترین پلەی گرژی ناوەوە، یان ترسی ناوەوە خۆی دەنوێنێت، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان جێکەوتەکەی بەرەو دڵخۆشبوون، یان شێتی دەچێت‌و لە گومان‌و بێهودەییدا ون دەبێت، هەندێجاریش لە میانی دڵەڕاوکێی تووندەوە هەستی دەروونی تا ئەوپەڕی تاوگیری دەبات.

بەڵام میکانیزمی دووەم هەندێجار لە گێڕانەوەی باگکراوەندەکانەوە دووچاری بەیەکداچوونی ئاگاییە مەعریفی‌و رۆشنبیرییەکان دەبێت‌و ئەو بەیەکداچوونەش لەرێگەی مەستبوونی وشەوە چارەسەر دەکات، هەندێجاری دی لە میانی زاڵبوونی ئاگایی رۆشنبیریی سەردەمەوە دەکەوێتە نێوان چەمکی ماناو بێ ماناییەوەو لەرێگەی

[1]- ابو دیب، ك، جدلیة الخفاء و التجلي، دراسات بنیویة في الشعر، بیروت، ط 1، 1979، ل 262. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:فی الشعریە، بیروت-لبنان، گ 1، ل 1. لەوێدا دەڵێت: بۆشایی: ماوەی گرژبوون لە ناوکۆییەك رادەبێتەوە کە کۆمەڵێك پەیوەندی لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیوەندییانەش دوو رەهەندی جیاوازییان هەیە، یەکەم: کۆمەڵێك پەیوەندی سروشتی کە لە تایبەتمەندیی‌و کارفرمای ئاسایی پێکهاتەکانی دەق سەرچاوە دەگرێت، هەڵگری خەسڵەتگەلێکی سروشتی یاووە بە پێی بنەمای زمانەوانی رێکوپێك کار دەکات. دووەم: کۆمەڵێك پەیوەندی تایبەتمەندی نەگونجاوییان بە یەکەوە هەیە، یان ناسروشتی واتە پەیوەندییەکان بە نەگونجاو خۆیان دەنوێنن، بەڵام خۆیان لە شێوەی گونجاوی ناوکۆییدا دەخەنە روو.

هەڵوەشانەوە بە پێشبینیکردنی دەسپێرێت. **لە بەیەکداچوونی ئاگاییەکاندا (هاشم سەڕاج) خودێکی ڕاڕاو نکۆڵیکەرە، بەڵام لە زاڵبوونی ئاگایی سەردەم منێکی ئەزموونکارە.** ئەگەر ئیجابیەتی یەکەم پەیوەندی بە گەمەی شیعرییەوە هەبێت، ئەوە سلبیەتی دووەم لەوەدایە کە هەوڵدەدات لەرێگەی نمایشکردنی منی شیعرییەوە چەمکی رەهائامێز بشارێتەوە، هەر لەوێشەوە هەوڵدەدات گەمەی نمایشکردنو شاردنەوە بە ئیستێتیکاو چێژەوە بلکێنێ.

ئەو جیاکارییەی کە لێرەدا دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە وزەی دڵەڕاوکێ رێگە بۆ تواناکان خۆش دەکات رووبەرووی بەریەککەوتنو دۆزینەوەو چێژ بێتەوە، بەڵام هێزی باگکراوەندی رۆشنبیریی لای شاعیر بەرەو بیرکردنەوەو هەستی ئایینیمان دەبات، بیرکردنەوەو هەستی ئایینی دوو رووی دیارو نادیاری هەیە، رووی یەکەمیان ئایینزاییو جێگیرو بەرجەستەیە، رووی دووەمیان نادیارو سۆفیگەرییانەو نەچەسپاوە، رووی یەکەمیان تۆتۆلۆژییەتی لێدەکەوێتەوە، رووی دووەمیان شیعرییەت. یان بە مانایەکی دیکە دەکرێ بڵێین کۆی قەسیدەکانی شاعیر لەرێگەی ونبوونو دەرکەوتنندا لە زۆربەی جاردا شیعرئامێز خۆیان دەنوێنێ، بەڵام هەندێك دووبارەکردنەوەی پیتو وشەو ئیقاعی زاڵ هەیە زیاد لە پێویست رەهاخوازو ئایینزاخوازو تۆتۆلۆژی دەکەوێتەوە.

بەمجۆرە لە بەدواداچوونی وزەی دڵەڕاوکێو وزەی ئەزموون هەوڵدەدەم دڵەڕاوکێ بە ئازادی نووسینو ئەزموون بە مەعریفەی نووسین پەیوەست بکەم. لە میانی هارمۆنیەتی ئەو دوو لایەنەشەوە سیحری شیعرییەت بەرجەستە دەبێت.

**دەشێ بە گشتی چەمکی (جێکەوت)ی دریدایی لە ئەزموونی شیعری (هاشم سەڕاج)دا لە سێ رەگەزی بنەڕەتی دیاری بکەین:**

1- پەیوەندی شیعر بە جنسی مێینەوە، بەشێکی زۆری ئەزموونە هەستیو نەستییەکانی لەخۆ گرتووە، کۆی ئەو پەیوەندیانە لە دەقی شیعریدا دەکەوێتە سەر زمانی فەردانی دووبارەکردنەوەی پیتو وشەو دەستەواژەو خولانەوە بە دەوری ئیقاع و

فەزای مانادا، ئەو گەمە شیعرییە لە رووی داهێنانی هونەرییەوە لەگەڵ یاری زمانەوانیدا جێکەوتەی هەیە (بۆ نموونە بڕوانەی قەسیدەی یەشمەکانی چۆمسکی، گەمەی مۆرفیمەکان، جەمرە...)[1] .

2- پەیوەندی خود بە ناوەوەی خۆیەوە کە خەونو یادەوەریو تاوگێریو ئارەزووەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، لە رووی شیعرییەوە مەستکردنی وشەی لێدەکەوێتەوە (بۆ نموونە بڕوانە قەسیدەی خەون، تاوسی سپی[2]، شالیس...)[3] .

3-پەیوەندی من بە بیرکردنەوە، کە لەسەر رۆشنبیرییە جیاوازەکان وەستاوەو سێبەر بۆ دەق بەجێ دەهێڵێت ( بۆ نموونە بڕوانە قەسیدەی گۆڕستانی ئەپیکۆڕۆس، ورچ، مۆنادە جوانەکان...)[4] .

---

[1]– سەراج، ه، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 328،128،120 .

[2]– سەراج، ه، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ،227،70،

[3]– سەراج، هاشم، شالیس-شیعر،لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاییندە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007 .

[4]– سەراج، ه، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 62،81،100 .

# باسی سێیەم: ئەزموون وەك تاوگیریەکانی ناوەوە

**قوڵترین تاراوگە ئەوەیە خاوەنی جەستەیەك بیت، ئێستای نەبێت.**

**(شەوقی عەبدولئەمیر)**

(هاشم سەڕاج) شاعیرێکی بیرکەرەوەو تاوگیرو هەستیارو خەیاڵئامێزە، هەڵگری کەسایەتیەکی تایبەتەو زۆر گرنگی بە دەوروبەر نادات، دەشێ ئەو گرنگی نەدانە جۆرێك بێت لە پارێزگاریکردنی هەستی شاعیری، بە دیوەکەی دیکەش جۆرێك بێـت لە گەڕانەوە بۆ ناوەوەو ململانێی ناوەوەی خۆی. هەڵبەتە بە قەد ئەوەی گرنگی بە دەرەوە نادات ئەوەندە رەوشتی بەرزو نموونەی بیرکردنەوەی رووت بە هەند هەڵدەگرێت.

لێرەوە شاعیر لەرێگەی ناهاوسەنگیو ململانێی دەرەوەو ناوەوە، ناوەوەو ناوەوە دەبێتە هەڵگری سرووشتێکی تاوگیرو نامۆ، یان نەشیاو لەگەڵ نۆڕمو واقیعی باو، ئەوەش بە شێوەیەکی بەرفرەوان وەك مۆڕك، یان سرووشتی نەستی لە زمانی شیعرییدا رەنگدەداتەوە. دەمەوێت بڵێم ئەو مۆڕکە بە ئاستی جیاوازو شێوەی جیاوازەوە دەکەوێتە دەرەوەی ویستی نووسەرو لە خەیاڵو وڕێنە دەکات. لە نێوان وڕێنەو خەیاڵ دوو جۆر لە تەعبیرکردن لە زمانی شیعری (هاشم سەڕاج)دا دەبینرێت یەکەمیان مەستکردنی وشەیەو ئەویدیکە یاریکردنە لەگەڵ زمان. ئەگەر یاریکردن لەگەڵ زمان پەیوەندی بە چەمکی پاشبەنکردنی (دریدا)ییەوە هەبێت بە مانای ئەوەی کە شتێ دێ شتێکی دیکە تەواو دەکات، یان دەچێتە سەری، هەر دوو ماناکەش ئەوە دەگەیەنن کە ئەو شتەی کە شتێکی دی دەخرێتە سەر، خۆی ناتەواوە.[1] ئەوە مەستکردنی وشە لە دەرئەنجامی دڵەڕاوکێوە، وشە بە وڕێنە بارگاوی دەکات، بارگاویکردنی وشە بە وڕێنە

---

[1]– دەنگ و سێبەر، کۆمەڵێك وتار، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- ئازاد سوبحی، لە بڵاوکراوەکانی سێنتەری نما، هەولێر 2002، چاپی یەکەم، ل 199 .

مەستکردنی وشە لە پرۆسەی فێلێهاتنی شیعری نزیك دەکاتەوە، بەو مانایەش پرۆسەی مەستکردنی وشە لە پرۆسەی فێلێهاتن بە ئامانج دەگات. بەجۆرە پرۆسەی مەستکردنی وشە گواستنەوەی وەسفکراوە بۆ فەزای نەشوە، هەڵبەتە ئەگەر یاریکردنی زمان پەیوەندی ناراستەوخۆی لەرێگەی شێوازەکانی پێشبینیکردنەوە بە خەیاڵەوە هەبێت‌و لەوێوە هەندێجار لە خۆشی نزیك بێتەوە، ئەوە مەستکردنی وشە لە دڵەڕاوکێوە بە وڕینەوە دەلکێ.

لە کۆی ناهاوسەنگی‌و ململانێی دەرەوەو ناوەوە، ناوەوەو ناوەوە دەبینین بەرهەمەکانی بەشێکی زۆریان لە ترس‌و دڵەڕاوکێ‌و دڵتەنگی تێدایە، هەموو ئەوانەش بەجوانی لە زمانی تەعبیرکردنی قەسیدە ئاوێتەکانی (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس، تاوسی سپی، خەون، زینانی رۆح، یەشمەکانی چۆمسکی، شالیس) دەبینرێت. دەشێ بڵێین لە بەشی زۆری قەسیدەکاندا، شاعیر لە نێوان (توندی)و (نەرمی) تەعبیرکردندا دەخولێتەوە. خودی ئەو توندی‌و نەرمییەش دەکەوێتە سەر حاڵەتە هەستییەکان‌و بە ناوەڕۆکی گەیاندنەوە بەند نییە، بۆیە ماناکان وەك پێویست تێر نین. تێر نەبوونی ماناکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەزای مانا بۆخۆی کراوەیەو لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخدا ئەویش دەگۆڕێت. بە مانا (دریدا)یەکەیەوە دەشێ بڵێین دەکەوێتە سەر چەمکی جیاوازییەوە، چەمکی جیاوازیش وەك (دریدا) روونی دەکاتەوە هاوشێوەو لێکچوون نییە، بەڵکو پێویستە ئەرکی لێکترازان‌و پەرتکردن ببینێ، بە دیوەکەی دیکە دەبێ ئەرکی دواخستن‌و تەئجیلکردن وازی بکات.

مانا لای (دریدا) بە حاڵەتی جیاوازییەوە بەندە، گەمەی جیاوازییەکانیش پرۆسەی تەئجیلکردنێکی بەردەوامی لەخۆدا هەڵگرتووەو لەوێشەوە دەگەینە ئەوەی کە مانا سەرچاوەی زمان نییە، مانا بەرهەمی زمانە، نەك هەر هێندە بەڵکو لە بەر ئەوەی (دریدا) بڕوای بە ئەسڵ‌و سێنتەر نییە ئیتر لەسەر ئەو بناغەیە زمانیش دەبێتە گەمەیەکی بێ سەرکردە. بەجۆرە سەپاندنی جیاوازی ، یان "بڕوابوون" بە جیاوازی (بڕوابوون-لە نێو دوو کەوانەدا- بۆ ئەوەی دووچاری ئیشکالیەت نەبین) واتە لەناوبردنی

سێنترالیزمی عەقڵو وشەو بانگەشەکردنی فەلسەفەیەکی بێ ناوەندو سێنتەر، هەر لەسەر ئەو بنەمایە زمان دەبێتە گەمەی جیاوازیو جیاکاری.[1]

لەو بەدواداچوونەدا دەتوانین بڵێین هەر دوو حاڵەتی توندی نەرمی لای شاعیر لە شێوازی دەربڕینو خێرایی لە ئیقاعدا کۆ دەبێتەوە، هەر لەوێشەوە ترسو هەڵچوونو تاوگێری بەرجەستە دەکات. بەڵام بە دیوەکەی دیکە وەك بیرکردنەوە جۆرێك لە جێگیریو دڵتەنگی دەنوێنێو رستەکان رەشدەکاتەوە، هەر لە میانی ئەو رەشئامێزییە، یان رەشبردنەوەیە جۆرێك لە هەستکردن بە لێپرسینەوە خۆی دەسەپێنێت.

کەواتە ئەگەر شاعیر وەك ئیقاعی نووسین لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا لەخۆ ئامادەکردنو چاوەڕووانیکردنی رووداوێك، یان کەوتنێك دابێتو لەوێوە خوێنەر هەست بە سەرکێشیو یاخیبوون بکات، ئەو حاڵەتەش هەڵگری رووتکردنەوەو رەتکردنەوەیەکی نەچەسپاوو نێگەتیفئامێز بێت. دەتوانین بڵێین لە باری دووەمدا جۆرێك لە جێگیری پێوە دیارە. بەو مانایە هەر لە قەسیدەکانی (لالە بەدەستان)ەوە ئیتر بە رووە ئاشکراکەی لەرێگەی زمانی فەردانی واتە دووبارەکردنەوەی پیتو وشەو دەستەواژەو لەرەی ئیقاعێکی زاڵی توندەوە پەیوەندی (شیعر) بە جنسی مێینە بە مانا سادییەکەی (یان من/خود سایکۆلۆژی)و پەیوەندی (من/خود) بە عەقڵی باتنی بە مانا مازۆخییەکەی تۆختر دەکاتەوە. لێرە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەشێ بڵێین لە رووی بیرکردنەوەوە بەرەو (شیزفرینیای میتافیزیکیانە) دەچێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو مەسەلەیە لای خوێنەری ئاسایی کەمتر دەبنیرێت، ئەو کەم بینینەش لەوێوەیە کە شاعیر ئەو مازۆخیەتو سادییەتە بە پڕشنگی شیعرییەتو تاوگێرییە دەروونیەکان پەردە پۆش دەکات، یان بە مانایەکی دیکە بە (گوتاری شیعریی) راستی دەکاتەوە، دەشێ

---

[1]– دەنگ و سێبەر، کۆمەڵێك وتار، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- ئازاد سوبحی، لە بڵاوکراوەکانی سێنتەری نما، هەولێر 2002، چاپی یەکەم، ل 199، ل 205،198،203

ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو گوتارە (یان نە ئەمیان و نە ئەویان) لە مەستکردنی وشەو یاری زمانەوانیدا باشتر هەڵگرینەوە.

بۆ ئەوەی بەشێکی گەمەی ئەو دوو حاڵەتە پشت ڕاست بکەینەوە (دستۆیڤیسکی) داهێنەر وەردەگرین کە چۆن دەکەوێتە دیالیکتیکی نە ئەمیانو نە ئەویان، بەو مانایەش ئەگەر نە ئەمیانو نە ئەویانی (دستۆیڤیسکی) پەیوەندی بە بیرکردنەوەی نهلیزمیانەی ڕوسییەوە هەبێتو تەعبیر لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بکاتو ریشەی ئەو بزاڤە لە نێو خەسڵەتو سرووشتی نەتەوەی ڕوسییەوە هەڵقوڵا بێت، وەك گوتمان ئەوە لای (هاشم سەڕاج) پەیوەندی بە هەستی ناوەوەو شیعرییەتەوە دەکات. بۆ سەلماندنی ئەو بیروڕایەشمان لە خوێندنەوەی پراکتیانەی قەسیدەکاندا جەخت لەو مەسەلەیە دەکەینەوەو پێکهاتەو ئاستەکانی شیعرییەت لە چێژو نەشوە بەبیر دەهێنینەوە، وەك چۆن لە کۆی نیودژییەکانی شیعرییەت دەکۆڵینەوەو لەوێشەوە پڕشنگەکانی جوانی هەڵدەگرینەوە، بە دیوەکەی دیکەش پەردە لەسەر (شیزۆفرینای میتافیزیکانە) هەڵدەدەینەوە.

(داریوشی شایگان) لە کتێبی (ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا) دەڵێت نهلیزمیەتی (دستۆیڤسکی) کاردانەوەی نهلیزمیەتی مارکسیە، چونکە لە کاتێکدا نهلیزمی مارکسی دەبێتــە هۆی ئەوەی کە پاڵەوانەکانی وەك (ئیڤان)و (ستاڤیرۆگین) ڕوو بکەنە دیالیکتیکی نەرێی نە ئەمیانو نە ئەویان، هەم نکۆڵی لە ئیمان بکەنو هەم لە بێ بڕوایی، هەم حاشا لە خودا بکەنو هەم لە دنیا، تا نکۆڵی لە خودی نکۆڵیش بکەن، ئەوە (دستۆیڤیسکی) وا لێدەکات بۆ چارەسەری ئەو تەلەزگەیە لە قەڵەمبازی مەسیحایی کەسانێکی وەك (ئالیوشا) و شازادە (میشکین) خۆی بدۆزێتەوە، بەو مانایەش نهلیزمی (دستۆیڤیسکی) کاردانەوەی (ئیڤان)ە، بەڵام دواجار بۆ ڕاکردن لە نهلیزم، بڕوا بە پەیامی گەلی (ڕوس) دینێ کە هەڵگری خودان. بە پێچەوانەی (نیچە)

که راکردن له تووندکردنەوەی ئیرادەی هەڵئاوساوی سوپەرمانێکدا هەڵدەگرێتەوە، سوپەرمانێك که دەتوانێت دژی (مەسیح) بێت[1] .

لەوێوە ئیتر دەنگی (دستۆیڤیسکی) لەناو هاتوهاواری نهلیستیو ئەنارشیزمە روسەکان خامۆش دەبێت، نهلیزمی به شێوەی بەلشەفی دەردەکەوێت، بەلەشەفیش به شێوەی قامچی ستالینی. بەو مانایه دەنگی (دستۆیڤیسکی) دەبێته مەیدانی دەرکەوتنی (شیزۆفرینای میتافیزیکیانە)ی نەتەوەی روس، بەڵام دەنگی (نیچە) دەبێــته خاڵی تەقینەوەی ئیرادەی ڤاوستی خۆرئاوا.

لەو راڤەکردنەی (شایگان)ەوە هەستدەکەین ئەوەی ئێمە لەو نووسینەدا لەرێگەی تەعبیرکردنی ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعری پێی گەیشتووین بەشێوەیەك له شێوەکان له تێکەڵ کردنی ئەو دوو دەنگە نزیك دەبێــتەوە، بەڵام ئێمە کاتێك له درێژەی باسەکەماندا چەمکی جێکەوتی دریدایی له پەیوەندی به ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعرییەوە دەدۆزینەوە، ئیتر لەوێوە جۆرێك له دوورکەوتنەوە لەو راڤەکردنە بەرچاو دەکەوێت. واتە ئەگەر نهلیزمییەتی (دستۆیڤسکی) کاردانەوەی نهلیزمیەتی مارکسی بێت، ئەوە نە ئەمیان نەئەوییانی شاعیر پەیوەندی به سیحری شیعرییەتەوە دەکات، سیحری شیعرییەت هارمۆنیەتی نێوان نە ئەمیانو نە ئەوییان پیادە دەکات. له لایەکی دیکە دەشێ شیزۆفرینیای میتافیزیکیانەی (هاشم سەڕاج) خۆی له نێوان ئیقاعی بەرزو تۆتۆلۆژییەتی زمانی فەردانی، واتە دووبارەکردنەوەی پیتو وشەو رستەو فەزای گووتنەوە بەند بکات. هەر لەوێشەوە **دەتوانین بڵێین ئەگەر خێراییو بەرزی ئیقاع بەشێك له بڕوابوون به عەقڵی باتینی پەردەپۆش بکات، ئەوە تۆتۆلۆژییەتی گووتن بەشێکی زۆر لەو عەقڵە دەخاتە روو.** له نێوان پەردەپۆشکردنو ئاشکراکردندا خوێنەر مەستی ئیقاعی

---

[1]- شایگان،داریوش، ئاسیا له بەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی له فارسییەوە:شۆڕش جوانڕۆیی، مامەند رۆژە- چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیریی بەرێوبەرایەتی خانەی وەرگێران سلێمانی 2004،21. رستەی هێل به ژێردا هێنراوە له منەوە زیاد کراوە.

وشەو یاری زمانەوانی دەبێت هەر لەوێشەوە دەشێ بە ئاستەکانی چێژ بگات، بە دیوەکەی دیکە لە نێوان ململانێی ئیقاعو تۆتۆلۆژییەتی گووتندا ئەگەر زاڵبوونی ئیقاع لە بە (ناشت) بوونەوە بەرەو کرانەوەمان بەرێت، ئەوە زاڵبوونی تۆتۆلۆژییەتی گووتن لەرێگەی نواندنی هێزی زیاد لە پێویستی پیتو وشەو دەستەواژەو رستەوە بەرەو داخرانمان دەکاتەوە. راستە گووتن ناکەوێتە دەرەوەی ئیقاعەوە، بەڵام دەشێ چەمکی (بەشتبوون)و بە (ناشتبوون) زۆر بە جوانی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە، بەو مانایەش **ئیقاع لەرێگەی بە ناشتبوونەوە بوار بۆ ئازادیو جیاوازی دەرەخسێنێ تا بە تەجاوزکردن هەڵسێ، بەڵام تۆتۆلۆژییەتی گووتن لە بەشتبوونەوە دەرگاکان بە رووی ئازادیو جیاوازی دادەخات.** ئیقاع وزەکانی خۆی لەرێگەی ئەویدیکەوە بەرهەم دینێ، بەڵام تۆتۆلۆژییەتی گووتن هێزی خۆی لە بەخاوەنبوون هەڵدەگرێتەوە.

کەواتە **ئیقاع خەیاڵو پێشبینییە، تۆتۆلۆژییەتی گووتن جۆرێکە لە نێرگزییەتو بە دوای ناسنامەی ونبووی خۆیدا دەگەرێت،** بەو مانایەش ئیقاع لەرێگەی ئەرزش دانان بۆ ئەوانیدیکە مارەسەی ئازادی دەکات، بەڵام تۆتۆلۆژییەتی گووتن لە چەمکی بە بیرهێنانەوە خۆی قەتیس دەکاتو لەوێشەوە نەزۆکی خۆی بەرامبەر هەنووکە رادەگەیەنێت.

هەموو مرۆڤێك لەخودی خۆیدا دەژیت، لەنێو هەموو تاکێکیش کۆمەڵێك حاڵەتی هەستیو نەستیو ئاگاییو فیکری دیارو نادیار هەیە کە دواجار سرووشتی تایبەت بەو کەسە دەبەخشێت. بەردەوام لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیدا کۆی هەستو نەستەکانی منی مرۆڤ بەرەو ئیفلیجبوونو بێ نرخکردن دەبردرێتو دەکەوێتە ژێر زەبری دەسەڵاتەکانەوە، واتە ئەگەر بە پێچەوانەی پێوانەو یاساکانی ئەو دەسەڵاتانەوە مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەستو نەستەکانی خۆی بکات، دەکەوێتە نێو حاڵەتە نەشیاوەکانو نامەعقولێیەتەوە، هەموو نەشیاوێکیش دەبێ لە ژێر هەڕەشەی نۆرمو دابونەریت بناڵێنێتو هەر لەوێشەوە لە دوو رووەوە دووچاری چەپاندن دەبێتەوە. دەمەوێت لە کۆی ئەو قسانەوە بڵێم **تاکی خۆرهەڵاتی تاکێکە بێ ئاراستە، هەتا ئێستا بە عەقڵیەتی مێگەل بەرێوە دەچێتو خۆی نەدۆزیووەتەوە.** لە پشت تاکی بێ ئاراستە مەعریفەو عەقلانیەت غائبە، تاکی بێ ئاراستە

دەشێ ئەو تاکە بێت، کە بەر لەوەی بەپێی ئەزموونو بیرکردنەوەو هەڵبژاردن بجوڵێتەوە، بەپێی قەناعەتی دڵ بیروڕاو بۆچوونو هەڵبژاردنەکانی دەگۆڕێت. بە مانایەکی دیکە تاکی خۆرهەڵاتی ئەوەندەی پەیوەندی بە هەستەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بە عەقڵەوە نییە.

لەو خاڵەوە هەوڵدەدەم بۆ بەدواداچوونی زێتری ململانێی دەرەوەو ناوەوە، ناوەوەو ناوەوەی شاعیر لەرێگەی فرۆیدەوە قسە بکەم. (فرۆید) پێیوایە کەسی (نووسەر) ئەو وزەو توانایە چەپێنراوەی خۆی بە رێچکەیەکی دیکە پراکتیزە دەکات، کە لە پرۆسەی (باڵاکردن) خۆی دەبینێتەوە. بەو مانایەش پرۆسەی باڵاکردن لای کەسی داهێنەر قبوڵنەکردنی نۆرمو هەڵگەڕانەوەیە لە واقیعی زاڵ، یان ئاراستەکردنێکە لەرێگەی هەڵبژاردنەوەو دروستکردنی دنیایەکی ترە لە نێو خەیاڵدا. واتە پرۆسەی داهێنان لای (فرۆید) تێرکردنی حەزو ئاگاییو ئارەزووە هەستییەکانە لە بۆتەی خەیاڵ. بە کورتی پرۆسەی باڵاکردن لە توانای گۆڕینی ئامانجی سێکسی بۆ ئامانجی ناسێکسی کۆ دەبێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تەولیدی بە ئامانجی یەکەمەوە بەندە.[1] دەشێ هەر لێرەشەوە قسە لەوە بکەین کە مەرج نییە ئەو حەزو ئارەزووانە هەر تەنها بە لبیدۆوە بەند بن، بەڵکو کۆی هوشیاریو ئاگاییە مەعریفییەکانی دیکەش دەگەیەنێت، یان بە مانایەکی دیکە حەزی ژیان دەنوێنن.

لەرێگە ئەو لێکدانەوەیە قۆناغی دەرکەوتن لە ئەزموونی (هاشم سەڕاج) بە جێکەوت بەند دەبێت، ئێمە هەوڵدەدەین ئەو جێکەوتە لای شاعیر بە شێوە نادیارەکەی بە میکانیزمی رەگەزی خەیاڵو بە شێوە دیارو نادیارەکەی بە میکانیزمی مەستکردنی وشە ببەستینەوە. واتە ئەگەر خەیاڵ پرۆسیسەکردنی ئارەزووە هەستییەکان بێت بە شێوە نادیارەکەی، ئەوە مەستکردنی وشە پرۆسیسەکردنی ئارەزووە نەستییەکانە بە شێوە دیارو نادیارەکەیەوە. شێوەی نادیاری خەیاڵ دواجار لە پێشبینیکردندا دەردەکەوێت، بەڵام شێوەی دیارو نادیارەکەی مەستکردنی وشە ئەو هارمۆنیەتەیە کە شەهوەتی تەواوکردن لای (خوێنەر/وەرگر)

---

[1]– دالبییر، رولان، طريقة التحليل النفسي و العقيدة الفرويدية، ترجمة، د. حافظ الجمالي، بغداد، ط 2، 1984، ل 374 .

دەبزوێنێ. بەو مانایە رەگەزی خەیاڵو مەستکردنی وشە دەبنە دوو میکانیزمی سەرەکی بۆ چەمکی جێکەوتی دریدایی، یان بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم ئەگەر چەمکی جێکەوت وەك کەناڵێك بە رابردووەوە بلکێ، لەو حاڵەتە لەرێگەی خەیاڵەوە، باگکراوەندە مەعریفییەکان زاڵ دەبن. بەڵام ئەگەر ئەوە بێت کە وندەبێت لەو کاتەدا لەرێگەی  مەستکردنی وشە بەرجەستە دەبێت.

خەیاڵ شوێنێکی شیاوە بۆ پراکتیزەکردنی وزە قەدەغەکراوەکانی تاك، بەڵام لەوێوە خەیاڵ دنیایەکی نوێ دروست دەکات، کە بەر لەوەی دووبارە خەلقی بکاتەوە سەرەتا بە هەڵوەشانەوەی رابێتەوە. لێرە خەیاڵ پرۆسەی داهێنانی لێدەکەوێتەوە، کەچی مەستکردنی وشە نێودژی رەگەزەکان دەنوێنێ، یان بە مانایەکی دیکە لەسەر تاوگێریو کەوتنی لەناکاو دەوەستێت. خەیاڵو مەستکردنی وشە لەوێوە لێکجیا دەبنەوە، کە خەیاڵ بە یادەوەری دەلکێ،[1] مەستکردنی وشە بە (ناشت)ییەوە. لە نێوان یادەوەریو ناشتی دوو پەیوەندی خۆی دەنوێنێت، یەکەمیان دەسەڵاتی بەبیرهێنانەوە دەسەپێنێت، وا دەکات دەق لە شوێن خۆی پێبکوتێت، چونکە ئەوەی لەرێگەی بەبیرهێنانەوە بە دەست دێت ناشێ وەك داهێنانی کەسی سەیری بکەین. بەڵام ناشتی لەوێوە دێت کە داهێنان کردەیەکی لەخۆوەیەو مرۆڤ بە ئازادی هەستی پێدەکات، ئەو کردەیە ناچێتە نێو سیستەمەوە چونکە بە چوونە نێو سیستەم ئازادیو تلقائیەتو ئەساڵەتی خۆی لە دەست دەدات. بەڵام لەوێوە خەیاڵو مەستکردنی وشە لە یەکنزیك دەبنەوە کە (خەیاڵ) لە نێو دوو کەوانە بە پرۆسەی هەڵوەشانەوە هەڵدەستێتو مەستکردنی وشەش لە پەیوەندی شیعر بە سێکسەوە. کەواتە داهێنەر بەردەوام لەرێگەی هەڵوەشانەوەو پەیوەندییە وروژاوەکانەوە هەوڵدەدات دەق لە بەشتبوون رزگار بکات.

---

[1]– خەیاڵو یادەوەری یەك شتن، لە ناولێناندا جیاوازن لە بەر کۆمەڵێك ئەرزشی جیاواز،. پرۆسەی دروستبوونی خەیاڵ دەکەوێتە سەر سەروژێر کردنی وێنە عەمبارکراوەکانی نێو یادگە. بڕوانە: ر.ل. بریت، التصور و الخیال، ترجمة (عن الانجلیزیة) د.عبدالواحد لوءلوءة، دار الحریة للطباعة، بغداد، 1979. ل 18
.

*       *       *

# بەشی دووەم

خوێنی خۆر

لە گۆزەی شەو

رەش دەنوێنێ

*   *

**″ئەدۆنیس″**

## باسی یەکەم: (ئەزموون) و (دڵەڕاوکێ) لە نێوان چەمکی جریوەو رەشبردنەوەدا

ئەگەر نیشانەت لە ئەستێرەکان گرت، بەڵام لە مانگت دا، هیچ کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە نیشانەی شتێکت گرتبێ، زۆربەی خەڵك هەر نیشانەش ناگرن!.

**(کۆنفۆشیوس)**[1]

قۆناغی دەرکەوتنی شیعری (هاشم سەڕاج) بە شێوەیەکی بەرجەستە لە ساڵی (1995)ەوە دەستپێدەکات، وەك گوتمان میکانیزمی ئەو دەرکەوتنە شیعرییەش دواجار بە شێوەیەکی گشتی لە ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعرییەوە بەرجەستە دەبێت، لەسەر

[1]– کاروانی ئەندێشە (دەستنووس) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەلیل عەباسی.

بنەمای ئەو بەدواداچوونە هەوڵدەدەم ئاماژەکانی ناونیشانی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەمە روو، لەوێشەوە کۆی تایبەتمەندییەکانی (قۆناغی دەرکەوتن) لەرووی دابەزینی ستوونیو دابەزینی ئاسۆییەوە بە ماناکانی وشەی (رەشبردنەوە)و (جریوە) بلکێنم.

ئەگەر مانای جریوە، تروسکانەوەو پڕشنگو روناککردنەوەو چەخماخەدان بنوێنێ، لەوێشەوە پەیوەندی بە حاڵەتی چاوترووکان، یان سەرنجی خێراو چاوپیێداخشانەوە هەبێت، ئەوە وشەی رەشبردنەوە پێکهاتووە لە دوو بەش (رەش+بردنەوە). دەمەوێت بڵێم بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە گەڕانەوە بۆ رابردوو هەیە بەو مانایە کە رەش دەتباتەوە تاریکی یەکەم، پەیوەندی بە سەرکەوتنو بردنەوەی رەنگی (رەش)ەوە، یان تراژیدیاوە هەیە. لە نێوان رەشبردنەوە وەك گەڕانەوە بۆ رابردوو، رەشبردنەوە وەك بردنەوەی داهاتوو دەشێ دوو جیاوازی بخەینە بەرچاو: رەشبردنەوەی یەکەمیان (شوێن)ی هەنگاونانە، ئەوەیە کە (من/خود) هەم. رەشبردنەوەی دووەمیان ئەوەیە کە خەونی پێوە دەبینم، یان بە مانایەکی دیکە ئەوەیە کە (من/خود) خەون بە هەبوونمەوە دەبینم.

لە ئەزموونی (هاشم سەڕاج)دا بنەمای ماناکانی رەشبردنەوە بۆ دەیەی دووەمی قۆناغی یەکەمی شاعیر دەگەڕێتەوەو بە زمانی تەمومژئامێز بەند دەبێت (ئەو زمانەی کە بەر لەوەی تەعبیر بکات دژ دەکەوێتەوە، دژ کەوتنەوە بەرامبەر زمانی باو، زمانی کۆ، زمانی دەسەڵات، هەر لەو بنەمایەشەوە زمانێك بەخۆ بونیاد دەنێت) لەوێشەوە بە ئاگایی هەستیو نەستیو رۆشنبیریی شاعیرەوە بەند دەبێت.

دواجار لە کۆی هەنگاوناو بەرەوپێشچوونی ئەو قۆناغەوە رەنگە بتوانین زاڵبوونی چەمکی رەشبردنەوە بە (هایدگەر)ەوە پەیوەست بکەین، هەڵبەتە ئەو پەیوەستکردنە لە چەمکی بەیادهێنانەوەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە[1]، بەو مانایەش رەشبردنەوە دەلالەت لەسەرەتاو کۆی ئەو باگکراوەندە رۆشنبیرییە دەکات کە ئەزموونی شاعیر پێکدەهێننو لە منی شیعری دەردەکەوێت، یان لە میانی

---

[1]– د ادهم، سامی، العدمیة النهلستیة، دار الانوار- بیروت،ط 1، 2003، ل 25 .

شیعرەکانی شاعیر بە میکانیزمی جیاوازەوە داپۆشراون، لە بەر ئەوەی دوورن بۆیە بە مانا (فرۆید)ییەکەی دەکەونە ئەو دیوو نەستو کەمتر بەر سەرنجی خێرا دەکەون، زێتر پێویستیان بە لێخوردبوونەوەو کەشفکردنو بەدواداچوون هەیە (بۆ نموونە یەکێك لەو میکانیزمانەی کە دەشێ ئاماژەی بۆ بکەین، تەوزیفکردنی ئاماژەو تەمومژیو رەمزە، کە لە شیعری شاعیر بەردەوام بەرچاو دەکەون لەوانە ئاماژەکانی: دەرۆم دەگەمە کوێ، برینی ئاڵ، لەم بازنەیەدا چ دەکەین، یلم نوقمی شیلەی بەهێ، ئێمەی گەشتیارانی کاتەکان.... هەروەها رەمزەکانی ئاگردز، ستوونەخوێ، باخوس، سیمرخ، کۆراسۆف . . .) [1] .

هەڵبەتە لە پشت ئەو ئەزموونەو ئەو هەنگاونانە بە دیوی دووەمدا میکانیزمی پێشبینکردنو خەیاڵ ئامادەگی هەیە، بەو مانایە لەرێگەی لێکدانەوەو هەڵوەشانەوەی هێزی پێشبینیکردنو خەیاڵەوە خوێنەر دەتوانێت دەست بۆ ئەو دیوو نەستو پەردە لەسەر کپکراوەکان هەڵداتەوە. ئەوە هێزی پێشبینیکردنو خەیاڵە، کە توانای توانەوەی بەفرو پەردە هەڵدانەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە. ئەوە هێزی پێشبینیکردنو خەیاڵە خەونبینی (من/خود) ئاراستە دەکات. میکانیزمی پەردە هەڵدانەوە لە رووی پێشبینیکردنەوە بە وێناکردنەوە بەندە، وەك چۆن لە رووی خەیاڵیشەوە بە هەڵوەشانەوە دەلکێت. کەواتە رەشبردنەوە دەشێ تەعبیر لەو زەوییە بکات کە هەنگاوی لەسەر دەهاوێژرێت، یان تەعبیر لەو خەونە بکات کە دوای توانەوەی بەفر، یان لابردنی پەردەکان هەبوونی (من/خود)ی تێدا دەردەکەوێت، بەڵام بە وێناکردنی دیکەو هەڵوەشانەوەی بونیادە کۆنەکەیەوە.

دیارە پرسیاری سەرەکی لەو نووسینەدا ئەوە نییە چۆن بنەمای جریوە بە زیندەگیو رەشبردنەوە بە گێڕانەوە، یان بەیادهێنانەوە پەیوەست بکەین، بەڵکو پرسیار کردنە لە وزەی بەرهەمیهێنانو ئەو فەزا مەحاڵەی کە بەشەکانی ئەو دوو

---

[1]– سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، ل 147،123،120،82،73،69 .

دنیایە ناکۆکەی جریوەو ڕەشبردنەوە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە. مەحاڵی ئەو دوو دنیایە چەمکی نێودژییمان بیر دەخاتەوە، چەمکی نێودژی کۆی ئەو ناکۆکیو تەباییو لێکخشانو دژبوونەوە دەگرێتەوە، کە لە نێوان بەیەکەوە ژیانی ماناکانو تێپەڕاندنو چێژبردنەوە دێتە ئاراوە، لەوێشەوە قسەکردنی ئێمە لەسەر سیحری شیعرییەت دەکەوێتە پشت ئەو نێودژییەو بە جوانییەوە دەلکێت. هەڵبەتە جوانی بەهایەکە لە خەیاڵکردندا جێبەجێ دەبێت، بەو مانایەش جوانی لە جەوهەردا ڕەتکردنەوەی دنیای لەخۆدا هەڵگرتووە. جوانی لای وجودییەکان ئەو ئاگایەیە کە لە سرووشتی خۆیدا توانای بە سەر خەیاڵکردندا هەیە.[1]

لێرەوە قسەکردنمان لە باگکراوەندی مەعریفییەوە پەردە لەسەر کۆی مانا ناکۆکو تەبایەکان هەڵدەداتەوەو لەوێشەوە گەمەی ئاگایی و گێڕانەوە کەشف دەکات.

**بەکورتی دەشێ پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعری لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان چەمکی جریوەو ڕەشبردنەوەدا لەم دوو خاڵەدا بەرجەستە بکەین:**

1- کاتێك بنەمای جریوە لە میانی تاوگێریو جوانییەوە هەڵدەقوڵێت لەرێگەی دوو ڕەگەزەوە دیالۆگ لەگەڵ چەمکی ڕەشبردنەوە دەسازێنێ، یەکێکیان خەیاڵە ئەویدیکەیان پێشبینیکردن، ئەو دوو چەمکە دوو دەرئەنجامی تەواوکەری یەکتریان لێدەکەوێتەوە کە ماناو گومانە، لە کۆی پەیوەندییەکانی ماناو گوماندا ئازادی نووسین دێتە بەرهەم. بەو مانایە ئازادی نووسین لە پەیوەندی نێوان جریوەو ڕەشبردنەوە لەسەر دوو حاڵەت کار دەکات کە خەیاڵو پێشبینینکردنە، ئەگەر خەیاڵ لە لایەن (شاعیر/خوێنەر) مانا بخاتەوە، ئەوە پێشبینیکردن لە لایەن (خوێنەر/خوێنەر) گومان لە مانا دەکات، هەر لە ماوەی گومانکردن لە ماناوە فەزایەك بۆ ئازادیو لەوێشەوە بۆ شیعرییەت دێتە ئاراوە.

---

[1]- مجاهد،م، علم الجمال في الفلسفة العاصرة، بيروت، ط 3، 1986، ل 45،44 .

2- کاتێك بنەمای ڕەشبردنەوە لە میانی ئاگایی‌و گێڕانەوە هەڵدەقوڵێت، لە دوو ڕەگەزەوە دیالۆگ لەگەڵ چەمکی جریوە دادەمەزرێنێت، یەکێکیان گەمەی زمانەوانییەو ئەویدیکەیان مەستکردنی وشەیە، ئەو دوو ڕێچکەیە دوو دەرئەنجامی لەخۆدا هەڵگرتووە کە بێ مانایی‌و بێ هوودەییە، لە کۆی پەیوەندییەکانی بێ مانایی‌و بێ هوودەیی شیعرییەت ئەو حاڵەتەیە کە لەسەر باگکراوەندی ئاگایی‌و گێڕانەوە دەسازێ، ئەو بەرهەمهێنانەش لە دەستلێدانی (شاعیر/خوێنەر) دێتە ئاراوە، دەستلێدانی شاعیر لێکچوونی مانا دەخاتەوە، لێکچوونی ماناش لەرێگەی جێکەوتەوە دەکەوێتە نێو ونبوونەوە، ونبوونیش بێ مانایی بەرجەستە دەکات بەو مانایە دەستلێدانی شاعیر لە گەمەی زمانیەوانییەوە دێتە ئاراوەو تەعبیر لەو ئازادییە دەکات کە سیحری شیعرییەت بە بنەمای سەرەکی خۆی دەزانێت لەوێشەوە ئاسۆ جیاوازییەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات‌و دەرگا بۆ گشت خوێنەران دەخاتە سەر پشت، کەواتە لە کۆی بەرهەمهێنانی بێ مانایی‌و بێ هوودەییەوە سیحری شیعرییەت تەعبیر لە جیاوازی ئازادییەکان دەکات.

لێرەدا ئەو جوانییەی کە دەکەوێتە پشت نێودژییەوە دەشێ لە جوانی (سارتەر)ییانە نزیکی بکەینەوە. (سارتەر) بابەتی جوانی بە شتێکی ناواقیعی دەداتە قەڵەم، هەروەها دەڵێ بابەتی جوانی بابەتێکی ئاوێتەیە لەرێگەی ئاگایی‌و خەیاڵەوە وەرگیراوە. ئاگایی، ئاگاییە (بە شت) کەواتە ئاگایی خۆی بێ ناوەڕۆکە... ئاگایی نەبوونە هەر ئەوەشە بوار بۆ ئازادی دەرەخسێنێت بە تەجاوزکردن هەڵسێت. سرووشتی ئەو ئاگاییەش لە توانای خەیاڵکردندا دەردەکەوێت. ئەو ئاگاییەی کە خەیاڵکردن بە جێدەهێنێت، دەبێ توانای بە سەر تەواوی دنیادا هەبێـت، وەك چۆن دەبێ وەك بوونێك لە دەرەوەی دنیا توانای بە سەر شتە خەیاڵکراوەکانیشدا هەبێت. ئەو ئاگاییەی کە توانای خەیاڵکردنی هەیە دەبێ ئازاد بێت. کەواتە بۆ ئەوەی خەیاڵ بکەیت دەبێ ئاگایی لە تەواوی واقیع ئازاد بێ‌و توانای دیاریکراوی خۆی هەبێت.[1]

---

[1]– بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە : مجاهد، م، علم الجمال في الفلسفة العاصرة، بیروت، ط 3، 1986. ل 45،46،47،48،49 .

ئێمە لە ناوەڕۆکی ئەو خاڵەوە ئازادی نووسینمان بەرز کردەوە! بەڵام پرسیار کردن لە بوونو نەبوونی ئاگایی پرسیارکردنە لەو دوالیزمییەتە بەیەکەوە گرێدراوو فشارهێنەرەی نێو دەق، واتە بوونو نەبوون تا ئەو رادەیە بەیەکەوە گرێدراون کە ناکرێ لە پێناو دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانیشیان لە یەکتریان جیا بکەینەوە تەنها بە رەتکردنەوەی خودی دەق نەبێت، لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئەو دووانەش دەق لە پشت فیکر وندەبێت.

بەمجۆرە لە بارەی ئەو نێودژییە داپۆشراوەی کە لەرێگەی شیعرییەتەوە باسمان کرد دەشێ بڵێین نێودژی جگە لە یەکەیەکی جێبەجێ نەکراوی نێو واقیع (بە مانا فرۆیدییەکەی) شتێکی دیکە نییە. بە دیوەکەی دیکەش ئەو نێودژییە لەرێگەی ئازادی نووسینەوە بە مانا عەمبارکراوەکانی ئەو دیوو نەستەوە، بەندە. بێگومان بابەتی جوانی شتێکی حەقیقی نییە، یان وەك (نیچە) پێیوایە جوانی بە نیسبەت هونەر شتێکە دەکەوێتە دەرەوەی هەموو سیستەمە رێکوپێکەکانەوە[2] ئەوەش گەمەی جریوەو رەشبردنەوە زێتر دەخاتە روو، یان بە مانایەکی دیکە گەمەی داهێنان لە نێوان جریوەو رەشبردنەوە بەرجەستەتر دەکات. ئەگەر لە کۆی ساتەوەختی لێکخشانو لادانو خزینەوە، درەوشانەوە بکەوێتەوەو بە چەمکی جوانییەوە بلکێ، ئەوە چەمکی مانا بەشێکی زۆری بە حەقیقەتی زەمەنییەوە خۆی پەیوەست دەکات.

کەواتە ئەگەر بتوانین جوانی بە نێودژییەکی داپۆشراو دابنێین، ئەوە خوێندنەوەمان بۆ ئەزموونی (هاشم سەڕاج) لە سیحری شیعرییەتەوە دەکەوێتە میانی دوو نێودژییەوە، نێودژی مانا، نێودژی جوانی. یان دەشێ لەوێوە بێت کە شیعر هەڵگری مێژووی زیندەگیو رووە درەوشاوەکەی زیندەگییە. میکانیزمی درەوشانەوە دەکەوێتە نێوان رۆناکیو چاو. کاتێك رۆناکی لە چاو دەدات ئیتر چاو پڕشنگ دەداتەوە، ئەو

---

[2] بڕوانە : مجاهد، م، علم الجمال في الفلسفة العاصرة، بیروت، ط 3، 1986ل 8 4، 47، 46 .

پڕشنگانەش بەر زیندەگی دەکەون، بەڵام کاتێك ڕۆناکی بەر شتەکانی ژیان دەکەوێت، لەوێوە شتەکان پڕشنگ بۆ چاو دەنێرن.

کەواتە جریوە لە میانی بەریەککەوتنی دوو جەستە دێتە ئاراوەو دواتر هەر لەوێوە کۆمەڵێك لەرەو شەپۆل دروست دەبێت، کە پەیوەندی بەو دوو جەستەیەوە نامێنێت، بەڵکو لە دوو تەوەرەی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن، تەوەرەی یەکەمیان لە پەیوەندی زیهن بە ڕۆناکییەوەیە، ئەویدیکەیان لە پەیوەندی ماددە بە ڕۆناکییەوە دێتە بەرهەم، هەڵبەتە لە پشت ئەو دوو تەوەرەیە دوو دنیابینی جیاواز وەستاوە، دنیای ماددەو دنیای هۆش.

بەڵام تەماشاکردنمان بۆ ڕەشبردنەوە دەکەوێتە دووتوێی مێژووی زیندەگییەوە، یان بە مانایەکی دیکە لەوێوە دێت کە مانا کەڵەکەبووەکانی ئەو دیوو هەست و نەست لەڕێگەی بەیادهێنانەوەو لەوێشەوە لەڕێگەی پرۆسەی پێشبینیکردنەوە دێتە مەیدان، ژیانیش واتە پەیوەندی خود بە بابەت، پەیوەندی خود بە بابەت لەسەر کۆمەڵێك جیاوازیو لێکنزیکبوونەوە ڕاست دەبێتەوە. ئەگەر لێکنزیکبوونەوە کۆی ئەو پەیوەندییە کەڵەکەبووانە بێت کە مانای لێدەکەوێتەوەو بە چەمکی ڕەشبردنەوە بەند بێت، ئەوە جیاوازی دەشێ کۆی ئەو سەرنجە خێراییانە بێت کە تەعبیر لە ماوەیەکی زۆر کورتی نێوان چالاکی فیکرو وزەی تەعبیرکردن دەکاتو لەوێشەوە جریوە دێتە بەرهەم.

بەمجۆرە لە نێوان سەرنجی خێراو مانای خەملاو دوو ماوە هەیە، یەکەمیان کورت خایەنەو دووەمیان درێژ، یەکەمیان چەخماخە دەدا، دووەمیان دەبێتە هەڵگری مێژوو، یەکەمیان نێودژییەکانی لەخۆ گرتووەو جێگیر نییە، دووەمیان کۆمەڵێك بابەتی نێودژ دەنوێنێو جێگیرە، یەکەمیان سەر بە تاوگیرییە، دووەمیان سەر بە بابەتگەراییی، یەکەمیان جریوەیەو دووەمیان ڕەشبردنەوە، لە دیالۆگی ئەو دوو ماوەیە داهێنان دێتە بەرهەم.

لێرە ئەگەر رووە درەوشاوەکەی ژیان تەعبیر لە نێودژییە داپۆشراوەکان بکات، ئەوە رەشبردنەوە تەعبیر لە کۆی ئەو مانا داپۆشراوانە دەکات کە تەمەن بە هەموو نێودژییەکانی بە نێویدا گوزەری کردووە. لە نێوان حاڵەتەکانی نێودژی درەوشانەوەو حاڵەتەکانی نێودژی رەشبردنەوە دەشێ لە دەرەوەی نووسینەوە دوو جۆر بۆچوون هەڵگرینەوە، یەکێکیان پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە، ئەویدیکەیان پەیوەندی بە حەقیقەت، یەکێکیان سەر بە هەنووکەیەو ئەویدیکە سەر بە گێڕانەوەو بەیادهێنانەوەیە. بەڵام کاتێك سەرنجە خێراکان حاڵەتە نێودژییە داپۆشراوەکانی سەر بە گەمەی زمانەوانیو مەستکردنی وشە دەگرن، چەمکی درەوشانەوە بەرهەم دێنن. بەڵام کاتێك ئەو مانا داپۆشراوانە دەنوێنن کە گێرانەوە لە میانی خەیاڵو پێشبینیکردن کەشفیان دەکات، لەوێوە رەشبردنەوە دێتە بەرهەم.

کەواتە بۆ ئەوەی بە چەمکی جریوە بگەین دەبێت ئاگایی لە هەموو واقیعێك ئازاد بکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی دەست بۆ چەمکی رەشبردنەوە بەرین دەبێت بە شێوەیەکی بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ مێژووی مانا داپۆشراوەکانو زمانە دژەکانو حەقیقەتە زەمەنییەکان بکەین.

وەك گوتمان دەتوانین بڵێین درەوشانە تەعبیر لە زیندەگی دەکات، بەڵام رەشبردنەوە تەعبیر لە (بەیادهێنانەوە، یان گێڕانەوە) دەکات، لە نێوان ژیان و بەیادهێنانەوەدا کۆمەڵێك شیکردنەوەی جیاواز هەیە، یەکێك لەو شیکردنەوانە ئەوەیە کە ژیان زیندەگییەو بەیادهێنانەوە نییە، هەروەك بەیادهێنانەوە حیکایەتکردنەو زیندەگیکردن نییە.

دەشێ ئەو لێکدانەوەیەی ئێمە بۆ گەمەی جریوەو رەشبردنەوە بەشێکی زۆر لەو دەستەواژەیەی سەرەوە بەتاڵ بکاتەوە، هەڵبەتە ئەو بەتاڵ کردنەوەیەش بە گەمەی داهێنانو هونەری داهێنانەوە دەلکێت، دواتریش کە دەستەواژەی دنیای دەقو دنیای خوێنەر یان وەرگر دەخەینە روو، ئیتر لەوێوە تێدەگەین کە دنیای دەقی

داهێنەرانە لە بەردەم خوێنەر/وەرگردا دنیایەکی کراوەیەو ئاسۆیەکی کراوەی ئەزموونکردنو بەشداریکردنو هاوژیانی دەگەیەنێت، بەو مانایە (ئاسۆی پێشبینیکردن)و (ئاسۆی ئەزموون) بەردەوام لە رووبوونەوەدا یەکتر تەواو دەکەنو لەنێو یەکتردا دەتوێنەوە، ئەوەش (گادامێر)و توانەوەی ئاسۆکانمان بیر دەخاتەوە، لەوێوەیە (گادامێر) دەڵێت: ئێمە تەنها هەوڵی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی قەسیدە نادەین، بەڵکو هەوڵدەدەین ئەو جیهانەش بە دەست بهێنین کە قەسیدەکە ئینتمای دەکات، یان دەیخاتە روو، ئینجا لە میانی ساتەوەختی (تێگەیشتن) و (تەفسیرکردن) و (جێبەجێکردن)ەوە باس لەو خاڵە دەکات، کە ئاسۆکانی تێدا بە ناویەکدا دەچن و تێکدەچرژێن.[1]

ئەگەر کردەی درککردن لای (گادامێر) لە میانی ساتەوەختی تێگەیشتن و تەفسیرکردن و جێبەجێکردن پەرەبسێنێت، ئەوە لای (یاوس) لە زنجیرەیەك مێژووی ئاوێتەبووەوە خۆی دیاری دەکات، ئەو ئاوێتە بوونەش رستێك تەئویلاتی جۆراوجۆر دەخاتەوە، (یاوس) بە دەستەواژەی (جوانکاری وەرگر) وەسفی دەکات. بە دیوەکەی دیکەش (ئیستێتیکای وەرگر) لەگەڵ بۆچوونە مارکسیەکان و ئەو دیدەی کە پێیوایە کەلەپوورو رۆشنبیریی بابەتێکە هەمیشە بۆ بەکارهێنان ئامادەیە، ناکۆك دەکەوێتەوە.[2]

---

[1]– محمد خرماش، النص الادبي و اشكالية القراءة و التاءويل، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد

[2]– المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 2005، 67 .

(یاوس) پێیوایه نووسینی مێژووی نوێ بۆ ئەدەب، پێویستی بە (پردی تەئویلی) گادامێری هەیە، چونکە ناتوانین مێژووی هونەر بخەینە دەرەوەی مێژووی پێشوازیکردنەکانی خوێنەرانەوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئیستێتیکای بەرهەم و وێناکردنە تەقلیدییەکان لەسەر بنەڕەتی ئیستێتیکای وەرگرەوە هەڵبسەنگێنین، کەواتە مێژووی ئەدەب و هونەر هەر تەنها مێژووی بەرهەمهێنانی بابەتی ئەدەبی و هونەری نییە، بەڵکو مێژووی پێشوازیکردنە جزئیەکانی خوێنەرانیشە لە میانی مێژووی گشتیدا. بەو مانایە لە نووسینی مێژووی نوێوە دەکەوینە نێوان (جێکەوتەی بەرهەم) و (وەرگر)ەوە. بەڵام ناتوانین لە مێژووی وەرگر بکۆڵینەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دان بەوەدا دەنێین مانا لە دەمەتەقێی نێوان دەق و وەرگر دروست دەبێت، لەوێشەو دەگەینە ئەوەی کە کارە ئەدەبییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو شتێك لە گوتنیان پێیە.[1]

---

[1]- هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقي، ترجمة: رشيد بنحدو،القاهرة،2004،ط 1ـ ل 104، 112 .

# باسی دووەم: فەزای شیعری لە نێوان خەیاڵو پێشبینیکردن

ئەوەی کە فێر دەبێت بەڵام بیر ناکاتەوە ون بووە، ئەو کەسەی کە بیر دەکاتەوە بەڵام فێر نابێت لە مەترسییەکی گەورە دایە.

**(کۆنفۆشیۆس)**[1]

بێگومان دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵێك پەیوەندییەوە خۆی دەنوێنێ، هارمۆنیەتی ئەو پەیوەندییانە فەزاکانی شیعرییەتی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو فەزایە روونتر نیشان بدەین کۆی ئەو پەیوەندییانە بە سوود وەرگرتن لە (تۆدۆرۆف) لە دوو پەیوەندیدا کورت دەکەینەوە، یەکەمیان ئەو پەیوەندییانەن کە دەکەونە دووتوێی ئامادەگییەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە کۆمەڵێك رەگەزی هاوبەشدا کۆ دەبنەوە. دووەمیان ئەو پەیوەندییانەن کە دەرناکەونو نادیارن، وەك چۆن مەرج نییە لە سرووشتو وەزیفەیاندا لەگەڵ یەکتر تەبا بکەونەوە.[2]

دیارە (تۆدۆرۆف) لەسەر ئەو بنەمایە، پەیوەندییە نادیارەکان بە ماناو رەمزەوە بەند دەکاتو لە مەدلولەوە هەڵیاندەگرێتەوە، هەروەك پەیوەندییە دیارەکان بە پەیوەندی بونیادو پێکهاتەی دەق دەبەستێتەوە. من هەوڵدەدەین لە بەرجەستەکردنی زێتری هەر دوو چەمکی ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعریی لەو لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەو دوو پەیوەندییە ببەستم، هەر لەوێشەوە باگکراوەندە فیکریو مەعریفییەکان

[1]– کاروانی ئەندێشە، (دەستنووس) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەلیل عەباسی.

[2]– تودوروف، تزيتان، الشعرية، ترجمة:شكري النحوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، 1987، ل 31.

به کۆی پەیوەندییە نادیارەکانو ئینجا بە عەقڵی باتینی هەروەها دڵەڕاوکێی شیعری بە پەیوەندییە دیارەکانەوەو لەوێشەوە بە پڕشنگەکانی شیعرییەت بەند دەکەم. ئەگەر دەستنیشان کردنی فەزای شیعری لە یەکەمیاندا لەرێگەی خەیاڵو پێشبینییەوە هەڵگرێنەوە، ئەوە دووەمیان لەوێوەیە کە فەزای شیعری لە فەزای مەستکردنی وشەو گەمەی زمانەوانی بەدەر نییە.

کەواتە ئەگەر پەیوەندی باگکراوەندە فیکریو مەعریفییەکان لەسەر بنەمای نەگونجانی ئاماژەو ماناو مەدلولەکانی گومانەوە خۆی بە ئازادیو لەوێشەوە بە شیعرییەتەوە بارگاوی بکات، ئەوە فەزای شیعری لەو حاڵەتەدا بەشێکی دەکەوێتە دووتوێی خەیاڵ، بەشێکی بە پرۆسەی پێشبینیکردنەوە دەلکێ، گەڕانەوەشمان بۆ خەیاڵ بەشێکی گەورەی دەکەوێتە سەر یادەوەری بەڵام بە وێناکردنو نووسینەوەی جیاواز، کەچی پێشبینیکردن سەر بە رەهەندی ئاگایی و درککردنەو لە پەیوەندی بە ئەزموونەوە دێتە ئاراوە.

بە دیوەکەی دیکە ئەگەر پەیوەندییە تاوگێرییەکان لەسەر بنەمای نەگونجانی ئاماژەو ماناو مەدلولەکانی گومانەوە خۆی بە ئازادیو لەوێشەوە بە شیعرییەتەوە بارگاوی بکات، ئەوە فەزای شیعری بە هەمان شێوە بەشێکی بە خەیاڵو بەشێکی بە پێشبینیکردنەوە دەلکێت، بەڵام گەڕانەوەمان بۆ خەیاڵ ناکەوێتە سەر یادەوەری بەڵکو دەکەوێتە دووتوێی یاریکردن بە وشەو دووبارەکردنەوە، هەر وەك ئەو بەشەی بە پێشبینیکردنیشەوە دەلکێت دەکەوێتە سەر مەستکردنی وشەو سەرەوژێر کردنی ماناو هەڵوەشانەوەی مەدلولەکانەوە.

لە نێوان خەیاڵ وەك یادەوەریو نووسینەوەی جیاوازیو پێشبینیکردن وەك ئاگاییو درککردنی مانا، دەشێ فەزای شیعری گەمەی گونجانو نەگونجانی دەلالەتەکان بێت، یان ئەو ئازادییە بێت کە (شاعیر/ وەرگر) لەرێگەی مامەڵەکردن لە نێوان ماناو گوماندا نەخشی دەکات. لە نێوان گەمەی ماناو گومانی ئازادی کۆی رەگەزە دیارو نادیارەکانی شیعرییەت هەر لە ریتمی ناوەوەو وێنەو ماناو رەمزو... خەونبینیو

تاوگیریو هەڵوێستی فیکری، ئایینی... تۆڕێکی بەرفرەوانی پەیوەندی بونیادئامێز دەخەنەوە، بەو مانایەش شیعرییەت لە پەیوەندییەکی تایبەتئامێزدا دەردەکەوێت. من لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەم دووبارە ئەوە بەبیر خوێنەر بهێنمەوە کە فەزای شیعری لای (هاشم سەڕاج) فەزایەکی سیحرئامێزە، ئەگەر بەشێك لە نواندنەکانی ئەو فەزایە لەرێگەی رەگەزەکانی تاوگیرییەوە بە (فرۆید)و چەپاندنو غەریزەی سێکسییەوە بەند بێت، یان لەرێگەی (یۆنگ)ەوە بە نەستی کۆو پارادیمی ترانسندنتالییەوە بلکێت، ئەوە بەشێکی لەرێگەی رەگەزەکانی ئەزموونەوە بە هەستو نەستی ئایینیو عەقڵی باتینییەوە پەیوەست دەبێت، [1] .

کەواتە فەزای شیعری ئەو پانتاییەیە کە دەشێ (خوێنەر/وەرگر) پێشبینیەکانی خۆی تێدا بخاتە کار، هەر لەوێشەوە شیعرییەت لە میتافیزیکا خۆی جیا دەکاتەوەو دەبێتە پەیوەندییەکی دیالۆگئامێزی نێوان دیارو نادیار. بێگومان ئەگەر دیار، پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی وێنەو ماناو رەمزو ئاماژەو ریتم نیشان بدات، ئەوە نادیار، پەیوەندی دەق بە چەپاندنو فیکری باتینیو هەستو نەستی کۆ نیشان دەدات کە پێشتر لەسەر گوتەزای (بارت) بە سێبەری دەق، یان (سێبەری مانا) ناومان برد، بەو مانایەش لە کۆی بەیەکەوە هەڵنەکردنو هەڵکردنی ئەو پەیوەندییە بە نێویەکداچووانەوە شیعرییەت دەبێتە (کار)[2] ێکی هونەرییە، نەك سیستەمێکە

---

[1]— دەشێ بۆ ئەو بیرکردنەوەیە ئاماژە بە (نیچە) بدەین کە پێیوایە شیعر لە بنەمایەکی ئایینیەوە دروست دەبێت. بڕوانە: ابو دیب، کمال، فی الشعریە، ه.س.پ. ل 15 .

[2]— رۆلآن بارت ئەدەب لە دوو وەسفدا کورت دەکاتەوە کارو سیستەم، سیستەم کۆی بەکار هێنانو پرۆسیسەکردنەکان بەشداری تێدا دەکات کە رۆڵی شتە نووسراوەکە لە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان رێك دەخات، بەلآمئەدەب بەو وەسفەی کە کارە لە جەوهەردا پێکهاتووە لە پەیامێکی گفتارئامێز، نووسراو، کە نموونەی دیاریکراوی هەیە. بڕوانە: بارت، هسهسة اللغة، ترجمة: منذر عیاشي،مرکز انماء الحضاري-حلب،ط 1، 1999. ل 165 .

ڕێکوپێك. کاری هونەری وزەو توانای خۆی لە بەشداریکردنی کۆی ڕەگەزو ژانرەکانی دیکە بەدەست دێنێت، بەڵام سیستەمی ڕێکوپێك بەرەو میتافیزیکا دەچێت.

بەمجۆرە (کار) لە کۆی پەیوەندییە دیارو نادیارەکانیدا (ئاماژە-ئاماژەکان) دەخاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە نەخشکردنی منی (شاعیر/وەرگر) بە ئاماژەو نیشانەکانەوە پەیوەست دەبێت، نەك سیستەمێکی ڕێکوپێك، (لێرە- من/خود- لە مانا دیکارتییەکەوە نزیکە)، هەڵبەتە ئەو ئاماژەو نیشانانە دەشێ ئاگاییو گێڕانەوەی نەستی کۆو زمانی کۆ ڕۆڵی تێدا ببینیٚو بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بە نەستی شاعیرو لەوێشەوە بە وێناکردنەکانی وەرگرەوە هەبێت، بەڵام شاعیر چۆن تەوزیفی دەکات، وەرگر چۆن وێنای دەکاتەوە؟!

هەڵبەتە (شاعیر/وەرگر)ی داهێنەر وەك چۆن هەیە بەکاریان نابات، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە دووالیزمییەتی (خوێندنەوە/نووسین) (نووسین/خوێندنەوە) کردەی یەکەم، ئەسڵی یەکەم بە ئەنجام ناگەیەنێت، بەڵکو (خوێندنەوە) بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەو ڕستەیە لەوێوە دێت کە خوێندنەوە کۆپی، یان پرۆسیسەی کردەی دووەم دەکات، کە خودی نووسینە، ئیتر بەمجۆرە ئاماژەکان لە کار، یان گەمەی شیعرییدا بەردەوام خۆیان لە کردەگەلی دووەمدا تازە دەکەنەوە. بە شێوەیەکی ڕوونتر دەمەوێت بیسەلمێنم کە فەزای شیعرییەت لە گەمەی ئاماژەکان بترازێت شتێکی دیکە نییە، هەر لەوێشەوە بێ کۆتایی خۆیان رادەگەیەنن، کردەی (خوێندنەوە) وەك (منزر عەیاشی) بۆی دەچێت سێ فەرمان دەبینێ کە لە (پێشبینیکردن)و (زەمان)و (مەکان)دا خۆی دەبینێتەوە.

بێگومان پێشبینیکردن کردەیەکی ناسرووشتییە، بەڵام ئەگەر خوێندنەوە پێشبینیکردن بێت، ئەوە دەبێت پەیوەندی بە زەمانەوە هەبێت، نەك بە هاوکاتبوون، نەك هەر هێندە بەڵکو دەبێ پەیوەندی بە زەمانێکەوە هەبێت کە کۆتایی نییە، بەو مانایە لەگەڵ زەمەنی فیزیایی نێودژ دەکەوێتەوە، وەك چۆن لەگەڵ زەمەنی بەیەکگەیاندنیش جیاوازە، ئەوەش لەوێوە دێت کە هاوکاتبوون ئەو دوو زەمەنە دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، بەڵام خوێندنەوە لەگەڵ زەمەنێکی باڵاتر دەڕوا، کە زەمەنی

هەموو زەمەنەكانە. كەواتە ئەگەر خوێندنەوە پێشبینیكردن بێت و لە زەمان خۆی تەواو بكات، ئەوە دەبێت بزانین كە زەمانیش لە مەكان تەواو دەبێت. مەكان دەقێكی كۆچەرە، رۆشنبیریی كۆمەڵگەی پێدا گوزەر دەكات، مەكان تەواو نابێت، مەكانی خوێندنەوەش مەكانی گشت مەكانەكان لەخۆ دەگرێت[1]. ((نزیك كردنەوەی پرۆسەی نووسین لە پرۆسەی خوێندنەوە خاڵی سەر وشەی شاعیرو روونكردنەوەی زێتری ئەو دەستەواژەیەی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئیتر لە بەرجەستەكردنی (من/خود)ی شاعیرەوە دەستەواژەی (وەرگر/خوێنەر) دەخەمە دواوە، بەڵام با خوێنەری ئەم لێكۆڵینەوەیە لە خەیاڵی خۆی دەستەواژەی (خوێنەر/وەرگر) بخاتە پاڵ (نووسەر/شاعیر) لەسەر ئەو بنەمایەی كە هەردووكیان بە كاری دووەم هەڵدەسن نەك یەكەم)).

بەمجۆرە لە میانی خەیاڵ و پێشبینیكردن دەگەینە ئەوەی كە خەیاڵ مانای جیاواز دەخاتەوە، پێشبینیكردن سێبەری مانا. كەواتە ئەوە دەستلێدانی (من/خود)ی شاعیرە كە سیستەمی نۆرمو ترادیسیۆنەكان بەرەو هەڵوەشانەوەو دووبارە دارشتنەوە دەبات ((دەمەوێت لە وشەی دەستلێدانو دەستلێنەدانی نێو زمانی كوردی وشەی "بقە" كە زێتر بۆ ترساندنی منداڵانی تەمەن كەمتر لە چوار ساڵانە بە كار دێت، راڤە بكەمەوە)) بەو مانایە (من/خود)ی شاعیر لە (من/خود)ی منداڵ دەچێ زاراوەی منی منداڵ "جان پیاچێ" زانای دەروونیو فەیلەسوفی سویسری بە كاری هێناوەو ئەو منداڵانە دەگرێتەوە كە دەكەونە نێوان ($4-7$) ساڵانو خۆیان بە ناوەندی جیهانو تەوەرەی هەموو شتێك دەزانن، جگە لە خۆیان بایەخ بە كەس نادەن، هەر لەو خاڵەشەوە بە جۆرێك لە جۆرەكان منی منداڵ لە منی دیكارتی نزیك دەبێتەوە.

لێرە وشەی (دەستلێدان) جولە ئاساییو سرووشتییەكان بەرەو جولەی نائاسایی دەباتو شوێنەكانیان دەگۆڕێتو رووەكانیان بە ئارەزووی هەستە ساتەوەختییەكانی ناوەوەو دەرەوە رەنگ دەكاتەوە، بەو مانایە وشەی (دەستلێدان) هەڵوەشانەوەو

---

1- عیاشي، منذر، الكتابة الثانیة و فاتحة التعة، المركز الثقافي العربي، ط 1، 1998.ل 12 .

تێکدانمان بیر دەخاتەوە، بۆ تێکنەدانی سیستەمی شتەکان پێشگری نەرێی دەخرێتە پێش‌و بە (دەستلێنەدان) بەکاری دەهێنن. بەڵام منی (منداڵ/شاعیر) بێ ئەوەی لە خەمی مانا جێگیرەکان دابێت بە خەیاڵی خۆی‌و بە پێی بیرکردنەوەی خۆی لە بری ئەوەی گوێ رایەڵی وشەی دەستلێنەدان بێت بە گەمەی دەستلێدان هەڵدەسێت.

دەمەوێت لە شیکردنەوەی وشەی (دەستلێدان)و (دەستلێنەدان) پەیوەندی سیستەم‌و کاری هونەری یان گەمەی شیعری بخەمە بەرچاوو دەریچەیەك لەسەر ماناو گومان بکەمەوە، هەر لەوێشەوە دەشێ بڵێم گەمەی دەستلێدان‌و هەڵوەشانەوەی سیستەمەکان زێتر لە گەمەی خەیاڵیانەی (منداڵ/شاعیر) دەکات، هەروەك پێشبینیکردنیش ئەگەر رووبەکی راستەوخۆ گومان بنوێنێ، گومان لە رابردووو ئاینده، دەستلێدان‌و دەستلێنەدان.... ئەوە رووەکەی دیکەی کۆی ئەو فەزایە دەنوێنێ کە ئاگایی‌و درككردنی منی (منداڵ/شاعیر) لە ساتەوەختی دەستلێدان پرۆسیسەی دەکات. ئاگایی لە پرۆسەی داهێناندا کۆی ئەو وەعی‌و ناوەعیەیە کە بە جیاوازییەکانەوە دەلکێ، گومانیش لە وێناکردنی ئەو جیاوازییانەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە.

رەنگە ئەو پەیوەندییەی نێوان بەشە هاوبەشەکانی رەگەزی خەیاڵ‌و پێشبینیکردن لە ئامادەگی بەردەوام دابن، یان کەرەسەی یاریکردنی شیعری بن، بەڵام هەڵبەتە ئەو گەمەیە بە بێ منی گەمەکەر (منداڵ/شاعیر) نایەتە بەرهەم، بە دیوەکەی دیکەش ئەو گەمەیە دەکەوێتە سەر خزینی ماناو پانتاییە بەرفرەوانەکانی رەمزەوە، یان دەسکاریکردنی ماناو هەڵدانی زمانی فەردانی‌و رەمزەوە. بێگومان دەسکاریکردنی ماناو بە رەمزکردن دەشێ تەمومژی بخاتەوە، وەك چۆن دەشێ پەیوەندی بە کۆی ئەو گێڕانەوەیە هەبێت کە لە پرۆسەی داهێناندا دێتە بەرهەم، هەر لەوێشەوە بە حیکایەتکردنی منی (منداڵ/شاعیر)ەوە پەیوەست دەبێت. کەواتە گەمەی (مانا/گومان) لەوێوە فەزایەکی شیعری دەکاتەوە، کە ئاراستەی ئەزموونەکان بەرەو (هەڵوەشانەوەو وێناکردنی جیاواز) دەبات، ئەوەش یەکێکە لەو دیالۆگە شیعرییانەی

کە چەمکی ڕەشبردنەوە لەڕێگەی ڕەگەزە هاوبەشەکانیەوە پێیەهەڵدەسێت. بۆ ڕوونکردنەوەی پتر بڕوانە ئەو هێلکارییەی خوارەوە:




کەواتە فەزای شیعری لە گەمەی دەستلێدانی ماناو پرۆسیسەکردنی گومان بەرجەستە دەبێت، ئەو فەزایە دەکەوێتە دووتوێی حیکایەتکردنی منی (مندال/شاعیر)ەوە هەر لەوێشەوە جیاوازی حیکایەتەکان دەردەکەون، دواجار بەرهەمێنانی (مانا/گومان) دەشێ بونیادێکی دیکەی جیاوازو پێشبینیکردنێکی دیکەی جیاواز بێ بۆ خەونی داهێنان، خەونی داهێنانیش پانتایی ئەو گەمە دیارو نادیارەیە کە فەزای شیعری لێدێتە بەرهەم و لە فەزای شیعریشەوە جوانی بەرجەستە دەبێت و ئاسۆکانی (نووسەر/خوێنەر) (خوێنەر/نووسەر) لە چێژی (خوێندنەوە/ نووسینەوە)دا ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەریچەگەلێك بە سەر دەق و خوێندنەوەی جیاوازدا دەکەنەوە.

بەو واتایە ئەوە خەیاڵ و پێشبینیکردنی (من/خود)ی شاعیرە ناو لە شتەکان دەنێت و بەو ناوە بانگیان دەکات و لێیان نزیك دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی لەخۆیان بگرێت و پاشان بە وەسفکردنیان هەڵسێ و خزینی مانایان لێبخاتەوە، هەر لەڕێگەی خزینی ماناو پێشبینیکردن و خستنەوەی مانا، پەیوەندی زمانی (من/خود)و (شیعرییەت) دەردەکەوێت. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە لە قەسیدەی یەشمەکانی چۆمسکی بڕوانە ئەو دەستەواژە شیعریانە: **گەمانی عیشق لە پەرەمووچ سووکترە، مەزە هەندەسییە سینەمایییەکان، لە مووبەقە پەرداخەکەدا....هەروەها لە قەسیدەی (ورچ) بڕوانە: میری سەر رووتی رۆبی بۆری رووسی لەبەر لەناو ریمی سووری تووریدا ریشی بە شیری دەتاشێ، پەرداخێك گوارەو ئەنگوستیلە.....**(هێلەکان ژێرەوە تەعبیر لە خزینی ماناو پەیوەندی "من"و "شیعرییەت" دەکەن) .

کەواتە زمانی (من/خود) لەرێگەی ناونانەوە دەست بەسەر شیعرییەتدا دەگرێتو دەیگۆڕێت بۆ گومانو مانا، هەر لەوێشەوە (من/خود) بۆ بوونی شیعرییەت هەم بارمتەیەو هەم تەجاوزکەر، چونکە لە دووتوێی چەمکی رەشبردنەوەدا بوونی شیعرییەت ئەو پانتایەیە کە ئەزموونی شاعیری لێدەردەکەوێتو دووبارە (من/خود)ی شاعیر بە فۆرمەلەکردنی ئەو ئەزموونە رادەبێتەوە. لێرەدا ئەوە مانایە پەیوەستبوونی نێوان ئەزموونو گەمەی شیعری دیاری دەکات، تەجاوزکردنیش لەوێوە دێت کە (من/خود) خەیاڵو پێشبینیکردن بەرز دەکاتەوە، یان راڤەیان دەکاتەوە یان تەئویلیان دەکات هەر لەوێشەوە دەستیان بە سەردا دەگرێتو لە باری تاریکییەوە بەرەو باری هەبوونیان دەبات، بە مانایەکی دیکە لە دۆخی رەشبردنەوە بە مانای بردنەوە، بەرەو دەرکەوتنو جریوەیان دەبات.

کەواتە منی (خوێنەر/نووسەر) لە دووتوێی بەرهەمهێنانی (مانا/گومان) بینینی دنیاو دووبارە خەڵقکردنو تەفسیرکردنو تێگەیشتن دەنوێنێ. لێرەدا (من/خود) سەرەڕای ئەو وەسفەی کە لە (من/خود)ی دیکارتییەوە بە ئێمەی دەدا، بە هۆی هەڵوەشانەوەی ماناکانو بونیادەکانەوە رێگە بۆ وەسفکردنی رووداوەکانی ئاگایی خۆش دەکات. بەو مانایەش ئەوەی لەرێگەی درککردنی ماناکانەوە وەسفی دەکەین، لە شیعرییەتدا درککردنی گومان دەنوێنێ، بە دیوەکەی دیکە لەرێگەی درککردنی ماناو درککردنی گومان دەگەینە ئەوەی کە زمان ئاگاییە بە دنیا، لەبەر ئەوەی ئاگایی بێ ناوەڕۆکە، ئاگایی نەبوونە، ئیتر لەوێوە (زمان) بێ ناوەڕۆکی دنیا رادەگەیەنێت، لەرێگەی (نەبوون)ی دنیاوە (زمان) ئازادییەکانی خۆی بەرجەستە دەکات، هەر لەوێشەوە بە تەجاوزکردن هەڵدەسێ.

کەواتە مانا لە چەمکی رەشبردنەوەدا تەواوی بۆشاییەکان پڕ ناکاتەوە، بەڵکو بەردەوام کۆمەڵێك بۆشایی، دەریچەگەلێك بە رووی گوماندا جێدێڵێت، بۆیە (خەیاڵ/پێشبینی) بە ئەندازەی ئەوەی ناوەڕۆکە، فۆرمە، ئەوەش دەلالەتی (گومان/مانا) بەرجەستەتر دەکات. هەر لێرەشەوە چەمکی (خەیاڵ/پێشبینی) بوونێکی نادیار لەخۆ دەگرێت، بوونێك بە مانای نەبوون، بوونێك لە زەیندا.

# باسی سێیەم: فەزای شیعری لە نێوان یاری زمانەوانی و مەستکردنی وشە

دەشێ بۆ گەمەی زمانەوانی لەرێگەی پەیوەندیکردن بە چەمکی (پاشبەند)[1]ەوە قسە لە فەزا کراوەکانی ماناو نێودژییەکانی بکەین‌و لە پشت ئەو گەمەیەش (من/خود)ی لبیدۆی بێگەرد- مەبەست لە منی فرۆیدییە-وەستاوە. ئەو (من/خود)ە لە کۆی غەریزەکانەوە مەسافەیەك بۆ خستنە سەر دەسازێنێ. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین پرۆسەی خەڵقکردنی دەلالەتە تایبەتییەکان لەرێگەی هەڵوەشانەوەو دووبارە دارشتنەوە جێبەجێ دەبێت.

---

[1]- لای (رۆسۆ) نووسین پاشبەندی ئاخاوتنە، دریدا پێیوایە ئەو چەمکە دوو مانا هەڵدەگرێت، چونکە پاشبەندکردن لە رووکوشدا ئەوەیە شتێکی ناپێویست بخرێتە سەر شتێکی کامڵ، لە هەمان کاتدا ئەو خستنە سەرە بۆ تەواوکردنی ئەوەیە کە پێمانوایە کامڵە، بە هەردوو ماناکەش پاشبەنکردن دەبێتە رەگەزێکی دەرەکی‌و نامۆ، دریدا ئەو فیکەیە بەکار دەهێنێ بۆ هەڵوەشانەوەی پرەنسیبی سەرخستن‌و پێشخستنی ئاخاوتن بە سەر نووسین‌و مەدلول بە سەر دالدا وەك لە فیکری میتافیزیکی خۆرئاوادا هاتووە. ئەگەر نووسین دەکرێتە پاشبەند لە بەر ئەوەیە کە نووسین ئەو حەقیقەتانە هەڵدەگرێت کە خودی نووسین جیا دەکەنەوە. دریدا پێیوایە نووسین بە یەك مەرج دەبێتە شتێکی لاوەکی‌و داتاشراو ئەویش ئەوەیە کە زمانی سروشتی‌و ئەسڵی (زمانی یەکەم) هێشتا دروست نەبووبێ‌و نووسین بەری نەکەوتبێ‌و پیسی نەکردبێ، واتە ئەو زمانە، خودی نووسینەو یەکەمین نووسینیشە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: دەنگ‌و سێبەر، هـ.س.پ. ل 200،199 .

ئەگەر لە پشت (من/خود)ی لبیدۆی بێگەردو غەریزەکان کۆی ئەزموون وەستا بێت، ئەو ئەزموونە لەرێگەی چەپێنراوەکان بەرەو رەمزو ئاماژە دەبێتەوە. بەڵام لە نێوان رەمزو ئاماژە هەندێجار بێزاریو دڵتەنگی دەردەکەوێت، وەك چۆن هەندێجار خۆشیو کامەرانی لە دایك دەبێت، ئەگەر دڵتەنگی پەیوەندی بە چەپێنراوەکان بێت، ئەوە کامەرانی بێ سنووری وزە سەرکردووەکانی رەمزو ماناکانی نەست دەکێشێت، لە دەرئەنجامی ئەو وزە سەرکردووانەش بێ مانایی وەبەر دێت.

بەڵام بۆ مەستکردنی وشە دەتوانین لەرێگەی جێکەوتی (دریدا)ییەوە پەیوەندی رەگەزە دیارو نادیارەکان بەرچاو بخەین، بۆ بەدواداچوونی کۆی ئەو پەیوەندییانەش دەشێ (جێکەوت) وەك رووە دیارەکەی لە مەستکردنی وشەو بەریەککەوتنی ئیقاعی پیتەوە بە فەزای تاوگێری ببەستینەوە، بەڵام نەك بەو مانایەی کە فەزای تاوگێری بکەوێتە سەر (من/خود)ی دیکارتی یان فرۆیدی، بەڵکو تەواوی ئەو فەزایە دەشێ لەرێگەی (من/خود)ەوە بێت. لەوێشەوە پەیوەندی نادیار لە مەستکردنی وشە لە پرۆسەی فێڵێهاتنی شیعری نزیك دەبێــتەوە، بە مانایەکی دیکە لە ئاکامی نێودژی دەروونییەوە فێیەکی سووك (بە مانا دۆلۆزییەکەی)[1] دێتە بەرهەم، ئەو پرۆسەیە لەرێگەی لێکخشانی نێوان دوو ئەندامی تیپە دەنگدارو بێدەنگەکانەوەیەو بە پێی جولانەوەی پێویستی جەستە/وشە بە گشتی، یان لە نێو پیتەکانی خۆیدا لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا گەرمی دەبێتەوە لەو گەرمییەوە تیپەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبنو بە حاڵەتی ورێنە دەگەن، حاڵەتی ورێنەش تەعبیر لە پەرتکردنی ماناو دەلالەت بە دیوێكو کەفچڕین، یان بە هەڵمبوونی مانا بە دیوەکەی دیکە دەکات. ئەگەر پەرتکردنی مانا تەعبیر لە بێ هوودەیی بکات، ئەوە کەفچڕی تەعبیر لە ترۆپکی چێژی

---

[1]– جیل دولوز چێژ، یان سێکسکردن بە فێ ناو دەباتو دەڵێت بە یەکگەیشتنی سێکسی فێیەکی سووکە، بێگومان ئەو دەستەواژەیەش لە ئەبۆکراتەوە دەخوازێ. بڕوانە: میشل فوکو، استعمال اللذات، تاريخ الجنسانية، ترجمة: جورج ابي صالح، مراجعة: مطاع صفدي، لبنان-بيروت، 1991، ل 90 .

سێکسی دەکات، بە مانایەکی دیکە لەو تێکەڵبوونە بە هێزترینو ناسکترین بەش بەرەو پرۆسەی هەڵسانەوەی مانا دەچێت، لەو کاتەدا کەفێکی گەرم (کە لە کەفی فیلێهاتن دەچێ) لە رێگەی پرۆسەی سێکسکردنی پیت و وشەکانەوە دێتە بەرهەم.

هەڵبەتە کردەی فیلێهاتن بەدەر نییە لە ئازار گەیاندن بە ئەندامەکانی جەستە (مرۆڤ/وشە) بۆ قسە کردن لەسەر جەستەی رستەو ئەندامەکان لە شیعری (هاشم سەڕاج)دا دەشێ دووبارە کردنەوەی زیاد لە پێویستو جەختکردن و فشار خستنە سەر پیتو وشەو بەخشینی جۆرێك لە نێرایەتی بە هەندێ لە وشەو پیتەکانو هەروەها هەندێجار داگیرکردنی چێژو بردنەوەی بۆ سەر چەند پیتو وشەیەك کە تەعبیر لە چەپاندن دەکات وەك نموونە بخەینە روو، هەر لە گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس بڕوانە ئەو دەستەواژە شیعرییانە: **ئەو گەرماییە کحولییە دۆزەخییە یاقوتییە غوربەتییە، ئەی سپیپاترین سپیەکانی بەفری هەمیشەیی، ئێمە بە بێ جاویدانەیی جوانین بە بێ بیرکردنەوە جوانترینو بە بێ خوردبوونەوە جوانترینیش ئاخر پلم نوقمی شیلەی بەهێ، تاریکی گەورەترین کوللەی سەربەستییە...**((لەو نموونانە بڕوانە جەختکردن لە پیتی (ی)ی کۆتایی کە دەشێ پەیوەندی بە لێکجیابوونەوەی سێکسیو کۆتایی مرۆڤو مردنەوە هەبێت، یان زاڵکردنی وشەی (سپی)... هتد. هەروەها بەکار هێنانی پاشگری "ترین" بە قەد ئەوەی هەڵگری ئیقاعێکی زاڵو سادیئامێزە، هەڵگری دەلالەتی باشتر نییە. لە لایەکی دیکە لە بارەی لێکجیاکردنەوەی تیپەکانو ڕێزکردنیان بە شێوەی جیاواز دەشێ بڵێم تەعبیر لە جوانکردنی ئیقاع و فۆرم ناکات، بەڵکو تەعبیر لە هەڵوەشانەوەی جەستەی وشە دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر لە پرۆسەیەکی دیکەی سێکسی بە یەکتر شادییان بکاتەوە. ئەگەر ئەو هەڵوەشانەوەیە هەڵگەڕانەوەی شوێنکاتی دەقو بە نێوداچوونی رابردوو بێت لەرێگەی نواندنو خستنەڕووو خەیاڵکردنەوە، ئەوە وەك پێویست بە دیوەکەی دیکە ملکەچکردنی زمانی دەقە بۆ پێدراوەکانی هەنووکەیی (خوێنەر/وەرگر)، بە مانایەکی دیکە درووستکردنی فەزایەکە بۆ وروژاندنی (خوێنەر/وەرگر)و گەیشتن بە چێژی خوێندنەوە)).

کەواتە ئەگەر گەمەی زمانەوانی لە فەزای ماناو لادانی مانادا کار بکاتو لەرێگەی خولانەوە بە دەوری بێ مانایدا جۆرێك لە لێکخشانو ورِوژانو لەوێشەوە ونبوونی (من/خود) لە نێو چەپاندن بگەیەنێت. ئەوە مەستکردنی وشە بە رووە دیارەکەی لە فەزای تاوگێریو بە رووە نادیارەکەی کۆی نێودژییە دەروونییەکان بۆ حاڵەتی پرۆسیسەکردن بەرز دەکاتەوە. یەکەمیان لەسەر پەیوەندیکردنی تاوگێری بە دنیای نەستەوە رادەبێتەوە، دووەمیان لە پەیوەندیکردنی نێودژی دەروونییەوە بە چێژی سێکسی دێتە ئاراوە. یەکەمیان لە بەیەکگەیاندنی هەندێ لە بونیادەکانەوە تەعبیر لە نکۆڵیکردنی چەپێنراوەکانو جێبەجێکردن دەکات، ئەوەش بەو حوکمەوە بەندە کە لەرێگەی دەست بۆ بردنو دەستلێدانی (من/خود)ەوە هەڵدەقوڵێت، لەوێشەوە خزینی ماناو بێ ماناییمان لا درووست دەکات، بەڵام دووەمیان رێگەیەکە بۆ رەتکردنەوەی ئێستای ئامادەگیو ئامانجی ئەوەیە ئاگاییو هۆش لێکجیا بکاتەوە، ئەگەر ئەو لێکجیاکردنەوەیە بەشێکی بە (ئەپۆکرات)[1]ەوە بەند بێت، بەشێکی بە هاوارەکەی (ئارتۆ)[2]وە دەلکێت.

جیاوازی نێوان یاری زمانەوانیو مەستکردنی وشە ئەوەیە کە ئەگەر یەکەمیان بە جۆرێك لە جۆرەکان برِوای بە وجود هەبێت، ئەوە دووەمیان جگە لەو سووکە هاوارە زێتر وجود نابینێ. یەکەمیان بەرامبەر چەپاندن پەرچەکردارو نکۆڵیکردن دەنوێنێ. دووەمیان خۆکوژییە (لێرە خۆکوژی (من/خود) لە پیادەکردنی، چێژ بەرجەستە دەبێت). یەکەمیان لە بەرامبەر مانای بێ جولەو لەکارخراوەکانی سیستەمو دەسەڵاتی رەها هەست بە بێزاریو دڵتەنگی دەکات، چونکە درککردنو هەستی ئەو لەگەڵ ئەو نۆرمو رەهاییە یەك ناگرێتەوە بۆیە بەردەوام لە دەرەوەی ماناکان لەگەڵ یارییەکانی

---

[1]- بروانە: میشل فوکو، استعمال اللذات، تاریخ الجنسانیة، ترجمة: جورج ابي صالح، مراجعة: مطاع صفدي، لبنان-بیروت، 1991، ، ل 90 .

[2]- دریدا، ج، الکتابة و الاختلاف،ه.س.ث. ل 27

خۆی درێژه به خزینی ماناو نێودژی چەپێنراوەکانو سەیرورەتی بێ مانایی دەدات، بەڵام دووەمیان لەسەر نێودژی دەروونیو جوانی ڕاست دەبێتەوە، هەر لە میانی نێودژییەوە بە نەشوە دەگات، یەکەمیان ئەو (هاوار/ئیقاعە) زاڵەیە کە (من/خود) بە دژی نکۆڵیکردنی چەپان بەرزی دەکاتەوە، دووەمیان ئەو هەڵوەشانەوەیە یان ڕووتکردنەوەیە کە (من/خود) بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی سێکسی پێی هەڵدەسێت.

یەکەمیان لە بێ مانایی بەرەو مێژووی مانا دەگوازێتەوە، بەڵام دووەمیان لە بێ هوودەیی بەرەو شەهوەت دەچێ. لە پشت یەکەمیان (من/خود)ی لبیدۆی بێگەرد وەستاوە، بەڵام لە پشت دووەمیان وڕێنەی سێکسی کار دەکات. بەو مانایە فەزای شیعری لە یەکەمیان بە دەوری بێ مانایی دەخولێتەوە، لە دووەمیان لە بێ هودەیی بەرجەستە دەبێت.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوە بڕوانە ئەو هێلکارییەی خوارەوە:




کەواتە ئەگەر چەمکی جێکەوتی (دریدا)یی لەڕێگەی (ونبوون) بە مەستکردنی وشەو لەڕێگەی (پەیوەستبوون بە پێشوو) بە یاری زمانەوانییەوە بلکێ، ئەوە یاری زمانەوانی لە بەدواداچوونی (من/خود)ی لبیدۆی بێگەرد دڵتەنگی یان خۆشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام مەستکردنی وشە دەکەوێتە نێوان دیارو نادیار، نە ئەمیانو نە ئەوییان.

دیار، لەڕێگەی غەریزە بە دەوری خۆشی دەخولێتەوە، نادیار، لەڕێگەی فێلێهاتنی شیعری بە شەهوەتو لەوێشەوە بە نەشوە دەگات. دوالیزمییەتی (خۆشی/نەشوە) ئامادەگی لە جوانگووتنو جوانگووتن لە ئامادەگیدا تەواو دەکات، بەو مانایە جێکەوت لە میانی مەسافە دیارو نادیارەکەیەوە دەرئەنجامی شیعرییەت لە (خۆشی/نەشوە)دا دەخاتە ڕوو.

بەڵام لە پشت یاریکردنی زمانەوانی شاعیر پرۆسیسەی ئەسڵی یەکەمو کردەی یەکەم ئەنجام نادات، بەڵکو پرۆسیسەی کردەی دووەم، یان چەپێنراوەکان دەکات، کردەی دووەم لەوێوە کورتی دێنێ کە لە گوماندا گیر دەخوات، وەك چۆن لەوێوە فەزاکانی دەکرێتەوە کە گومان پەرت دەکات، واتە ئەوە پرۆسەی پەرتکردنی گومانە خۆشی یان دڵتەنگی دەخاتەوە، بەو مانایەش کردەی دووەم جەوهەر نییە مەجازە، بە دیوەکەی دیکەش لێکچوواندنە[1] ناسنامە نییە.

واتە کردەی دووەم شتێك نییە جگە لە خودی خۆی نەبێ، لە هەمان کاتدا خودی خۆیشی لەرێگەی مەجازەوە تەجاوز دەکات. بەمجۆرە زەمەنی کردەی دووەم ئەو زەمەنەیە کە دژەکانی خۆی خەڵق دەکاتەوە، هەر لەرێگەی خەڵقکردنی دژەکانییەوە زەمەن دەبێتە زەمەنی دووەم، هەر لە زەمەنی دووەمیشەوە کۆی خۆشی دڵتەنگی تەعبیر لە بەیەککداچوونی پرسیارو رابەرایەتی لە یەك دوور کەوتنەوەی پرسیارەکان دەکات.

کەچی لە پشت مەستکردنی وشە بونیادێکی شەهوەتئامێز ئامادەگی هەیەو لەرێگەی ئەو بونیادە شاعیر دەکەوێتە فێلێهاتنی شیعریو ورێنەکردنەوە، هەر لە میانی فێو ورێنەکرندا خەبەر لە ناوەوەی خۆی دەدات. بەمجۆرە فەزایەك لە لێکجیابوونەوە لە نێو خۆیدا دەخاتەوە، ئەو فەزایە دەکەوێتە نێودژی بەردەوامی نەشوەو جوانییەوە.

بە گشتی رەگەزەکانی جێکەوت لە پرۆسەی مەستکردنی وشە لە کردەی سێکسکردنەوە زاوزێ دەکەنو کەف دەچڕن، ئینجا بە لێکجیابوونەوە دەگەن، بەو مانایەش وەك چۆن هەڵگری وزەی ناوەکین، زەمەنی ناوەکیش پیادە دەکەن. بەڵام لە یاری زمانەوانی تیشکەکان لە رابردوو دێنەوەو لەرێگەی خەڵقکردنی دژەکانیان یەك ئەویدیکە تەواو دەکات، یان رەتیدەکاتەوە، ئینجا هەر لەرێگەی خەڵقکردنی دژەکانەوە زەمەن دەبێتە زەمەنی دووەم.

---

[1]– بڕوانە بیروڕای فرۆید لە بارەی پرۆسەی داهێنانەوە- دالبییر، رولان، طريقة التحليل النفسي و العقيدة الفرويدية، ترجمة، د. حافظ الجمالي، بغداد، ط 2، 1984، ل،374 .

# (بەندی دووەم)

**هیچ دەستێك ناتوانێت کەزی (با) بهۆنێتەوە**

**(ئەدۆنیس)**

# بەشی یەکەم

## پراکتیزەکردنی دوالیزمیەتی جێگیربوون و جێگیرنەبوون

قەسیدەی "یەشمەکانی چۆمسکی" وەك نموونە

**قەسیدەی:**

یەشمەکانی چۆمسکی

**هاشم سەڕاج**

**فەنەرێك لە بەفر**
**گەلەرییەك لە سێو**
**سەبەتە نەردێك**
**لەبەردەم رووناکیە برینداراەکەدا سوراحییەك**
**وشەمان بە کەفە پرتەقاڵییەکانی لەش داکرد**
**ئیستەبریقەکانی رۆحمان لە ئاتوون نا**
**لە خۆشیانا پەڕەی لووتمان دەلەرزا**
**دەدرەخشا گەلەرییە سەرخۆشە بەدمەستەکە**
**دەبۆرڕا فەنەرە سەهۆڵییە چیلچیلیەکە**
**نەردە مێروولەش رەنگ رەنگ**

ئاوێنەی دڵیان دەشکان
ئاو فەزای لەشمان دەشێوێنێ
ئاگر فەزای لەشمان دەشێوێنێ
ئایندەترین ئایندەمان لەکیس دەدا
بە/سەرگەردانییەوە دەخولێینەوە
چ ئاگرێکە؟
ئەو گەرماییە کحولییە دۆزەخییە یاقوتییە غوربەتییە
بەردە سپاتەکانی ئۆرفیوس دەرەقسێنێ و
مەززە هەندەسییە سینەماییەکان
مشتومڕە سەفسەتاوییەکان
پێخەنینە سیامەستاوییەکان جلیوەدار دەکات.
نەرد گەمان بە پەنجەمان دەکا
پەنجەمان گەمان بە نەرد
گەمانی عیشق لە پەرەمووچ سووکترە
لە پەرەمووچ سووکترە گەمانی عیشق
نە زەمەن گەمەکان دەستەمۆ دەکا
نە گەمانیش زەمەن
ساتەوەختی چێژی مەستبوون رادەگەیەنێت.
ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی
ئەی کێ بەرپرسی نەبوون و بوونە گوناهبارەکانە؟
تازە چ بکەین؟
دەبا بباری یەشمی ئەفسووناوی
لەوێ لە مووبەقە پەرداخەکەدا
ئامانە بریق و باقدارەکان کۆڕسییەتی

شۆخان تۆقە ڕەنگاڵەییە خوداوەنداوییەکە لەقژی
دەداو
گەر دانەبارێ چ دەکەین؟
پەرداخە مۆرێك ئاوە شاتوو فڕ دەکاو
"گڵتە ئیتە مێسنخ"
شۆخان تاووسێکی مەلوولەو بیر لە مەرگ ناکاتەوە
پەڕ پەڕ لاپەڕەکانی کتێبی هونەری
چێشتلێنان هەڵدەداتەوەو بە سووکە سەمایەکەوە
گۆرانی پیتە لێواوییەکان دەچڕێ
لا لا لە لا لە لا
شەش، شەش، باڵۆڵ، باڵۆڵ.. چوومسکی
بە فیکە هێماوییە سۆزاوییەکانی
بەرەڤانی لە فەزای مووبەقە نارنجییەکە دەکا
ئەی بەختەوەریترین خەفەتی درەنگە قەدەران
بارت لە شووشە نییە و جوانی
دژی مەرگ دەلەنگێ
نەردە پیرۆزەییەکان لەنێو قژی حەشار داوە
بە گوناهکارییەوە پەیڤەکان
پاژ پاژ هاوێر دەکەن و
چاوە چێژاوییەکانمان مەست دەبن مەست
دەبا بباری.. گەر دانەبارێ
پەرداخە مۆرەکان تژی نابن تژی
مەگەر لەگەڵ خانمەچاومەستە پەمەییە قژ ئاڵتووناوییە
تاووساوییەکەدا قل قل کبریتە ئاڵەکانی تەڵەشقاڵتان

بکرۆژین و تۆقە ڕەنگاڵەییە خواوەنداوییەکەش
لە پەلکە زێڕینەی قژی زەرییە چاو مروارییە
دەسکەفاوییە سەرمەستەکان بدەین و دەنا
بۆنی وجوودێکی شەت و پەتی خەفەتیارتر لە
تەرمە بە مراز نەگەیشتووەکانمان لێدێ و
غەریزە ئاگراوییەکا.. دین دین گیانەڵا دەدەن و
خەوە نوتکێی ڤالیۆمە هەسشێوێنەکان
متبوونێکی مەرگاوییە
ئاخر پیتە قەترانییە کەف چویتییەکانی ئیرۆسن
بلوورە ژەهراوییەکانی هۆشمەندی خاشخاش دەکەن و
زەردەخەنە زەنگیانەییەکانیش تەنێ وەفریای
کۆڤان و دژە یادەوەرییەکان ناکەون
دەبا بباریێ بەرەنگاو ڕەنگی
پەڵە هەورە پلازماکانی ئاسۆی ناهزر و
تەرزە زومەڕڕەدەکانی
شووشە چرا پڕ نەرد بن
دەمامەکە تەلیسماەییەکان بۆنکەین
چێژی تلیاکی عەدەمەو
تاریکی گەورەترین کوللەی سەربەستییە
پرچە حەلواییەکانی تاوسەژنان بە بۆیەی
خەڵووزی دەنەخشێنێ و قۆپچە نەردە
کریستاڵییەکانی تەنکە کراسان دەترازێنێ و
لە مەرگ هێمنترە خەونەوازی سەرمەدیانەی
نێو باخەڵی درەوشاوەی، کیسە خەنە

خووساوەکەی باوەشی بێ ژاوە ژاوی
ئەو تاووسەی کۆبۆنی پاکی تەمەنی
لەبەر هورووژمی بای عەدەم شەکاوەیەو
نازونوزی، دەسەبەرداریی، خەفەتە کوشندەکانی
شووشەی شکاوەی لاجانگی...
دەترووسکێ... یەشمبارانی غەریزە جنوونییەکان
ئەی ئاگرینترین خەفەت
خەریکە کات بەسەر دەچێ و منی هەمیشە ئاوێنەش
دەستێکم لە لوتکەی سێووو
پلم نوقمی شیلەی بەهێ
ددانە سەدەفییەکانم نەردبازییانە
فەنەرە بەفرییینە چەرمیینەکەم
لەبەر دەم ئاوێنە سەرابییەکەی لەشمدا
بریق و باقییەتی
پرچم لە گەردەنم لوولدەدەم و بەو لافاوە
زیوییە جیوەییە دەخەنەنم
حەزی ئامازرنیەتی پارچە ئاوێنەکان
ناخرۆشێنێ...
با بباریێ... گەر تەرزەیەشم نەباریێ چیتر
شیعری جەلاتینی بە سوخمەیەکی بەرتەسك و
بەژن و بالآی رووباراوی
سەمای مەرگ نانێتەوە
چزووی دووپشکاوی هەوەس
بە ئیسفەنجی پیت وەنادا

نەفتالینە نەفتالین
نەفتالینە قەوزەییەکانی ئایندە
مۆرانەی تەمەنی وەنەوشەیی لە نێو نابەن
یەشمی ئێکسیری نەبارێ
بەهێی مەرگ... سێوی سێکس
خڕ خڕ بە پەیژەی عومرمان
غلۆر نابن...
هەڵووژەی تازە رسیدەش
شەبەقی دەمە لینجەکان مزر ناکا
فەنەر، گوناهە گومانا‌وییەکان
سێو، گەمانە گەمژاوییەکان
نەرد، دەروونە درەوشاوەییەکان
گوناهاوییەکا، گەمژاوییەکان، نەرداوییەکان
سەرلێشێواوییە ئاگراوییەکان دادەگیرسێنن
ئەمە هاوکێشەی وجوودو ناوجودی تاوسەکانە
وەرە ئەی رووناکییە بریندارەکەی هەبوون
دەبا لە هێما زمانەوانیەکانی سرووشت رابمێنین
بەمجۆرە بەڵەدی کردین.. کێ؟
بەڵەدبوون لە غوبارە رۆحیەکانی
دوای فەنابوونی جەستە
با وەرزەکان... کاتژمێرە کەسیرەکان پەژموردەترین
لە ئاڵۆزترین سەرقاڵییە جەنجاڵییە وەڕساوییە
ژەهراوییەکاندا
خەناوکە زناکییە تەلیسماوییەکە هەوادەین

لە گەردنی هەورە تۆتیا چەرمگەکانی میتا بدرەخشیٚ
گۆزە شەرابیٚك بە کەینوونەی هەڵوەشاوەی
خۆداکەین و بە درەخشاوەییەوە جەانیین... جوان
بەرسیلەی مەززەی حەزەکان ماچبارانی قەدەر بکا
شۆخیٚ لەبەردەم رووناکییە بریندارەکەدا
تۆقە خواوەنداوییەکە هەڵدەوەشیٚنیٚتەوە
قل قل، مووروو، قل قل
بە درەخشاوییەوە درەخشاوەتر
خۆشیە جوانە هەمیشە خۆشاوییەکان هەڵدەوەشیٚنەوە
با بباریٚ با یەشمی سیٚکس بباریٚ
با یەشمی عەدەم بباریٚ
خاشخاشی هەستە شیٚتەکان بە ئاوەژوویی بلەنگیٚن
ئاخر وجودیٚکی شەکەت و ریٚگایەکی تارتارۆسی
مەترسییەکانی کەڤری عەقلٚ
هەراسانی گیانی کردووین.. گەر وانەبیٚ
ئەی کیٚ سەوزە ماهووتە ئەتلەسیە سەما دەکاو
پەلکە زیٚرِینەی زوونناری وشە نەفریناوییەکان
لە نیٚوقەدی دەقە هیٚشوییەکان دەئالیٚنیٚ
منیش شەکەت... ماندووتر لە وجودی ساتی
حەسانەوەی
میتا... تۆقەی سەرم پەژموردەتر... دانتیٚلای بەرم
خەفەتبار... پلم نوقمی شیلەی بەهیٚ و
زووکە وەرە ئەی ئاگرینترین خەفەت
لە زەریاچە عیشقاوییە نەستاوییەکەدا

دوور لە ژاوەژاوی ژەهراوی
شاتە شاتی شەکەتاوی
مەڵەی نائەبەدیانە بکەین
ئێمە بێ جاویدانی جەانترین
بەبێ بیرکردنەوە جوانترین و
بەبێ لێخوردبوونەوە جوانترینیش
ئاخر پلم نوقمی شیلەی بەهێ و
غوباری قەدیفەی قەنەفە رەساسییەکە بۆژۆم دەکا
بە سەرکاسییەوە شمەکە سەرکاسەکان دەجولێنەوە
بەمجۆرە هێند لە سۆز دواین سۆز، سۆز، سۆز
عیشق گڕی تێبەرنەداین
بۆکرووزی سەمای دڵە ئاڵەکانە ئەم هەبوونە
چرکە ئاگر تێبەربووەکامی عیشق عیشق
ئەمێستاکەیش
زگار زگار
تابووتە قەڵەندەرەکانی بوونمان
لە ئامێز دەگرین
سوراحی سوراحی
جواناومان لێدەتکێ
سبەیش کراسێکی زرنیخیەو
"بوونەرەوەرە سامساوییەکان" دەپۆشن و
سەچڵییەکانی هەرقەل و سێوە ئاڵتووناوییەکان
لە خورجێنی گەمژەییدا دەشێرنەوە
تازە پاپی شەرابیشمان نۆشیوە

**شۆخان تروسکە ئاگرێکی ئەزەلییەو بەس**
**چی نەماوە**
**تفتیلکی گیان بەرهەڵا بیێ و**
**گەر ئەو یەشمە مۆنادییانە دانەبارێن**
**فەنەر خامۆش**
**هاوکێشە دۆزەخییەکانی چۆمسکی خامۆش**
**سەبەتەو گەلەری**
**باووو جووو دە دە دە**
**جوانەکان توورِ هەڵدەدرێن**
**ئێمەش حیت حیت**
**بە باڵای زراڤی زەمەن پیێدەکەنین.**

**مایسی** 1996

شیعر حاڵەتێکی ئیبداعی تایبەتە، ئەگەرچی دەشێ شیعرییەت لە هەموو شتێکدا ببینرێت، بەڵام بەو مانایەی کە دەربڕی جۆرێك لەپێشبینیکردنی ماناو خەیاڵ و جوانییە، کەواتە مەرج نییە شیعرییەت لەرێگەی جوانی ئاسایی وەسفئامێز، یان دەرەکییەوە بتوانێت بەشێوەیەکی قووڵ و چێژئامێز خۆی بنوێنێ، چونکە شیعری نوێ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرەو قوڵایی ماناو خەیاڵ هەنگاو بنێت و لەرێگەی باگکراوەندی رۆشنبیریی و مەعریفییەوە دەستەواژەو فەزای شیعریی جیاواز بخاتەوە. بەمجۆرە شیعر ئەو یارییە ئێستێتیکی و چێژئامێزەیە کە بە هۆی میکانیزمی (ئەزموون) و (دەروون) لە ئاستە بەرزەکانی زماندا سەردەکات. دەمەوێت بڵێم لە کۆی ئەو یارییە ئێستێتیکی و چێژئامێزەشدا دەشێ خوێنەر حاڵەتی شیعری یان فەزای شیعری بە هەڵنانی بینین و دیدی جیاوازەوە هەڵبگرێتەوە جا چ ئەو هەڵنان و تەماشاکردنە پەیوەندی بە گۆشە نیگاوە هەبێت، یان لەکارلێکردن و بینین و بیستن و راڤەکردن و بەدواداچوونەوە هەڵبقولێت.

لێرەدا هەوڵدەدەم قسە لە (قۆناغی دەرکەوتن) لە شیعری (هاشم سەڕاج) بکەم، وەك **لە بەندی یەکەم- باسی دووەم-** ئاماژەم بۆکرد: (قۆناغی دەرکەوتن)ی شیعری (هاشم سەڕاج) لە قەسیدەی (ورچ/1995)وەوە دەست پێدەکات و تاکو کۆمەڵە شیعری (لالە بەدەستان/2001) درێژدەبێتەوە. ئەو قۆناغە لە دوو تەوەرەی سەرەکی خۆی دەدۆزێتەوە، تەوەرەی یەکەم: تەوزیفکردنی ئاگایی رۆشنبیریی لەبری ئەوەی بە رەمزو ئاماژەوە بلکێنێت بە (خەیاڵ و پێشبینکردن) پەیوەستی دەکات. تەوەرەی دووەم هەنگاونانە لە زمانی تەمومژئامێز بۆ (گەمەی زمانەوانی و مەستکردنی وشە). ئەو دوو تەوەرەیەش بەهۆی میکانیزمی "ئەزموون و دەروون"[1] کار دەکات.

ئەگەر بۆ بەدواداچوونی تەوەرەی یەکەم و پراکتیزەکردنی لەسەر قەسیدەی (یەشمەکانی چۆمسکی) قسە لە هەر سێ چەمکی (من/خود) و (خەیاڵ) و

---

[1]– بڕوانە: بەندی یەکەم، باسی دووەم، قۆناغی دەرکەوتن لەو لێکۆڵینەوەیەدا.

(پێشبینیکردن) بکەین، ئەوە دەشێ بەشێوەیەکی گشتی بڵێین (من/خود، سەرەڕای ئیشکالیەتی ناونان) ریشەگەلێکە لەسەرنجی ئاساییەوە وەبەر دێت کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی درێژ دەبێتەوە. لای فرۆید من بە کۆی فیکرە باوەکانەوە بەندە، وەك ئامرازێکی جیبەجێکردن پێناسە دەکرێت.

کەواتە لەکۆی ئەو وتارەوە دەمەوێت بڵێم باکگراوەندی (من/خود=الانا) ئەو فەزایەیە کە بە رەهەندی ماناو دەلالەت و رەمز و جوانگووتن و چیگووتنەوە بارگاوییە، لەرێگەی ئەو فەزایە ئەویدیکە سەرمەستی خۆی دەکات، هەر لەوێشەوە (من/خود)ی شیعری و (من/خود)ی شاعیر (هاشم سەڕاج) جێگیربوونی خۆی لەنێوان خەیاڵ و پێشبینیکردن دادەمەزرێنێت.

بەڵام خەیاڵ بریتییە لە هەڵوێست نواندن بەرامبەر بە یاساکانی بیرکردنەوە، یان رزگاربوون لە سنوورە دیاریکراوەکانی لۆژیکی بیرکردنەوەو تێپەڕاندنی مەرجەکانی بیرکردنەوە، هەر لەوێشەوە خزینی ماناو دەلالەت و هێنانەناوەوەی رێکەوتنێکی دیکە لەدووتوێی فەزای ئاوێتەکراودا بەرهەم دێنێت. کەواتە خەیاڵ هێزێکی دیکەیە و توانای بڕینی لۆژیکی هەیە و کردەیەکە بەردەوام دەکەوێتە سەرەتاوە.

خەیاڵ لە دنیای (کانت)دا وەسیلەی لێوردبوونەوەی نێوان ئازادی و سرووشتە دەتوانێت لە جیاوازی رەگەزەکانەوە تەنیایی درووست بکات، تەنیاییەك کە (کانت) لە (رەخنەی سێیەم)دا بە حوکمی تەئەموولی ناوی دەبات. تیۆری خەیاڵی (کانت)ی کار لەسەر دوو خاڵ دەکات، لە خاڵی یەکەمدا کانت دەڵێت: خەیاڵ لێپرسراوە لە چەمکەکان و پێشینە ناوەندیارەکان، ئەوەش بە بەردی بناغەی مەعریفەی (کانت)ی دێتە ژماردن. خاڵی دووەم لای (کانت) خەیاڵ وەسیلەیەکی ناوەندیارە لەنێوان دنیای ئازادی و سرووشتدا، ئەو دوو دنیایەی کە بەرابەر یەکتر وەستاون.[1]

---

[1]– عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، بوون/کات/گێڕانەوە، فەلسەفەی تەئویل لای پۆل ریکۆر، بڕوانە گۆڤاری "مێرگ" ژمارە(37) ساڵی 2008، ل 56 .

بەڵام پێشبینیکردن ئەو سۆزدارە عەقڵیەیە کە بەرەو ناوەوەمان دەبات، لە دنیامان دەکاتەوە، بەو مانایە پێشبینیکردنی شیعری هونەرێکە گوزارشت لەو سەرنجە کتووپڕو تێپەڕە دەکات کە لە ساتەوەختی فیلێهاتنی شیعری یان هەڵچوونی شیعرییدا دەدرەوشێتەوە، ئەو سەرنجە کتووپڕەش درێژکراوەی کۆی شارەزایی و بایەخ و هاوژیانییە لەگەڵ شیعردا.

کەواتە لەو بەشە پراکتیکیەدا هەوڵدەدەم لەرێگەی من وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردن و خەیاڵ وەك کردەیەك کە هەمیشە لەسەرەتادایە و پێشبینیکردن وەك سەرنجێك کە لە ناخەوە بلاچە دەدات بەدوای قەسیدەی (یەشمەکانی چۆمسکی/مایسی 1996) [1] دا بچم.

---

[1] هاشم سەراج، گۆڕستانی ئەپیکۆرس، شیعر، وەزارەتی رۆشنبیریی-بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە(21) چ 1، 2000، ل 161، تەواوی ئەو قەسیدەی (یەشمەکانی چۆمسکی) هەر لەو سەرچاوەیەوەرگیراوە.

# باسی یەکەم: شیعرییەتی دەستپێك

رستەی دەستپێك ئەو هونەرەیە کە ناوەڕۆکی جەستەی دەقی لەخۆدا هەڵگرتووە، بە مانایەکی دیکە دەشێ دەلالەتەکانی جەستە لەرێگەی درێژبوونەوەی ماناو دیدو پڕشنگەکانی دەستپێکەوە، یان هاوگونجانی نێوان وشەو دەستەواژەو ئاکامەکانی کار و چنینی جەستەی دەق خۆی بنوێنێت.

دەستپێك وەك (یاسین النصیر)[1] دەڵێت: دوو وەزیفەی هەیە، یەکەم کێشکردنی خوێنەرە لەرێگەی دەربڕینی سەرسوڕهێنەرەوە. دووەم دەشێ ئەو پڕشنگە بێت کە جەستەی دەق رووناك دەکاتەوە، بە مانایەکی دیکە لەرێگەی ماناو دەلالەتەکانییەوە خۆی بەکۆی رەگەزەکانی دیکەی دەقەوە پەیوەست بکات. کەواتە دەستپێك ئەو هونەرە تایبەتەیە کە لە رێگەیەوە دەست بۆ نووسین دەبردرێت، وەك چۆن هەر لەو دەرگایەشەوە خوێنەر دەچێتە نێو دەقەوە، بڕوانە دەستپێکی یەشمەکانی چۆمسکی:

**فەنەرێك لە بەفر**

**گەلەرییەك لە سێو**

**سەبەتە نەردێك**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

لە خوێندنەوەی یەشمەکانی چۆمسکی (هاشم سەڕاج)دا دەتوانین بڵێین ئەو دەستپێکە تیشکۆیەکە راستەوخۆ خەسڵەتەکانی تەواوی ئەو قەسیدە ئاوێتەیەی لەخۆگرتووە، وەك: فرەدەنگی و بونیادە جیاوازەکانی ماناو دەلالەت و بەدوایەکداهاتنی کردەو بونیادی جوانگووتن و جوانگووتنی وێنەی تاوگێریی و خێرایی ئیقاع و خزینی

---

1– یاسین النصیر، الاستهلال فن البدایات في النص الادبي، بغداد، ط 1 1993، ل 22 .

خەیاڵی مانای وشەو دەستەواژە... کەواتە دابەشبوونی چیگووتن و جوانگووتنی دەستپێك لە (یەشمەکانی چۆمسکی/مایسی 1996) دەکەوێتە دووتوێی ئەو جیاوازی و هەڵکەوتنە نالۆژیکیەی نێوان هەر یەك لە (**فەنەر/بەفر**) و (**گەلەری/ سێو**) و (**سەبەتە/نەرد**) .

لێرەدا ئەگەر لە دەرەوەی ئەو دەستپێکەوە تەماشای وشەکان بکەین دەبینین هەر یەکە ماناو دەلالەت و جوانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەو هاوگونجانە شیعرییەی لە دەستپێکدا هاتووە کۆی ئەو ماناو دەلالەتانەی پێشوو بەتاڵ بوونەتەوە، کەواتە گۆڕینی وەزیفەی ئەو وشانە لە دەستلێدانی (من/خود)ی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام نەك بە مانا لۆژیکیەکەی وشە، بەڵکو بە مانا شیعرییەکەیەوە. دەمەوێت بڵێم لەلایەك (من/خود)ی شاعیر لەرێگەی چوونە نێو شیعرییەتەوە تەماهی (من/خود)ی شیعری دەبێت، هەر لەو تەماهیبوونەش هەڵگەڕانەوەی ماناو دەلالەتەکان مەیسەر دەبێت و جوانگووتن فەزا ئازادەکانی چێژ دەکاتەوە، لەلایەکی دیکە لەرێگەی ئامادەیی هوشیارانەی (من/خود)ی شاعیرەوە چیگووتن رابەرایەتی دەلالەتەکان دەکات و هەر لەوێشەوە فەزا ئازادو جیاوازەکان دادەخات. وەك چۆن دەشێ کۆی ئەو خرۆشان و تێکشکانەی جوانگووتن و چیگووتن بە چرکە تاوگیرییەکانی ساتەوەختی نووسینەوە پەیوەست بکەین.

بەمجۆرە (من/خود)ی شاعیر ئەو ساتە بە وەزیفەی جێبەجێکردن هەڵدەسێت کە شیعرییەت پڕشنگەکانی وندەکات، ئەو کاتەش تەماهی منی شیعری دەبێت کە شیعرییەت ئامادەگی خۆی دەنەخشێنێت. کەواتە بەشێك لە ئامادەگی شیعرییانەی دەستپێك لە قەسیدەی (یەشمەکانی چۆمسکی) لە گەشەکردنی هەستە (دیار/جێگیر)ەکانی شاعیرەوەیە، بەشێکی دیکەی بە دڵەڕاوکێ (ناجێگیر/نادیار)ی شیعرییەتەوە دەلکێت هەر لەوێشەوە خوێندنەوەی دەستپێك شێوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

دەمەوێت بڵێم ئەگەرچی هاوگونجانی شیعرییانەی (فەنەرو بەفر) (گەلەری و سێو) (سەبەتەو نەرد) کۆمەڵێك نێودژی جۆراوجۆر دەنوێنن، بەڵام درێژکردنەوەی تەماشاکردنیان لە گۆشەنیگای هەمەرەنگەوە کۆمەڵێك ماناو دەلالەت و جوانی جیاواز بەرجەستە دەکەن، کۆی ئەو ماناو دەلالەت و جوانییەش لەلایەك بە چرکە تاوگێرەکانی حاڵەتی جوانگوتن و نووسینەوە بەندە، لەلایەکی دیکە لە دەستلێدانی چێگوتنی (من/خود)ی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە. ئەگەر یەکەمیان پەیوەندی بە فەراهەمکردنی چێژەوە بکات، ئەوە دووەمیان دەلالەتەکانی مانا بۆ جەستەی دەق درێژ دەکاتەوە. واتە ئەگەر (فەنەرو بەفر) (گەلەری و سێو) (سەبەتەو نەرد) وەك دەستەواژە (دیار/جێگیر) لەرێگەی (من/خود)ی شاعیرەوە بیری لێکرابێتەوە، ئەوە شیعرییەت (ناجێگیر/نادیار) هاوگونجانە نالۆژیکییەکە نەخشی دەکات و لەرێگەی نێودژییەوە بەڕێوە دەچێت، هەر لەوێشەوە وشەو دەستەواژەکان لە ماناو وەزیفە مێژووییەکانی پێشووی خۆیان بەتاڵدەبنەوەو بە ماناو دەلالەت و وەزیفەی دیکە بارگاوی دەبن، لە رەنگەکانی پێشوویان کاڵدەبنەوەو بە رەنگی دیکەی جیاواز ئامادەگی خۆیان دەنوێنن، ماناو سیحری پێشوو جێدەهێڵن و بە ماناو سیحری نوێ دێنە ناوەوە...

لە کۆی ئەو گۆڕانکاریانەشدا ماوەیەك دەکەوێتە نێوان واقیع و شیعرەوە، چێگوتن و جوانگوتن، بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم لای (هاشم سەڕاج) ماوەیەکی بەرفرەوان لەنێوان چێگوتن و جوانگوتن، واقیع و شیعردا دەبینرێت، ئەو ماوەیە هەندێجار تەگەرە بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوە درووست دەکات، وەك چۆن هەندێجار فەزای چێژ دەکاتەوە. ئەگەر تەگەرەی بەدواداچوونی خوێنەر پەیوەندی بە ئیشکالیەتی مانای واقیع و دەلالەتی شیعرییەوە هەبێت، یان لە دوورکەوتنەوەی مانای واقیع و دەلالەتی شیعرییەوە خۆی بدۆزێتەوە، ئەوە چێژی خوێندنەوە راستەوخۆ لە هەڵگەڕانەوەو مەستکردنی وشەکانەوە بە ئەنجام دەگات، بۆ نموونە بڕوانە:

**لەبەردەم رووناکیە بریندارەکەدا سوراحییەك**
**وشەمان بە کەفە پرتەقاڵییەکانی لەش داکرد**
**ئیستەبریقەکانی رۆحمان لە ئاتوون نا**
**لە خۆشیانا پەڕەی لووتمان دەلەرزا**
**دەدرەخشا گەلەرییە سەرخۆشە بەدمەستەکە**
**دەبۆڕژا فەنەرە سەهۆڵییە چیلچیلیەکە**
**نەردە مێرووولەش رەنگ رەنگ**
**ئاوێنەی دڵیان دەشکان**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

کەواتە ئەوەی لە شیعرەکانی (هاشم سەڕاج) بەرجەستەیە گواستنەوەی واقیع و شتەکانی نێو واقیع نییە، بەڵکو لەلایەك بارگاویکردنی وێنەو شتەکانە بە چرکە تاوگیرییەکانی ناوەوەی خۆی و لەلایەکی دیکە بەرجەستەکردنی گومانی ئەنتۆلۆژییە. ئەوەی گومانی ئەنتۆلۆژی و چرکەتاوگیرییەکان لەیەکتر نزیکدەکاتەوە ئەو دڵەڕاوکێیەیە کە لەپشت میکانیزمی پرۆسەی کارکردنەوە وەستاوە. دواجار هەر ئەو دڵەڕاوکێیەشە ئێستێتیکای نێودژییەکانی (فەنەرو بەفر) (گەلەری و سێو) (سەبەتەو نەرد) گەشە پێدەدات و فەنەری سەهۆڵی بەرەو رووناکییەکی بریندار درێژ دەکاتەوە.. لەبەرامبەر (گەلەری و سێو) بەهێی مەرگ قووتدەکاتەوە.. بە مانایەکی دیکە ئەگەر چێژی (فەنەرو بەفر) لە کوژانەوەو توانەوەو جێگیرنەبوونەوە بێت. ئێستێتیکای (گەلەری و سێو) لە ژیاندۆستی و درەخشانی گەردوون هەڵدەقولێت، درەخشان و سەرخۆشی غەریزە مەست و بەدمەستەکانی گەردوونیش لەبەرامبەر بەهێی مەرگ خامۆش دەبێت. وەك چۆن (سەبەتەو نەرد) لە رەنگامەو جیاوازییەکانەوە نەخشی خۆی بەرجەستە دەکات لە دەرئەنجامدا رەنگ رەنگ، خاڵ خاڵ ئاوێنەی دڵی ژیان بە کۆی جیاوازییەکانەوە لە گۆڕستاندا دەشکێنێت...

بە مانایەکی دیکە ئەگەر نێودژی (فەنەرو بەفر)لە ماناوە خۆی بنوێنێ، ئەوە شیعرییەت وەك خەیاڵ بە جێگیرنەبوون و وەك زەمەن پەیوەندی بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە هەیە. فەنەر بەرە بەرە دەبۆڕژێ و کز دەبێت و گڕی داگیرساو بە چێژەوە سەر دەنێتەوە، یان لە پڕێکەوە کوژانەوەی سەرسامان دەکات، ئیتر تاریکی هێرشی خۆی دەستپێدەکات. بە دیوەکەی دیکە بەفر لەسەر هەمان ریتمی فەنەر بە ژیاندا دەڕواو وەك ساردابییەکی کاتی بەسەر دەچێت... بەمجۆرە جوانی فەنەرو بەفر لە جێگیرنەبوونەوە بە بیرکردنەوەماندا دەبات بەرەو دوورترین یەکەی یادەوەری دووتر لە هەموو ئەو شتانەی یادەوەرییە جێگیرەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەرەو نادیار بەرەو مەرگ... لێرەدا دواجار ئەوەی جوانی و غەریزە سەرخۆش و بەدمەستەکەی گەردوون ئاڵوواڵا دەکات، ئەوەی گەردوون وەك کەشتییە سەرخۆشە بەدمەستەکەی هەبوون رادەتەکێنێ... ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت: **دەڕۆین بەرەو کوێ؟!** بەڵام نەردە مێروولە رەنگ رەنگ جوانییەکانی خۆی لە کردەی شکان و شەقکردنی سێوی ژیاندا دەبینێتەوە، شکان و شەقکردنی دڵیش بە رۆحەوە پەیوەستمان دەکاتەوە.

کەواتە (هاشم سەڕاج) لە یەکەم دێری دەستپێکەوە چێژی بوون لە نەبوون و چێژی نەبوون دووبارە لە بووندا دەدۆزێتەوە، چێژی جێگیربوون لە جێگیرنەبوون و چێژی جێگیرنەبوون دووبارە لە جێگیربووندا هەڵدەگرێتەوە، هەر لەوێشەوە ژیاندۆستی پەیوەندی بە شوێن و نواندنی وزەی ژیان و غەریزەی ژیانەوە هەیە، بەو مانایە جوانی (گەلەری و سێو) لەوەدایە کە پێشبینیکردنی دنیایەکمان بۆ دەکات کە بەبیرهێنانەوەی سێودا دەڕوات. سێو ئەو دڵە پڕ لە جوڵەو وزە لەبننەهاتووەی کە رێگەی دنیامان بۆ رووناك دەکاتەوە... بەڵام جوانی (سەبەتە نەرد) لە فرە رەنگی جەستەو فرە دەنگییەوە بەرەو جۆرێکی دیکە لە پێشبینیکردنی گووتن هاوژیانیمان دەکات...

لەکۆی ئەو قەسیدەیەدا دەتوانین بڵێین شاعیر لەنێوان بوون و نەبوون نەردەکانی دەستپێك بە نیگەرانی و گومانەوە هەڵدەدات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئەو کەشتییە

سەرخۆشە رۆحی شەکەتمان بەرەو کوێ دەبات؟ بەمجۆرە جوانی دەستپێك لە پرس و دڵەڕاوکێدا خۆی دەنوێنێ و دەکەوێتە میانی (بەفرو چرا)، (مەرگ و ژیان)، (جەستەو برین) کۆی ئەو پرسەش پڕشنگەکانی بە دەقدا شۆڕ دەبێتەوە:

**ئاو فەزای لەشمان دەشێوێنێ**
**ئاگر فەزای لەشمان دەشێوێنێ**
**ئایندەترین ئایندەمان لەکیس دەداو**
**بە سەرگەردانییەوە دەخولێینەوە**
**چ ئاگرێکە؟**
**ئەو گەرماییە کحولییە دۆزەخییە یاقوتییە غوربەتییە**
**بەردە سپاتەکانی ئۆرفیوس دەرەقسێنێ و**
**مەزە هەندەسییە سینەماییەکان**
**مشتومڕە سەفسەتاوییەکان**
**پێخەنینە سیامەستاوییەکان جلیوەدار دەکات.**

# باسی دووەم: درەوشانەوەی دەستپێك لە جەستەی دەقدا

**(نووسین وەك جلوبەرگ وایە، ماناكان دادەپۆشێت)**

**"كاروان كاكەسوور-رۆمانی مامزێر"**

وەك گوتمان كۆ خەسڵەتی بنەڕەتی شیعری (هاشم سەڕاج) لە ناهاوسەنگی و ململانێی دەرەوەو ناوەوە، ناوەوەو دەرەوە درێژ دەبێتەوە لەوێشەوە سرووشتێكی تاوگیرو نامۆ، یان نەشیاو لەگەڵ نۆرم و واقیعی باو دروستدەكات، دواتر ئەو سرووشت و خەسڵەتە بە ئاستی جیاوازو شێوەی جیاواز دەكەوێتە دەرەوەی ویستی نووسەر و بەشێوەی خەیاڵ و وڕێنە لە جەستەی قەسیدەدا دەردەكەوێت. بەڵام لێرە لەو قەسیدەیەدا ئەوەی زێتر دەبێتە جێگەی قسەلێكردن و تێڕامان ئەوەیە كە شتێك دێت شتێكی دیكە تەواو دەكات، هەر ئەوەشە بەو ریتمە خێراو تاوگیرە پەیوەستمان دەكات كە لە پرۆسەی مەستكردنی وشەدا دەبینرێت.[1]

كەواتە بۆ رەنگدانەوەو درەوشانەوەی دەستپێك لە جەستەی ئەو قەسیدەیەدا دەبێ قسە لە بەدوایەكداهاتنی دەلالەت و خێرایی ئیقاع بكەین. بە مانایەكی دیكە دەبێ پەیوەندی نێوان دەستەواژەو دەلالەت و ریتمی هەڵچووی جەستەی دەق بدۆزینەوە. بەكورتی دەمەوێت بڵێم یەكەم: بۆ بەدواداچوونی دەستەواژەی دەستپێك لە جەستەی دەقدا پێویستە لەو فەزایە بكۆڵینەوە كە بە دەستپێك بارگاوی بووە، وەك چۆن بۆ تێڕامانی دەلالەتەكان دەبێ ئاماژە بە بەهای رەوانبێژی بدەین.

---

[1]– بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: بەندی یەكەم، باسی دووەم، قۆناغی دەركەوتن لەو لێكۆڵینەوەیەدا.

دووەم: قسەکردن لە خێرایی ئیقاع و تاوگیری ئیقاعەوە بەو پەیوەندییە جۆراوجۆرە پابەندمان دەکات کە خەیاڵ و پێشبینیکردن و دڵەڕاوکێی (من/خود)ی شاعیری لەسەر بونیاد نراوە.

دواجار بۆ ئەوەی جوانتر لە درێژبوونەوەی دەلالەتەکانی دەستەواژەو تاوگیری ئیقاع بدوێین ئەو باسە دەکەینە دوو تەوەرە:

## تەوەرەی یەکەم: رەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر ئاستی دەلالەت

لە شیعری (هاشم سەڕاج)دا وشەو دەستەواژە هەڵگری دەلالەت و مانای جیاواز و درەوشانەوەی جیاوازن، دەمەوێت بڵێم دەستەواژەو وشەکان هێزو تێڕامان و درەوشانەوەی تایبەت بەخۆیان درووست دەکەن، ئەو هێزو تێڕامان و درەوشانەوەیەش لەلایەك پەیوەندی بە گواستنەوەی وەسفکراو بۆ فەزای نەشوە هەیە، لە لایەکی دیکە بە ریتمە خێراو تاوگیرییەکانەوە بەندە.

لەو تەوەرەیەدا بۆ قسەکردن لە گواستنەوەی وەسفکراو بۆ فەزای نەشوە دەبێ قسە لە (من/خود)ی شاعیر و ئەزموونی شیعری بکەین، بەو مانایەش لەبەر ئەوەی (من/خود)ی شاعیر منێکی نیگەران و ڕاڕایە، منێکە لەنێوان جێگیربوون و جێگیرنەبوون وەستاوە، بۆیە بەدواداچوونی ئەو (من/خود)ە بە دڵەڕاوکێوەو لەوێشەوە هەندێجار بە وڕێنەوە پەیوەستمان دەکات، هەر لەرێگەی وڕێنەشەوە وەسفکراو بەرەو ئەوپەڕی مەستکردن و دواجار فەزای شیعرییەت و نەشوەمان دەکاتەوە.

بەڵام ئەزموونی شیعری تەعبیر لە کۆی ئەو دنیابینی و رۆشنبیریی و ئاستە مەعریفییە جیاوازانە دەکات کە لە هەڵنانی زماندا دێتە ناوەوە، هەڵبەتە نەك لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە دواجار مانا سەرچاوەی زمان بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای تەئجیلکردنی بەردەوامی مانا و زمان وەك گەمەی جیاوازی وچێژ وەستاوە.[1]

[1]– بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: : بەندی یەکەم، باسی دووەم، قۆناغی دەرکەوتن لەو لێکۆڵینەوەیەدا.

کەواتە ئەزموونی زمان وەك لە وتاری (**زمان/بوون/شیعر**) هاتووە دروستکردنی پەیوەندی نوێیە لەنێوان وشەو وشە، وشەو بۆزیادکراوو لادانەکان لەو پنتەوە گفتوگۆی زمان و نووسەر کۆی ئەو گەمەکردنە لەخۆ دەگرێت کە دواجار دەق بە هەموو رەهەندەکانی دەهێنێتە بەرهەم.

لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر ئاستی دەلالەت و دەنگدانەوەی دەستپێك قسە لەهەر یەك لە دەستەواژەی (رووناکییە بریندارەکە) و (پلم نوقمی شیلەی بەهیّ) بکەین، کە هەر یەکەیان لە دەقی (یەشمەکانی چۆمسکی) سێ جار بەشێوەو گووتنی جیاواز دووبارە کراونەتەوە. ئەگەر نالۆژیکیەتی رووناکی و بریندابوونی رووناکی لەرووی ماناو ئیشکالییەتی جێگیربوون و جێگیرنەبوون، جۆرێك لە رەوانبێژی و جوانگووتنی لەخۆ گرتبێت، ئەوە لەرووی دەلالەتەوە فەزای چیگووتن (نەك مانا) بە دڵەڕاوکێ و وڕێنە بارگاوی دەکات. هەر لەوێشەوە نالۆژیکیەتی رستەی (فەنەرو بەفر)ی دەستپێك جێکەوتەی خۆی و رەنگدانەوەی لە درێژکردنەوە جیاوازەکانی چیگووتن و جوانگووتنی (رووناکییە بریندارەکە) دەردەکەوێت.

بەڵام رستەی (پلم نوقمی شیلەی بەهیّ) لەلایەك لەرێگەی رستەی (گەلەری و سێو) بە مانای سێکسی و لەلایەکی دیکە لەرێگەی (سەبەتەو نەرد) ماناکانی عەدەم لە جەستە جیاوازەکانی نێو گۆڕستان هەڵدەگرێتەوە. لێرەدا کۆی دەلالەتە سێکسی و عەدەمییەکانی رستەی (پلم نوقمی شیلەی بەهیّ) بە هەڵدانی نەردە رەنگاو رەنگەکان و ئاکامە جیاوازەکانییەوە بەندە، هەر لەوێشەوە ماناو چێژی چیگووتن و جوانگووتن ئاراستەکانیان بەپێی دەرئەنجامەکانی ناوکۆیی دەگۆڕێت.

کەواتە هەر یەك لە دەستەواژەکانی (فەنەرو بەفر) و (گەلەری و سێو) و (سەبەتەو نەرد) لە جەستەی قەسیدەدا وازی دەکەن، لەسەر بنەمای ئەو شیمانەیە فەزای جەستە بە شیعرییەتی دەستپێکەوە دەلکێنن، بڕوانە:

**نەرد گەمان بە پەنجەمان دەكا**
**پەنجەمان گەمان بە نەرد**
**گەمانی عیشق لە پەرەمووچ سووكترە**
**لە پەرەمووچ سووكترە گەمانی عیشق**
**نە زەمەن گەمەكان دەستەمۆ دەكا**
**نە گەمانیش زەمەن**

**"یەشمەكانی چۆمسكی"**

لە جەستەی دەقدا سەبەتە نەردەكەی دەستپێك لەرێگەی دەستلێدانی (من/خود)ی شاعیرەوە دەكەوێتە نێو جەدەلییەتی گەمەی سێكس/زەمەن، گەمەیەك كە هەبوون و ژیانی لەسەر وەستاوە، بەڵام بەرە بەرە (من/خود)ی شاعیر لەو گەمە وندەبێت، ئەو ونبوونە راستەوخۆ لەسەر ئاستی جوانگووتن بە فێڵێهاتنی شیعرییەوە بەندە. لێرەدا ئەو گەمەیەی سێكس/زەمەن بە دیوێك لە دیوەكان نێگەرانی و دڵەڕاوكێ دەنوێنێ، بە دیوەكەی دیكە كۆی ئەو گومانەی لەخۆ گرتووە كە (جێگیرنەبوون) نەخشی دەكات. بەمانایەكی دیكە گەمەی ناوبراو گەمەیەكە دەكەوێتە نێوان دەلالەتی جوانگووتن و چیگووتنی (رووناكییە بریندارەكە) و (پلم نوقمی شیلەی بەهێ).

ئەگەر نیگەرانی و دڵەڕاوكێ لەرێگەی دەلالەتی چیگووتنی (پلم نوقمی شیلەی بەهێ) بەرەو ترسی گوناهمان بكاتەوە، ئەوە گومان ئەو مەستبوونەیە كە لەرێگەی دەلالەتی جوانگووتنی (رووناكییە بریندارەكە) لە فەزای وەسفكراو بەرەو ئەوپەڕی مەستكردن و دواجار فەزای شیعرییەت و نەشوەمان دەبات، هەر لەوێشەوە (من/خود)ی شاعیر نائامادەیی خۆی لە ساتەوەختی چێژی مەستبوون رادەگەیەنێت و ئامادەیی خوێنەر دەردەكەوێت.

**ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی**
**ئەی کێ بەرپرسی نەبوون و بوونە گوناهبارەکانە؟**
**تازە چ بکەین؟**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

ئەگەر وەك گوتمان بتوانین کۆی گەمەکانی نەرد لەو دابەشکردنەدا بە گومان و دڵەڕاوکێوە پەیوەست بکەین و خێرایی ریتمیش بکەوێتە نێوان نەرد و زەمەن و عیشق، ئەوە چیگووتن و جوانگووتنە جیاوازەکان بە هۆی دەرکەوتنی رستەی (ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی) نە عیشق بە فریای دەکەوێت، نە زەمەنیش لە بەرژەوەندی درێژ دەبێتەوە!! دەمەوێت بڵێم کۆی ئەو خەیاڵ و پێشبینییە شیعرییەی ئەو پارچەیە لە غیابی (من/خود)ی شاعیرەوە هاتووەو دڵەڕاوکێ و گومانیش ئەو جێگیرنەبوونە بە شیعرییەتەوە پەیوەست دەکات، بەڵام (ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی) ئەو رستە سەرەتانیە ئەگەرچی لەرووی راچەنینی ئیقاع و پرسی وجودییەوە جۆرێك لە ئاوڕدانەوەو وەستانی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەڵام لەرووی تۆتۆلۆژییەتەوە رەنگی سپی جۆرێك لە خۆ سەپاندن و جێگیربوون و پەڕگیری دەنوێنێ، بە مانایەکی دیکە ئەو رستەیە تەواوی جیاوازییەکان و تەواوی شیعرییەتی ئەو پەرەگرافە دەخاتە بەر حوکمی خۆ فەرزکردن و دەسەڵاتی کفنەوە، نەك هەر بەو مانایەی کە دەلالەتی وشەی (سپی) کۆی دەلالەت و رەنگەکانی دیکە داگیر دەکات، بەڵکو بەو مانایەی کە لێرەدا تەعبیری دووبارەکردنەوە دەلالەت لە سەپاندن و جێگیربوون دەکات، هەر لەرێگەی درووستکردنی ئەو دەرفەتەشەوە (من/خود)ی شاعیر ئاماژەکان بەرەو خۆی دەکاتەوەو لەوێشەوە حاڵەتی خەیاڵ و مەستی جێدەهێڵێ و ئامادەیی جەستەیی و ئاگایی بەرجەستە دەکاتەوە، وەك چۆن دواجار هەر لەو رستەیەوە پرسیاری رستەی (تازە چ دەکەین) بەرەو تاك رەنگی و تاك وەڵامی و هەمیشەیی بەرائەتی دڵ و ئاگایی عەقڵمان دەبات، ئاگاییەك کە دەکەوێتە ژێر

کاریگەری دەسەڵاتی کفنەوە. بەمجۆرە پرسی جیاوازی دەلالەتی جوانگووتنی (ئاوێنە/رۆح) و ئەنتۆلۆژی (جەستە/برین) لەو پارچەیەدا دووچاری بنبەستبوون دەبێت.

لێرەوە ئەو پێشبینکردنەی کە لەرێگەی گەمەی نەردەکانەوە پڕشنگ دەداتەوە، ئەو خەیاڵەی لەنێوان دەستەمۆبوون و نەبوونی گەمەکان و (زەمەن/سێکس)ەوە سەرەتاکان دەنەخشێنێت دەکەوێتە ژێر حوکمی ئاراستەکانی (من/خود)ی شاعیرەوەو لەرێگەی خۆسەپاندن و سەپاندنی رەنگێک بەسەر تەواوی رەنگەکان... (فەنەر) بەرەو کوژانەوە دەبات و ئیتر دەلالەتی سەپێنەرانەی (بەفر) بەسەر پڕشنگە شیعرییەکانی (فەنەر) زاڵدەکات، هەروەك چۆن (سێو) وەك رەمزی ژیان لەنێو دەبات و گەلەری وەك رەمزی شوێن بۆ درێژبوونەوە هەمیشەییەکەی بەفر دەهێڵێتەوە... نەرد وەك تەعبیرکردن لە جیاوازی دەستەمۆی سپی دەبێت و سەبەتە وەك شوێنی نەردە جیاوازەکان وندەبێت. بەمانایەکی دیکە (من/خود)ی شاعیر دەیەوێت بڵێت دواجار زەمەن لەو گەردوونە کۆتایئامێزەدا کۆی گەمەکانی سێکس/زەمەن لە تاکە گەمەیەك و کۆی رەنگەکان لە تاکە رەنگێکدا دەستەمۆ دەکات و کۆی دەرئەنجامە جیاواز و رەنگامەییەکانی نەردە پێشبینیکراوەکانی نێو سەبەتەی خەیاڵ بەتاڵدەکاتەوە.

**دەبا بباریٚ یەشمی ئەفسووناوی**
**لەویٚ لە مویەقە پەرداخەکەدا**
**ئامانە بریق و باقدارەکان کۆڕسییەتی**
**شۆخان تۆقە رەنگاڵەییە خوداوەنداوییەکە لەقژی**
**دەداو**
**گەر دانەباریٚ چ دەکەین؟**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

دووباره جۆرێك له جێگیرنەبوون لەرێگەی بارینی یەشمی ئەفسووناوی و موبەقی پەرداخی و به کۆڕسبوونی ئامانه بریقەدارەکان به (ئاوێنه/رۆح) پەیوەستمان دەکاتەوە، دەشێ ئەو درەوشانەوەیه لەبەرامبەر (ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی) جۆرێك له قبولنەکردن و جیاوازی لەخۆدا هەڵگرتبێت، به مانایەکی دیکه دەمەوێت بڵێم دەشێ دووباره پرسی (ئاوێنه/رۆح) بەرجەسته بکاتەوە، هەر لەوێشەوە (من/خود)ی شاعیر لەنێو بریق و باق و موبەقه پەرداخەکەدا دووچاری وڕێنەو مەستبوون دەبێت، بەڵام دواجار کۆی ئەو دەلالەتانه به رستەی پرسی (گەر دانەباریێ چ دەکەین) له رستەی (ئەی سپیپاترین سپییەکانی بەفری هەمیشەیی) نزیکمان دەکاتەوە و لەوێشەوە دووباره له (جەسته/برین)مان دەپێچێتەوە.

کەواته نالۆژیکیەتی دەستپێك لەرێگەی جوانگووتنی (رووناکییه بریندارەکه) به جەستەی دەقدا دەڕوات و لەرێگەی چیگووتنی (پلم نوقمی شیلەی بەهێ) گەمەکانی بوون و نەبوون هەڵدەنێت، بەڵام له ململانێی گەمەکانی مەرگ و ژیان جارێك بەهێی مەرگ و جارێك سێوی ژیان سەردەکەوێت. ئەگەر سەرکەوتنی بەهێی مەرگ به (فەنەرێك له بەفر)ی دەستپێك بلکێت، ئەوە سەرکەوتنی سێوی ژیان له دەرئەنجامی هەڵدانی نەردەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەدیوەکەی دیکەش لەنێوان مەرگ و ژیاندا سەبەته نەردێك نەخشی جیاوازییەکان دەکێشێت، ئەوەش راستەوخۆ به دڵەڕاوکێ و گومانی (من/خود)ی شاعیرەوە بەندەو له جێگیرنەبوونەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە.

**ئەی ئاگرینترین خەفەت**
**خەریکه کات بەسەر دەچێ و منی هەمیشه ئاوێنەش**
**دەستێکم له لوتکەی سێووو**
**پلم نوقمی شیلەی بەهێ**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

دواجار لە ململانێی مەرگ و ژیانی نێو ئەو قەسیدەیە (من/خود)ی شاعیر دوا وێستگە بە مەرگەوە دەلکێنێت، بەهێی مەرگ لە چیگووتنی (پلم نوقمی شیلەی بەهێ) بەسەر تەواوی دەلالەتەکانەوە زاڵدەکات، بەو مانایەش گومانی ئەنتۆلۆژیانەی (گەر دانەبارێ چ دەکەین) پرسیارێکە جوانییەکەی لەوەدایە، هەوڵدەدات هاوکێشەی وجودو ناوجود لە فەنابوونی جەستەدا جێگیر بکات، جێگیرنەبوون و شیعرییەتیش بەرەو (ئاوێنە/رۆح) بکاتەوە، بڕوانە:

**شۆخێ لەبەردەم رووناکییە بریندارەکەدا**
**تۆقە خواوەنداوییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە**

## "یەشمەکانی چۆمسکی"

لە کۆی ئەو قەسیدەیەدا دەتوانین بڵێین هەموو دەرکەوتنێکی (من/خود)ی شاعیر لەرووی شیعرییەتەوە هەڵوەشانەوەی ژیان و بەرجەستەکردنی مەرگ دەگەیەنێت، وەك چۆن هەموو دەرکەوتنێکی (ئاوێنە/رۆح) لەبری (من/خود)ی شاعیر لە یەشمی سێکسی و شیعرییەتدا مەستی ژیان دەبێت.

بەڵام ئەگەر (برین/جەستە) ئەو جێگیربوونە بێت کە حەسانەوەی (من/خود)ی شاعیر لەرێگەی (کفن/مەرگ)ەوە وێنە بکات، ئەوە (ئاوێنە/رۆح) ئەو دەرکەوتنە شیعرییەیە کە لەرێگەی چێژی (سێکس/ژیان)ەوە بە وڕێنەو مەستبوونی شاعیر ناوزەدی دەکەین. بەمجۆرە ئاراستە دەلالییەکانی ئەو قەسیدەیە لە خامۆشییەکی مەرگئاسادا خاڵ لەسەر تیپەکان دادەنێت و ئەوەی دواجار لەو خامۆشییە مەرگئامێزەدا بەرجەستەیە گومانی ئەنتۆلۆژی و جوانگووتنی (رووناکییە بریندارەکە)یە کە تەعبیری نێودژو جیاواز دەنوێنێ، جیاوازی جەستە، برین، رۆح.... بە مانایەکی دیکە ئەوەی لەو رێورەسمەی مەرگەدا پڕشنگەکان بۆخۆی دەباتەوە شیعرییەتی زەمەن و جیاوازی رەنگامەیی نەردەکانە.

**فەنەر خامۆش**
**هاوکێشە دژەخییەکانی چۆمسکی خامۆش**
**سەبەتەو گەلەری**
**باووو جووو دە دە دە**
**جوانەکان توورڕ هەڵدەدرێن**
**ئێمەش حیت حیت**
**بە باڵای زراڤی زەمەن پێدەکەنین.**
**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

**تەوەرەی دووەم: رەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر ئاستی ئیقاع**

دەتوانین بەکورتی بڵێین لای (هاشم سەڕاج) لەپشت پرۆسەی نووسینی شیعری و ساتەوەختی نووسین بەومانایەی کە (من/خود)ی شاعیر پێی هەڵدەسێت حاڵەتێکی دەروونی و تاوگیریی ئامادەیی هەیە، ئەو حاڵەتە دەروونییە وەك لە بەشی یەکەم و باسی سێیەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرامان کرد بە حاڵەتی فێلێهاتنی شیعرییەوە ناوزەد کراوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ کۆی قەسیدەکانی (قۆناغی دەرکەوتن) بە چڕی و خێرایی ریتمی تاوگیرەوە پەیوەست بکەین.

**فەنەرێك لە بەفر**
**گەلەرییەك لە سێو**
**سەبەتە نەردێك**
**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

ئەو دەستپێکە وەك ئیقاعی نووسین جۆرێك لە نەرمی دەنوێنێ، ئەو نەرمییەش لە گومانی ئەنتۆلۆژی و چاوەڕوانییەوە هەڵقوڵاوە، بۆیە لەسەر ئاستی دەلالەت بەدیوێك

هەڵگری رووتکردنەوەیەکی نەچەسپاوو نێگەتیفئامێزە، بەڵام بەدیوەکەی دیکە گومانی ئەنتۆلۆژی کۆی دەلالەتەکان لە ناوەوە بە دوالیزمییەت دەسپێرێت و دواجار لەسەر ئاستی ریتم بە رووە ئاشکراکەی لەرێگەی دووبارەکردنەوەی تیپ و وشەو دەستەواژەو لەرەی ئیقاعەوە جارێك بە توندی و جارێکی دیکە بە نەرمی دەردەکەوێتەوە، بەمانایەکی دیکە ئەگەر پەیوەندی (من/خود)ی شاعیر بە جوانگووتنەوە بە مانا مازۆخییەکەی هەڵگری جۆرێك لە نەرمی بێت و لەرێگەی منی شیعرییەوە بە شیعرییەتەوە بلکێت، ئەوە پەیوەندی (من/خود)ی شاعیر بە چیگووتنەوە بە مانا سادییەکەی جۆرێك لە توندوتیژی پێوە دیارەو هەرلەوێشەوە منی شیعری لەناوەوە پابەندی مانا دەبێت. ئەگەر یەکەم خەیاڵ ئاراستەکانی دیاری بکات، ئەوە دووەم پێشبینیکردنی مانا رابەرایەتی دەکات.

وەك گوتمان لە دەستپێکی (یەشمەکانی چۆمسکی) لەرێگەی گومانی ئەنتۆلۆژی و خەیاڵی شیعرییەوە هەست بە جۆرێك لە نەرمی ئیقاع دەکەین، ئەو نەرمییەش بە چاوەڕووانیکردنەوە بەندە و بەردەوام فەزایەکی مازۆخییانە دەنەخشێنێت، لەو فەزا مازۆخییەدا (من/خود)ی شاعیری نائامادەیی خۆی لە وڕێنەو مەستبوونەوە هەڵدەگرێتەوە، بەڵام جێگیرنەبوونی دەرئەنجامەکانی (فەنەرو بەفر) (سێوو گەلەری) (سەبەتەو نەرد) لە جەستەی دەقدا دەکەوێتە بەرامبەر سادییەتی (من/خود)ی شاعیرو لەوێشەوە وەك چۆن لەرووی جوانگووتنەوە بەرەو چیگووتن دەچێت، لەرووی بیرکردنەوە بەرەو شیزۆفرینیای میتافیزکانەمان دەکاتەوە.

**شۆخان تاووسێکی مەلوولەو بیر لە مەرگ ناکاتەوە**
**پەڕ پەڕ لاپەڕەکانی کتێبی هونەری**
**چێشتلێنان هەڵدەداتەوەو بە سووکە سەمایەکەوە**
**گۆرانی پیتە لێواوییەکان دەچڕێ**
**لا لا لە لا لە لا**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

دەستەواژەی (پەڕ پەڕ، لاپەڕە، دەچڕێ) لە رووی خێرایی و بەرزی ئیقاعەوە بەهۆی جەختکردن و دووبارەکردنەوەی تیپی (ڕ) جۆرێك لە هەڵچوونی دەروونی لەخۆدا هەڵگرتووەو لەوێشەوە بەشێك لە بڕوابوونی عەقڵی باتینی بەرجەستە دەکات، هەر لەرێگەی بە ناشتبوونەوەش خەیاڵی شیعری دەکاتەوەو بواری ئازادی و جیاوازی بەرفرەوان دەکات. بەڵام هەندێجار جەختکردن و دووبارەکردنەوەی تیپەکانەوە جۆرێك لە تۆتۆلۆژییەتی چیگووتن زاڵدەکات، بڕوانە نموونەی چیگووتنی (پ) و جوانگووتنی (چ) لەو پارچەیەی خوارەوە:

**بە گوناهکارییەوە پەیڤەکان**
**پاژ پاژ هاوێر دەکەن و**
**چاوە چێژاوییەکانمان مەست دەبن مەست**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

لێرە هەڵچوونی هەر یەك لە وشەی (پەیڤ و پاژ پاژ) (چاو و چێژ) هێزو وزەی خۆیان لە هەڵچوونی دەروونی و نێرگزییەتەوە بەدەست دەهێنن. بەو مانایەش نێرگزییەتی تیپی (پ) ناسنامەی خۆی لە (پەیڤ، پاژ) دا دەدۆزێتەوە نەك لە جوانگووتن و فەزای خەیاڵ، هەر لەوێشەوە کوشتنی مانا جیاوازەکانی لێدەکەوێتەوە. بەڵام تیپی (چ) لە وشەکانی (چاو، چێژ)دا لە بڕوابوونی عەقڵی باتینی بەرجەستە دەبێت، هەر لەوێشەوە لە هەڵچوونێکی ئیقائامێزدا (چاو) بە ئاراستەی (چێژ) هەنگاو دەنێت. بەومانایەش ئاراستەکردنی تیپی (چ) لەرێگەی خەیاڵی شیعری و منی شیعرییەوەیە، بەڵام ئاراستەکردنی تیپی (پ) لەرێگەی پێشبینیکردنی ماناوەیەو بە دەستلێدانی سادییانەی (من/خود)ی شاعیرەوە دەلکێ.

**فەنەر، گوناهە گومانا وییەکان**
**سێو، گەمانە گەمژاوییەکان**
**نەرد، دەروونە درەوشاوەییەکان**
**گوناهاوییەکان، گەمژاوییەکان، نەرداوییەکان**
**سەرلێشێواوییە ئاگراوییەکان دادەگیرسێنن**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

ئەگەر لەو پارچەیەوە تەماشای دەستپێك بکەینەوە دەبینین کۆی چاوەڕوانییەکانی دەستپێك لەسەر ئاستی ریتم پابەندی تاوگیرییەکانی ناوەوە لەلایەك و نێرگزییەتی (من/خود)ی شاعیر لەلایەکی دیکە دەبێت. کەواتە پێناسەکانی هەر سێ رستەکانی (فەنەر- سێو- نەرد) بەر تاوگیری ناوەوە دەکەوێت، بەڵام لەرێگەی تۆتۆلۆژییەتی ریتمی خۆسەپێنەرانەی رستەکانی دوایی کە بە (گوناهاوییەکان، گەمژاوییەکان، نەرداوییەکان) دەستپێدەکات جۆرێك لە نێرگزییەتی (من/خود)ی شاعیر ئاشکرا دەبێت. هەر لەوێشەوە بەرەو بنبەستبوون و داخرانی شیعرییەت دەبینەوە، بەمجۆرە لەو کۆپلەیە جوانگووتنی دەستپێك لەرێگەی تۆتۆلۆژییەتی ئیقاع و نێزگزییەتی چیگووتنەوە بەتاڵدەبێتەوە.

**با بباریێ یەشمی سێکس**
**با یەشمی عەدەم بباریێ**
**خاشخاشی هەستە شێتەکان بە ئاوەژوویی بلەنگێن**
**ئاخر وجودێکی شەکەت و رێگایەکی تارتارۆسی**
**مەترسییەکانی کەفری عەقلێ**
**هەراسانی گیانی کردووین... گەر وانەبێ**
**ئەی کێ بەو سەوزە ماهوتە ئەتلەسیە سەما دەکا**

**"یەشمەکانی چۆمسکی"**

دووباره لێره ئەگەر قسه له چاوەڕووانییەکانی دەستپێك و جیاوازییەکان بکەین، سەرەتا ئاکامی چاوەڕووانی لەسەر ریتمێکی نەرم بەر جوانگووتنی بارینی ریتمی سێکس و عەدەم دەکەوێت و حاڵەتێکی جێگیرنەبوو بەرجەسته دەکات، هەر لەوێشەوە فەزایەك بۆ بەدواداچوونی چێژی خوێندنەوه دەرەخسێنێ. به هەمان شێوەش ئەو فەزایە له رستەی (خاشخاشی هەسته شێتەکان... هەتا دەگاته هەراسانی گیانی کردووین) بەشێوەی ئیقاعێکی هەڵچووتر ونبوون و مەستبوونی (من/خود)ی شاعیر دەکێشێ و خوێنەر تێکەڵ به جوانگووتن و خەیاڵی شیعری دەکاتەوە، بەڵام له دەستەواژەی (گەر وانەبێ) ئیتر ئاراستەکانی چێژ و مەستبوون دادەخات و دەمانخاته بەرامبەر پرسیارێکی ئەنتۆلۆژی که چیگووتن رابەرایەتی دەکات و جێکەوتەی (من/خود)ی شاعیری پێوە دیاره، هەر لەوێشەوە (من/خود)ی شاعیر ئامادەگی هوشیارانەی خۆی دووباره بەرجەسته دەکاتەوە.

دواجار دەتوانین بڵێین دەستپێکی ئەو قەسیدەیه وەك دەلالەت لەنێوان بەهێی مەرگ و سێوی ژیان.. گەمەی سێکس/زەمەن.. شاعیر بەرەو مەرگ و شیعر بەرەو ژیان رابەرایەتی دەکات. وەك چۆن لەسەر ئاستی ریتم و هەڵچوونی ناوەوە، نەرمی و توندی ئیقاع له بەرژەوەندی هەمان دەلالەتەوە هەنگاو دەنێت، نەرمی ئیقاع لەرێگەی جوانگووتن و بەناشتبوونەوه بەرەو ئازادی و جیاوازییەکانمان دەکاتەوە، بەڵام توندوتیژی ئیقاع لەرێگەی تۆتۆلۆژییەت و زاڵبوونی چیگووتنەوه بەشتبوونەوه دەلکێ و دەرگاکانی چاوەڕووانی دادەخات.

بەمجۆره چاوەڕووانییەکانی دەستپێك، خامۆشبوونەکانی کۆتایی هێڵەکانی دیاری دەکات و زەمەن جوڵەکانی ئاشکرا دەکات. کەواته (من/خود)ی شاعیر له یەشمەکانی چۆمسکی بەردەوام هەوڵدەدات لەنێوان خامۆشبوونی کۆتایی و جوڵەی دەستپێك، لەنێوان خامۆشبوونی سێکس و جوڵەی زەمەن، لەنێوان بەشتبوونی چیگووتن و به ناشتبوونی جوانگووتن... بڕوابوونی عەقڵی باتینی لەرێگەی

تووندوتیژی ئیقاع و چیگووتنەوە پەردەپۆش دەکات، بەدیوەکەی دیکەش منی شیعریی جیاوازەکانی دەستپێك لەرێگەی نەرمی ئیقاع و جوانگووتنەوە بە ژیان دەکاتەوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئیشکالییەتی کۆتایی لەو قەسیدەیەدا هەمان نالۆژیکیەتی دەستپێك دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە، سەرکەوتنی ئەو قەسیدەیەش بە جەختکردن و درێژکردنەوەی جەدەلییەتی منی شیعریی و خودی شاعیر، چیگووتن و جوانگووتنەوە دەلکێ.

# دەرئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شیعر گەمەیەکی دیالۆگئامێزی نێوان رەگەزە دیارو نادیارەکانی ئەزموونو تاوگێرییە، واتە وەك چۆن دەرکەوتەی فیکریو مەعریفی دەنوێنێت، بە دیوەکەی دیکەش هەڵگری شیعرییەتو فەزای شیعریشە، کۆی ئەو پەیوەندییانەشم بە زمانەوە بەند کردووە، هەر لەوێشەوە دوو جۆر لە زمانم جیا کردۆتەوە، یەکێکیان پەیوەندی بە گوزارەکردنەوە هەیە، ئەویدیکە هەڵچوون دەوروژێنێت، لەسەر ئەو بنەمایە ئەزموونو تایبەتمەندی (هاشم سەڕاج)م لە دوو قۆناغدا پۆلێن کردووە: یەکەمیان قۆناغی دروستبوونە، قۆناغی دووەمیان قۆناغی دەرکەوتنە، هەروەها قۆناغی دروستبوون وەك تەعبیرکردنی زمان دەکرێتە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا زمان لە وەسفکردنو گوزارە کورت دەکرێتەوە، لە بەشی دووەمدا پرۆسیسەی تەمومژی دەکات، وەسفکردنو گوزارەکردنم خستۆتە پاڵ زمانی باو، زمانێك کە ملکەچی دەسەڵاتەو هەموو وزەی خۆی لە پیادەکردنی سیستەمی باودا دەخاتە روو، وەك چۆن تەمومژیم بە نکۆڵیکەری زمانی باو داناوەو وەك ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات وەسفم کردووە، دواجار ئەو دوو جۆرە لە زمان لە قۆناغی دەرکەوتنی شیعرییدا گەشە دەکەنو بەرەوپێشەوە دەچن: وەسف لە مەجازدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، تەمومژی لە پرۆسەی تاوگێریدا رەنگە جۆراوجۆرەکانی خۆی دەخاتە روو، هەر لە میانی ئەو بەرەوپێشچوونەدا پرۆسەی نووسینی شیعریم لای شاعیر بە هەر دوو چەمکی (من/خود)و (من/خود) بەند کردووە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە (من/خود) گوتاری شیعری دەخاتەوەو (من/خود) گوتاری کلینیکی بەرهەم دێنێت، یەکەمیانم بە ئەزموونی شیعری بەند کردووە، دووەمیانم لە دڵەڕاوکێی شیعریدا

ڕاست کردۆتەوە، لە کۆی پەیوەندی دیالۆگئامێزی ئەزموونی شیعریو دڵەڕاوکێی شیعری چەمکی جریوەو ڕەشبردنەوەم وەبەر هێناوە، هەموو ئەوانەشم لە دوو هێلکارییدا ڕوونکردۆتەوە، هەروەها دیالۆگی ڕەگەزەکانی ئەو دوو چەمکەشم لە دووتوێی میکانیزمی (خەیاڵو پێشبینی)و (یاری زمانەوانیو مەستکردنی وشە) بەرجەستە کردووە، وەك چۆن تەواوی دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەم لەرێگەی (ئاگایی/تاوگیری) و (گێڕانەوە/جوانکاری) بە (گومان/بێ مانایی)و (مانا/بێ هوودەیی) بەستۆتەوە.

لە لایەکی دیکە هەر لە میانی دیالۆگی جولەئامێزی ئەزموونو دڵەڕاوکێوە هەوڵمداوە ئاماژە بە گەمەی نەئەمیانو نەئەوییانی شاعیر بکەم، هەر لەو خاڵەشەوە قسەکانم لە زمانی تەمومژی قۆناغی درووستبوون کە وەك نکۆڵیکەری دەسەڵات خۆی دەنوێنێ بەرەو قۆناغی دەرکەوتنی شیعری دەچێت کە لەوێ نەك هەر دژ بە دەسەڵات ناکەوێتەوە، بەڵکو لەرێگەی نکۆڵیکردنی چەپان لە لایەكو لەرێگەی نواندی کردەی تۆتۆلۆژیانە لە لایەکی دیکە تەماهی دەسەڵات دەبێتو هێزی دەسەڵات پیادە دەکات، وەك چۆن لەرێگەی ئیقاع و هەڵوەشانەوەی وشەو ڕستەکانەوە دەکەوێتە پەرگیریو جۆرێك لە سادییەت پراکتیزە دەکات، لەسەر ئەو بنەمایە فەزای شیعری دووچاری جۆرێك لە شپرزەییو شێوان دەکاتەوە.

بە دیوەکەی دیکە هەوڵمداوە نکۆڵیکردنی چەپاندنو نواندنی تۆتۆلۆژیانەو زاڵکردنی ئیقاع و جەختکردن لە تیپو وشە بە نێرگزییەتو گەڕان بە دوای ناسنامەی ونبوودا بەند بکەم، لەوێشەوە ئاماژەم بەوە داوە کە فەزای شیعریو شیعرییەت بە ناشتەوە پەیوەستە نەك نێرگزییەتو گەڕان بە دوای ناسنامەدا، ئەگەر ئەوە بەشێك بێت لە ڕەخنەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوە بە ڕووەکەی دیکە بەشێکیشە لە تایبەتمەندییەکانی شاعیر، واتە هەر لەوێوە هەوڵمداوە بیسەلمێنم کە تایبەتمەندی شاعیر بەشێکی پەیوەندی بە تاوگیریو میکانیزمی تاوگیرییەوە هەیە، بەشێکی پەیوەندی بە ئەزموونو عەقڵی باتینییەوە دەکات، یەکەمیانم بە

مەستکردنی وشەو یاری زمانەوانیدا بەند کردووە، دووەمیانم لە بەبیر هێنانەوەو پرۆسیسەکردنی عەقڵی باتینیەوە هەڵگرتۆتەوە، هەر لەوێشەوە واتە لە پرۆسیسەکردنی عەقڵی باتینی چەمکی شیزۆفرینای میتافیزیکیم بە بیر خوێنەر هێناوەتەوە.

دواجار لە کۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمداوە پرۆسەی نووسین لە پرۆسەی خوێندنەوە نزیك بکەمەوە بەوەی کە هەردووکیان کردەی دووەم بە ئەنجام دەگەیەنن، لەوێشەوە دنیای خوێنەرو دنیای نووسەرم لەرێگەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە بەرز کردۆتەوە، وەك چۆن لە کۆی جیاوازی، گونجان‌و نەگونجانی رەگەزەکانی ئەزموونی شیعری‌و دڵەڕاوکێی شیعری چەمکی نێودژیم وەك یەکەیەکی جێبەجێ نەکراوی نێو واقیع بەرجەستە کردووە.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

* - نصر حامد ابوزید، اشکالیات القراءة و الیات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005، ل

* - بۆ نموونە (ئەفلاتوون) دەنگ وەك وێنەیەكی بنەڕەتی و بەرایی سەیر دەكات، ئەو سەیركردنە لەوێوەیە كە مەبەست و بیركردنەوەی قسەكەر بە شێوەیەكی ئامادە لە كاتی ئاخافتندا دەگەیەنێت. هەروەها (ڕۆسۆ) نووسین بە پاشبەندی ئاخافتن دادەنێت، یەكەمیان پێیوایە نووسین دەرچوونە لە سیستەمی دایكایەتی و دووەمیان بە دەرچوون لە سیستەمی باوكایەتی حیسابی دەكات، بەڵام (دریدا) نووسین بە كردارێك دادەنێت كە بە دژی دەنگ دەكەوێتەوە نەك هەر ئەوەندە بەڵكو نائامادەیی دەنگیشی لەخۆدا هەڵگرتووە..

* - ابوزید، نصر، اللغة/الوجود/القرآن: دراسة في الفكر الصوفي، مجلة الكرمل، عدد، 62، لسنه،1999، ل 156-157

* -رولان بارت، هسهسة اللغة، ترجمة، منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري-حلب، ط 1 1999، ص 176-177 .

* - نصر حامد ابوزید، اشکالیات القراءة و الیات التأويل، ه.س.ث. ل

* -بۆ نموونە (شەو) دەستەواژەیەكە دەلالەت لە ناوی خودی شەو دەكات، واتە ئەو ماوەیەی كە دەكەوێتە نێوان ونبوونی خۆر تا دەركەوتنی، بەڵام (ئیبن عەرەبی) ئەو ناوە لە خودی شەو دەكاتەوە دەیكاتە ناو بۆ سیفەتی شەو، بەمجۆرە ئیبن عەرەبی ناوی خود دەگۆڕێت بۆ سیفەتی تایبەتی ئەو خودە، بەو مانایەش شەو ئەگەرچی دەلالەت لە كاتێكی دیاریكراو دەكات، بەڵام ئیبن عەرەبی وەك سیفەتی نادیاری و نهێنی بەكاری دێنێت، ئەو گۆڕانكارییە لە ناو لە دەلالەتی خودەوە بۆ دەلالەت لە حەقیقەتێك كە

ناونراو پێی هەڵدەسێت ناچێتە نێو دنیای ڕەمزو ئاماژەوە وەك توێژەرانی ئیبن عەرەبی تێیگەیشتوون، چونکە ئیبن عەرەبی دنیای ڕەمز نابینێت، بەڵکو دنیای وەسف دەبینێت، بەو مانایەش ناو دەلالەت لە ناونراو ناکات بەڵکو دەلالەت لەو سیفەتە تایبەتییە دەکات کە ناونراو هەیەتی، دەشێ ئەو سیفەتە پایە بێت، یان پەیوەندی......بڕوانە: الحكيم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت-الحمراء، ط 1، 1991، ل 74 .

* - الحكيم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، ل 75 .

*- ئاستی نادیاری خەیاڵی لەسەر داهێنان ڕاست دەبێتەوە بەو مانایەی کە بەشێك لە داهێنان ڕاستەوخۆ بە خەیاڵەوە دەلکێت، بە دیوەکەی دیکەش بەشێکی لەرێگەی هەڵکۆڵینی زمانەوە دێتە بەرهەم، یەکەمیان بە داهێنراوێکەوە بەندە کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، دووەمیان لەوێوە دێت کە مانای نوێ بە زاراوەی کۆن دەبەخشرێت، یان مانای تایبەت بە زاراوەی گشتی .. بەڵام تەقینەوەی زمان لای ئەدۆنیس واتە دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو وشە وشەو شتەکان، هەروەها وشەو خوێنەر. تەقینەوەی زمان واتە نەخشەکێشان لەلایەك و دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەلایەکی دیکەوە..

* - زاراوەی (الانا) لە زمانی عەرەبی لە وشەی (Lememe)ی فەرەنسی و ( Ego)ی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگیراوە، وشەی (Ego)ی تەعبیر لە وشەی (ژات) دەکات، واتە ئەو کەسەی کە قسە دەکات، هەر لەوێشەوە کۆمەڵێك زاراوەی دیکەی وەك (Egocentrisme) کە بە عەرەبی بە (التمركز حول الذات) دێت، هەروەها ( Egoisme) کە بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی عەرەبی بە (الانانية) دێـت بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە گومان لە کۆی ئەو بوونەوەرانە دەکات کە دەکەونە دەرەوەی (الانا)ەوە....بە کورتی دەمەوێـت بڵێم لە بەر ئەوەی ئێمە زێتر سوودمان لە زمانی عەرەبی بینیووە بۆیە ئەو تێکەڵ کردنانە لای ئێمەی کوردیش لە نێوان ماناکانی (من) و (من/خود) ڕوویانداوە، هەڵبەتە بەشێکی زۆری ئەو گرفتە لەوێوەیە کە کۆی زاراوەو

چەمکەکان لە رۆشنبیریی عەرەبی و کوردی هیچ بنەمایەکیان نییەو ئێمە لە زمانانی دیکەمان وەرگرتووە...

* - ادونیس، زمن الشعر بیروت،ط 1972،1، ل 59 .

* - فرۆید (من-Ego) بە ئامرازی جێبەجێکردن لە کەسێتیدا وەسف دەکات، لە ئەرکەکانی ئەو (من)ە ئەوەیە کە دەبێت ئارەزووەکانی (ئەو-Id) تێر بکات و مامەڵە لەگەڵ واقیعی دەرەوە بکات و هەوڵبدات بگاتە پێوانەکان (واتە بەها)ی باڵا کە لە (منی باڵا-(Super Ego) دەردەچێت، لە هەموو ئەوانەشدا پەنا بۆ میکانیزمی بەرگریکردن دەبات. بڕوانە: گۆڤاری- الانسان و التطور، العدد،28، لسنة 1986، علم النفس الانا-دراسة، د.رفعت محفوظ.

* - (منی ئیبداعی) لە لایەن (ڤان هۆل ولیندزی-1978) لەرێگەی ئەو لۆژیکەوە ناونراوە، بڕوانە: هـ.س.پ.

* - د.ادهم سامي، العدمية النهلستية، بحث في انطولوجيا الخير و الشر و الجمال، دار الانوار-بيروت،ط 2003، ل 17 .

* - بەیاد هێنانەوە دەیەوێت دەق لە شوێن خۆی پێبکوتێت، هەروەك منی سادی، نێرگزی، مازۆخی... سادییەت دەق دەکوژێت و رۆشنبیریی لەنێو دەبات و هیچ رێزێك بۆ تایبەتمەندییەکان ناهێڵێتەوە، زۆر لە شاعیران لەرێگەی قەسیدە نەتەوایەتی و سیاسیەکانیەوە پرۆسیسەی سادییەتی نەخۆش دەکەن، سادییەت کەبتی سێکسی لەرێگەی سادیەتی دەمامکدارەوە نیشان دەدات. هەروەها نێرگزییەت بە دوای ناسنامەی رۆشنبیری ونبوودا دەگەڕێت... بە گشتی دەبێت دەق لە بە شتبوون رزگار بێت، بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ادهم سامي، العدمية النهلستية، بحث في انطولوجيا الخير و الشر و الجمال، دار الانوار-بيروت،ط 2003، ل 25 .

* - نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005، ل 25

* - هـ.س.پ. ل 21 .

* - هـ.س.پ. ل 25 .
* - موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج) ل 88
* - هـ.س.پ. ل 76
* - هـ.س.پ. ل 84 .
* - هـ.س.پ. ل 84-88-104 .
* - نصر حامد ابوزید، اشکالیات القراءة و الیات التأویل، ه.س.ث، ل 33 .
* - عبداللة، ابراهیم،و سعید الغانمی و عواد علي، معرفة الاخر (مدخل الی المناهج النقدیة الحدیثة)، المرکز الثقافي العربي/بیروت،ط 1، 1990،ل 132 .
* - ه،س،پ،ل 138-139 .
* - سەراج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بلاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005 .
* - ه،س،پ. ل 100 .
* - ه،س،پ.ل 56 .
* - ه،س،پ.ل 16 .
* - ادونیس، الثابت و المتحول-بحث في الاتباع و الابداع عند العرب، بیروت-1974، ل،107 .
* - دریدا،ج، الکتابة و الاختلاف ل 27 .
* - ئێمە زۆرترین هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین کە حاڵەتی شیعری لە گوتاری کلینیکی دریداییەوە نزیك بکەینەوە، بەو مانایەش لە حاڵەتی شیعریی یان گوتاری کلینیکی دریدا پێیوایە ئەوە شێتی دانەرە قسە دەکات، بەلام لە گوتاری ئەدەبی ئەوە دەقە کە قسە دەکات، لێرەوە پرسیاری ئێمە لە جاڵەتی شیعری بە جێکەوتەو لە گوتاری ئەدەبی بە جوانگووتنەوە بەند دەبێتو شوێنی پەیامی نووسەری دەگرێتەوە، بەو مانایە جوانگووتن دەبێتە پەیامی نووسەر.

* - هەڵبەتە وەك دەردەکەوێت (حاڵەتی لە ناکاو) تەعبیرکردنی تاوگیریو هەڵچوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، تاوگیریو هەڵچوون دوو تەعبیرن بۆ حاڵەتی دەروونی، بەڵام دەمەوێت بە کورتی لەو نووسنەدا هەڵچوون بە حاڵەتی رووکەشو کەفوکوڵی گەنجانەو تاوگیری بە حاڵەتی قووڵو دەمارگیریو ئەزموونەوە پەیوەست بکەم.

* - ئەزموونی شیعری جگە لە چەپێنراوی غەریزی کۆی ئەو هوشیاریو ئاگاییە رۆشنبیرییە دەگرێتەوە کە لە هەستو نەستی منی شاعیردا ئەمبار کراوە.

* - خەیاڵ چەمکێکە لە پێکهاتەی زەین بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە کتێبی (العدمية النهلستية) د.سامی ادهم، دار الانوار-بيروت،ط 1، 2003، ل 56-59 .

* - ابو ديب، ك، جدلية الخفاء و التجلي، دراسات بنيوية في الشعر، بيروت، ط 1، 1979، ل 262. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:في الشعرية، بيروت-لبنان، ط 1، ل 1 . لەوێدا دەڵێت: بۆشایی: ماوەی گرژبوون لە ناوکۆییەك رادەبێتەوە کە کۆمەڵێك پەیوەندی لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیوەندییانەش دوو رەهەندی جیاوازییان هەیە، یەکەم: کۆمەڵێك پەیوەندی سرووشتی کە لە تایبەتمەندیو کارفرمای ئاسایی پێکهاتەکانی دەق سەرچاوە دەگرێت، هەڵگری خەسڵەتگەلێکی سرووشتی یاووە بە پێی بنەمای زمانەوانی رێکوپێك کار دەکات. دووەم: کۆمەڵێك پەیوەندی تایبەتمەندی نەگونجاوییان بە یەکەوە هەیە، یان ناسرووشتی واتە پەیوەندییەکان بە نەگونجاو خۆیان دەنوێنن، بەڵام خۆیان لە شێوەی گونجاوی ناوکۆییدا دەخەنە روو.

* - سەڕاج، هـ، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 328،128،120 .

* - هـ.س.پ، 227،70،

* - سەڕاج، هاشم، شالیس-شیعر،لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007 .

* - سەڕاج، ه، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005، ل 62،81،100 .
* - دەنگو سێبەر، کۆمەڵێك
وتار، وەرگێڕانی لە
ئا
2002، چاپی یەکەم، ل 199 .
* - ه.س.پ، ل 203،198،205 .
* - شایگان، داریوش، ئاسیا
لە بەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی
لە فارسییەوە:شۆڕش جوانڕۆیی،
مامەند رۆژەـــ چـاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێران سلێمانی 2004،21. رستەی هێل بە ژێردا هێنراوە لە منەوە زیاد کراوە.
* - دالبییر، رولان، طريقة التحليل النفسي و العقيدة الفرويدية، ترجمة، د. حافظ الجمالي، بغداد، ط 2، 1984،ل،374 .
* - خەیاڵو یادەوەری یەك شتن، لە ناولێناندا جیاوازن لە بەر کۆمەڵێك ئەرزشی جیاواز،. پرۆسەی دروستبوونی خەیاڵ دەکەوێتە سەر سەروژێر کردنی وێنە عەمبارکراوەکانی نێو یادگە. بڕوانە: ر.ل. بريت، التصور و الخيال، ترجمة (عن الانگليزيه) د.عبدالواحد لوءلوءة، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979.ل 18 .
* - کاروانی ئەندێشە (دەستنووس) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەلیل عەباسی.
* - د ادهم،.سامی، العدمية النهلستية، دار الانوار-بيروت،ط 1، 2003، ل 25 .

* - سەڕاج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، ل 147،123،120،82،73،69 .

* - مجاهد، م، علم الجمال في الفلسفة العاصرة، بيروت، ط 3، 1986،ل 44،45 .

* -بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە :ھ.س.پ. ل 49،48،47،46،45 .

* - ھ.س.پ. ل 48،47،46 .

* -: محمد خرماش، النص الادبي و اشكالية القراءة و التاءويل، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

* - المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

* - هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقي، ترجمة: رشيد بنحدو،القاهرة،2004،ط 1ـ ل 104، 112 .

* * - کاروانی ئەندێشە (دەستنووس) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەلیل عەباسی.

* - تودوروف، تزيتان، الشعرية، ترجمة:شكري النحوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر،1987، ل 31 .

* - دەشێ بۆ ئەو بیرکردنەوەیە ئاماژە بە (نیچە) بدەین کە پێیوایە شیعر لە بنەمایەکی ئایینیەوە دروست دەبێت. بڕوانە: ابو ديب، كمال، فى الشعريه، ھ.س.پ. ل 15 .

* - رۆلان بارت ئەدەب لە دوو وەسفدا کورت دەکاتەوە کارو سیستەم، سیستەم کۆی بەکار هێنانو پرۆسیسەکردنەکان بەشداری تێدا دەکات کە رۆڵی شتە نووسراوەکە لە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان رێك دەخات، بەڵامئەدەب بەو وەسفەی کە کارە لە جەوهەردا پێکهاتووە لە پەیامێکی گفتارئامێز، نووسراو، کە نموونەی دیاریکراوی

هەیە. بڕوانە: بارت، هسهسة اللغة، ترجمة: منذر عیاشي،مركز انماء الحضاري-حلب،ط 1، 1999. ل 165 .

* - عیاشي، منذر، الكتابة الثانیة و فاتحة التعة، المركز الثقافي العربي، ط 1، 1998.ل 12 .

* - لای (ڕۆسۆ) نووسین پاشبەندی ئاخاوتنە، دریدا پێیوایە ئەو چەمکە دوو مانا هەڵدەگرێت، چونکە پاشبەندکردن لە رووکوشدا ئەوەیە شتێکی ناپێویست بخرێتە سەر شتێکی کامڵ، لە هەمان کاتدا ئەو خستنە سەرە بۆ تەواوکردنی ئەوەیە کە پێمانوایە کامڵە، بە هەردوو ماناکەش پاشبەنکردن دەبێتە ڕەگەزێکی دەرەکیو نامۆ، دریدا ئەو فیکەیە بەکار دەهێنێ بۆ هەڵوەشانەوەی پرەنسیبی سەرخستنو پێشخستنی ئاخاوتن بە سەر نووسینو مەدلول بە سەر دالدا وەك لە فیکری میتافیزیکی خۆرئاوادا هاتووە. ئەگەر نووسین دەکرێتە پاشبەند لە بەر ئەوەیە کە نووسین ئەو حەقیقەتانە هەڵدەگرێت کە خودی نووسین جیا دەکەنەوە. دریدا پێیوایە نووسین بە یەك مەرج دەبێتە شتێکی لاوەکیو داتاشراو ئەویش ئەوەیە کە زمانی سرووشتیو ئەسڵی (زمانی یەکەم) هێشتا دروست نەبووبێو نووسین بەری نەکەوتبێو پیسی نەکردبێ، واتە ئەو زمانە، خودی نووسینەو یەکەمین نووسینیشە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: دەنگو سێبەر، ه.س.پ. ل 199،200 .

* -جیل دولوز چێژ، یان سێکسکردن بە فێ ناو دەباتو دەڵێت بە یەکگەیشتنی سێکسی فێیەکی سووکە، بێگومان ئەو دەستەواژەیەش لە ئەبۆکراتەوە دەخوازێ. بڕوانە: میشل فوكو، استعمال اللذات، تاریخ الجنسانیة، ترجمة: جورج ابي صالح، مراجعة: مطاع صفدي، لبنان-بیروت، 1991، ل 90 .

* - ه.س.پ، ل 90 .

* - دریدا،ج، الكتابة و الاختلاف،ه.س.ث. ل 27

* - بڕوانە بیروڕای فرۆید لە بارەی پرۆسەی داهێنانەوە- دالبییر، رولان، طريقة التحليل النفسي و العقيدة الفرويدية، ترجمة، د. حافظ الجمالي، بغداد، ط 2، 1984،ل،374 .

* - بڕوانە: بەندی یەکەم، باسی دووەم، قۆناغی دەرکەوتن لەو لێکۆڵینەوەیەدا.

* -فرۆید (من-Ego) بە ئامرازی جێبەجێکردن لە کەسێتیدا وەسف دەکات، لە ئەرکەکانی ئەو (من)ە ئەوەیە کە دەبێت ئارەزووەکانی (ئەو-Id) تێر بکات و مامەڵە لەگەڵ واقیعی دەرەوە بکات و هەوڵبدات بگاتە پێوانەکان (واتە بەها)ی باڵا کە لە (منی باڵا-(Super Ego) دەردەچێت، لە هەموو ئەوانەشدا پەنا بۆ میکانیزمی بەرگریکردن دەبات. بڕوانە: گۆڤاری- الانسان و التگور، العدد،28، لسنه 1986، علم النفس الانا-دراسه، د. رفعت محفوظ. بۆ زێتر شارەزایی لەو مەسەلەیە دەکرێت بۆ وتاری **زمان/بوون/شیعر، هەڵوەشانەوەی دوالیزمیەتی خودو ئەزموون بگەڕێیتەوە.. هەڵبەتە لەوێدا** گوتوومە زاراوەی (الانا-من) لە زمانی عەرەبی لە وشەی (Lememe)ی فەرەنسی و (Ego)ی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگیراوە، وشەی (Ego)ی تەعبیر لە وشەی (ذات) دەکات، واتە ئەو کەسەی کە قسە دەکات، هەر لەوێشەوە کۆمەڵێك زاراوەی دیکەی وەك (Egocentrisme) کە بە عەرەبی بە (التمركز حول الذات) دێت، هەروەها (Egoisme) کە بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی عەرەبی بە (الانانية) دێـت بەڵام لە رووی فەلسەفییەوە گومان لە کۆی ئەو بوونەوەرانە دەکات کە دەکەونە دەرەوەی (الانا)ەوە........**لەو نووسینەی بەردەستتان هەوڵدەدەم (من)بەو مانایە لێکبدەمەوە کە لەرێگەی زەمەنی ئاسۆییەوە ئەزموونی تایبەت بەخۆی هێناوەتە ئاراوە هەر لەرێگەی ئەو ئەزموونەشەوە "جێگیربوونی منی شیعری" لای هاشم سەڕاج دەخەینە بەر راڤەکردن و بەدواداچوون...وەك چۆن هەر لەوێشەوە رایەڵێك لەنێوان و ئەزموون و دەروون درووست دەکەین.**

* - عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، بوون/کات/گێڕانەوە، فەلسەفەی تەئویل لای پۆل ریکۆر، بڕوانە گۆڤاری "مێرگ" ژمارە(37) ساڵی 2008، ل 56 .

* - هاشم سەڕاج، گۆڕستانی ئەپیکۆرس، شیعر، وەزارەتی رۆشنبیریی- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە (21) چ 1، 2000، ل 161، تەواوی ئەو قەسیدەی (یەشمەکانی چۆمسکی) هەر لەو سەرچاوەیەوەرگیراوە.

* - ياسين النصير، الاستهلال فن البدايات في النص الادبي، بغداد، ط 1 1993، ل 22 .

* - بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: بەندی یەکەم، باسی دووەم، قۆناغی دەرکەوتن لەو لێکۆڵینەوەیەدا.

* - بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: هـ.س.پ.

*   *

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

### * کتێبە کوردییەکان:


1- موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست، و:مەنسووری تەیفوری چاپخانەی رەنج، چ 1، 2007، بنوارە وتاری (شیعرو ئەزموونی رەنج)

2- سەڕاج، هاشم، کۆ شیعری زینانی رۆح، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە 369، چاپی یەکەم، هەولێر 2005 .

3- سەڕاج،هاشم، شالیس-شیعر،لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007 .

4- دەنگ و سێبەر، کۆمەڵێك وتار، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ... ئا

2002، چاپی یەکەم.

5- شایگان، داریوش، ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە:شۆڕش جوانڕۆیی، مامەند رۆژە، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێران سلێمانی 21،2004 .

6- هاشم سەڕاج، گۆڕستانی ئەپیکۆرس، شیعر، وەزارەتی رۆشنبیریی- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە (21) چ 1، 2000


### * کتێبە عەرەبیەکان:

1- نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط 7، 2005 .

2- رولان بارت، هسهسة اللغة، ترجمة، منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري- حلب، ط 1 1999 .

3- الحكيم، سعاد، ابن العربي، مولود لغة جديدة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت-الحمراء، ط 1، 1991 .

4- ادونيس، زمن الشعر بيروت، ط 1972، 1 .

5- د.ادهم سامي، العدمية النهلستية، بحث في انطولوجيا الخير و الشر و الجمال، دار الانوار- بيروت، ط 2003 .

6- عبداللة، ابراهيم، وسعيد الغانمى و عواد علي، معرفة الاخر (مدخل الى المناهج النقدبة الحديثة)، المركز الثقافي العربي/بيروت، ط 1، 1990،ل 132 .

7- ادونيس، الثابت والمتحول- بحث في الاتباع و الابداع عند العرب، بيروت- 1974 .

8- دريدا،ج، الكتابة و الاختلاف.

9- مجاهد،م، علم الجمال في الفلسفة العاصرة، بيروت، ط 3، 1986 .

10- تودوروف، تزيتان، الشعرية، ترجمة:شكري النحوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر،1987 .

11- دالبيير، رولان، طريقة التحليل النفسي و العقيدة الفرويدية، ترجمة، د. حافظ الجمالي، بغداد، ط 2، 1984 .

12- عياشي، منذر، الكتابة الثانية و فاتحة التعة، المركز الثقافي العربي، ط 1، 1998 .

13- ميشل فوكو، استعمال اللذات، تاريخ الجنسانية، ترجمة: جورج ابي صالح، مراجعة: مطاع صفدي، لبنان-بيروت، 1991 .

14- هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقي، ترجمة: رشيد بنحدو،القاهرة،2004،ط 1.
15- ابو ديب، ك، جدلية الخفاء و التجلي، دراسات بنيوية في الشعر، بيروت، ط 1، 1979 .

*** گۆڤاره کوردییه‌کان:**

1- عه‌بدولموته‌ڵیب عه‌بدوڵڵا، بوون/کات/ گێڕانه‌وه، فه‌لسه‌فه‌ی ته‌ئویل لای پۆل ریکۆر، بڕوانه گۆڤاری "مێرگ" ژماره(37) ساڵی 2008، ل 56 .

*** گۆڤاره عه‌ره‌بییه‌کان:**

1- مجلة: الانسان و التطور، العدد،28، لسنة 1986، علم النفس الانا-دراسة، د.رفعت محفوظ.
2- محمد خرماش، النص الادبي و اشكالية القراءة و التاءويل، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 67،2005 .
3- المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فكر والنقد المغربي- العدد 67،2005 .

**ده‌ستنووسه‌کان:**

1- کاروانی ئه‌ندێشه (ده‌ستنووس) وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه: جه‌لیل عه‌باسی.

## هاشم سەڕاج



له ساڵی (1954) له گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووه، کۆلیژی (کارگێری و ئابووری، بەشی ئابووری) له زانکۆی (بەغداد) لەساڵی 1979/1980) تەواو کردووه،

له بەرهەمه شیعرییه چاپکراوەکانی:

* دووکەڵ، قەسیدەیەکی درێژ، هەولێر 1982 .

* لاله بەدەستان، شیعر، هەولێر چ 1، 2001، چاپخانەی "پاك".

* گۆڕستانی ئەپیکۆرس، شیعر، وەزارەتی ڕۆشنبیریی-بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوه، زنجیره (21) چ 1، 2000

* سروودەکانی عیشق، شیعر، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی بەدرخان، چ 1، هەولێر

* کۆ شیعری زینانی ڕۆح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ 1، هەولێر/ 2005

* شالیس، شیعر، له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007 .



عەبدولموتەلیب عەبدوللا لە 7/11/1962 لە گەڕەکی (جمهوری) شاری هەولێر لەدایك بووە، لە تەمەنی دوو ساڵیدا بۆ چەند مانگێك ماڵیان چۆتە حەساری (عزالدین ئاغا) کە دەکەوێتە نزیك باخچەی گلکەند پاشان هەر لە نزیك حەسار چوونەتە خانوویەك کە پشتی بەو قەبرستانەوەیە کە دەکەوێتە بەرامبەر ئاشی (ئەحمەد چەلەبی)یەوەیە، ئینجا لە تەمەنی شەش ساڵیدا ماڵەکەیان بۆ گەرەکی (کوران) گواستۆتەوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی (بابەتاهیری هەمەدانی) کە دەکەوتە گەرەکی (ئازادی)یەوە قوناغی سەرەتایی لەو قوتابخانە تەواو کردووە، هەر لەوێشەوە لەسەر دەستی مامۆستای ئینگلیزی (عەزیز بەرخۆ) دەست بەکاری وێنەکێشان دەکات لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان وەك وێنەکێشێکی دیار دەردەکەوێت. قوناغی ناوەندی لە قوتابخانەی (زانیاری) تەواو کردووەو لە لایەن مامۆستا (مەحمەد خەتاب)ی هونەرمەند کاری وێنەکێشان درێژە پێدەدات لە پێشەنگای قوتابخانەکان بەشداری دەنوێنێت، هەر ئەو کاتیش خولیای خوێندنەوە دەبێت و لە بلاوکراوەکانی سەر دیواری قوتابخانە رۆڵی چالاکانە دەگێڕێت وەك چۆن لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا بە خوێندنەوەی شیعری حەماسی دێتە سەر شانۆ. دواجار پەیمانگەی تەکنیکی بەشی تەندرووستی هەر لە شاری هەولێر لە ساڵی 1986/1987 تەواو دەکات، لە پەیمانگەدا زۆرترین کاتی خۆی تێ خوێندنەوەی ئەدەبی بەسەر دەبات وەك چۆن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی شاری هەولێر بەشدار دەبێت، دوای تەواوبوونی پەیمانگە بڕوانامەی دبلۆم لە بەشی پزیشکی بەدەست دێنێت وەك موقیم بۆ ماوەی ساڵێك دادەمەزرێت، دوای ئەو ساڵە کە ناوی

سەربازی دێت لە گەرمەی جەنگی عیراق و ئێران لەگەڵ چەندان هاوڕێی خۆی لەوانەش هونەرمەند سەردار سنجاوی ناچێتە سەربازی بۆ ماوەی هەشت مانگ بە دواکەوتی سەربازی ژیانێکی پڕ لە خوێندنەوە لەلایەك و سەخت لەرووی ئەمنییەوە لەلایەکی دیکە بەسەر دەبات، دواتر لە کاتی دەرچوونی بڕیاری لێبووردنی (936/937) کە حکومەتی بەعس بۆ پێشمەرگە و دواکەوتووی سەربازی و هەڵاتووەکان دەریدەکات هەر لەگەڵ هونەرمەند سەردار سنجاوی خۆی تەسلیم بە (فرقەی فارووق) دەکات و بۆ ماوەی چوار مانگ ژیانی سەربازی لە کەرکووك و بەغداد و زاخۆ بەسەر دەبات، لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی کوێت لە لایەن (سەدام حوسێن) هەر لە زاخۆ لە سەربازی رادەکات ئینجا لە ماوەیەکی کورتدا راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان دەستپێدەکات ژیانی ئاسایی خۆی لە هەولێر درێژە پێدەدات.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

1- سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995 .

2- بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین-قەسیدە، هەولێر/1996 .

3- ئاگایی زمان زمانی ئاگایی-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/1999 .

-4 ێردرلسآ ســێدەقی شانۆیی وەرگ عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/1999 .

5- تەنیا ئاو تەنیا باران-کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/2001 .

6.-پەیبردنــــ بەـ ژیانــ ,پەـیبردن بەشیعر بوون-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/ 2001 .

7-- شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس-وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002

8- مرۆڤ لە روانگەی فرۆید-وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2002 .

-0 ێنەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆڵ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2004 .

10- شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرگوڕە، لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر/2004 .

11- ئەدۆنیس- دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005 .

12- ثۆق پەـراوێ خوێندن
خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005 .

13-دريد-رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005 .

14- نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو،
کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2006

15–ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008 .